# کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک

لە بڵاوکراوەکانی کۆنگرەی گەل

نووسین: ماهر ئاتەکان
وەرگێران: لوقمان عبدوڵڵا
چاپ: چاپخانەی ئازادی
تیراژ: 1000 دانە
بەرواری چاپ : ئابی 2008

پێشەکی

کۆنفیدراڵیزم وەک زاراوە
مێژوو و راستینەی کۆنفیدرالیزم سەبارەت بەکۆمەڵگاو بونیادەکانی
کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک :
لەپێناوجیهانبینی(پارادیگما)
1- تێپەڕاندنی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا :
ب/ ژینگە(سروشت)پارێزی کۆمەڵگا:
ج/ دیموکراسی(کۆمیناڵ) کۆمەڵکاری
1/ پێشکەوتنی دیموکراسی لەمێژوودا:
2/لەدیموکراسیدا بەرەو کوێ

3/دیموکراسی کۆمەڵکاری
ڕێکخستەبوونی کۆمیناڵ:
کۆنفیدراڵیزمی ژنان:
کۆنفیدڕاڵیزمی لاوان:
ڕێکخستەکردنی گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی:
کاراکتەری مافپەروەری کۆمیناڵی دیموکراتیانە:
بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیک: کۆردینەکانی کارو رۆل
سیاسەت و پارتە سیاسیەکان:
پۆلەتیک(سیاسەت)
پێشەنگایەتی لەکۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیدا:
سەرلەنوێ ئاواکردنی کۆمەڵگای کۆمیناڵی ـ دیموکراتیک:
کوردان پێویستیان بە چییە؟

پێشەکی
کۆنفیدرالیزم وەکو زاراوە شتێکی نویٚ نیەو دەمێکە لە فەرهەنگی سیاسیدا بەکار دەهێنریٚ، هەرکاتێک باس لە کۆنفیدرالیزم کرابێت کۆنفیدراسیۆنی خێڵ، هۆز، کۆمەڵە، سەندیکا، وەقف، نەقابەو یەکێتیەکان بەتاییەتیش کۆنفیدراسیۆنی نێوان دەوڵەتەکان بەبیری مرۆڤدا هاتووە. چونکە لەنێو فەرهەنگی سیاسی کلاسیکدا وەها باوە کە بەواتای سیستەمێکی سیاسی نێوان دەوڵەتەکان و.. هتد دێت. هەربۆیە کاتێک رێبەری گەلی کوردستان بەڕێز عەبدوڵا ئۆج ئالان سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی کردە رۆژەڤ ولەنەورۆزی 2005دا رایگەیاندو ئاڵایەکیشی بۆ دەستنیشانکرد، ئەمەش گفتوگۆیەکی بەرفراوانی لەگەڵ خۆیدا هێناو رۆژەڤی گەلی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی هەرێم وچەندین هێزی نێودەوڵەتیشی داگیرکرد.بە گوێرەی تێگەیشتن و دیدگای خۆیان هەر کەس، هێزولایەنێک هەڵسەنگاندن و راڤەیان لەبارەوە پێشخست، بەڵام تەواوی ئەم نرخاندنانە کورتیان هێنا و نەیانتوانی شرۆڤەیەکی راست و گونجاو پێشخەن.
رێبەر ئاپۆ لە شاکاری"بەرگریکردن لەگەلێک"دا چوارچێوەیەکی گشتی، بنەما و کۆڵەکە سەرەکیەکانی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی داناوە و بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەستنیشانی کردوون. دواتریش لەرێگای دیداری هەفتانەی لەگەڵ پارێزەرەکانی سەرباری کۆسپ و فشار و هەڕەشە فرە رەهەندەکان هەوڵیداوە تەواوی بکات و ئەم هەوڵەشی هەربەردەوامە.
ئەم نامیلکەیەی کە لەبەردەستاندایە یەکێک لەو بەرهەمانەیە کەلەلایەن کادیر و خوێندکارانی فکری ئاپۆیی ئامادەکراوە و

هەوڵێکە بۆ زیاتر روونکردنەوەی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک، لەوانەیە لەهەموو لایەکەوە بەرکەماڵ نەبێت، بەڵام لەو بروایەدام کە ئاسانکاریەکی باشە و لەم بارەیەوە بەرچاو روونییەک بەمرۆڤ دەدات.
بەهۆی گرنگی و بایەخی روونکردنەوەی ئەم سیستەمە بەپێویستم بینی نامیلکەکە بۆ زمانی کوردی - زاراوەی سۆرانی وەرگێڕم، هیوادارم خزمەتێکمان بە خوێنەران و هۆگرانی فکری ئاپۆیی و کتێبخانەی کوردی کردبێت.

وەرگێڕ

## کۆنفیدراڵیزم وەک زاراوە

هەروەکو دەزانرێت کۆنفیدراسیۆن زاراوەیەکی نویٚ نییە، بەڵکو سیستەمێکە کە لەگۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد.. لەپەیوەندی نێوان دەوڵەت، کۆمەڵە، یەکێتیەکان و تەنانەت لەنێوان خێڵ و تیرەکانیشدا پەیڕەو دەکریٚ. لەم چوارچێوەیەدا هەروەکو چۆن کۆنفیدراسیۆن شێوەیەکی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکانە، لەهەمانکاتدا وەک مۆدێلێکی ڕێکخستنی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانیش دەبینرێت، ئەو دەزگایانەی لەیەک پێکهاتەی ناوەندی پێکدێت پێی دەڵێن یونیتار (ناوەندی)، ئەو پێکهاتانەی لەدوو یان سیٚ ناوەند زیاتر ئاواکراوە و دوا گوتە هی ناوەندی فیدڕاڵە، بەقەوارەی فیدڕاڵ ناودەبرێت، ئەو پێکهاتانەش کەلەچەندین قەوارەی تایبەتی سەربەخۆ پێکدێن و لەچوارچێوەی پرەنسیپ و پەیوەندی هاوبەشدا بەیەکەوەن،و دوا بڕیاریش بۆ ناوەندە سەربەخۆکان دەگەڕێتەوە بەکۆنفیدراڵ بەناو دەکرێن. تاوتویٚ کردن و بەراوردکردنی ئەم سیٚ چەشنە پێکهاتەیە لەبواری چۆنێتی پێکهاتەکەیان و میکانیزمی بڕیار وەرگرتن و بەڕێوەچوون رەنگە سوودبەخش بێت، سیستەمی یونیتار (ناوەند) هەر تەنیا پێکهاتەیەکی تایبەت بەدەوڵەت نییە، بەڵکو دەشیٚ ڕێکخستنێک یان پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوەندی (مرکزی) بێت، بەبیٚ هاوبەشێتی و وەرگرتنی بۆچوونی هیچ لایەک، لەلایەن

ناوەندێکەوە بڕیار دەدرێت، پڕاکتیزەکردنیشی بەهەمان شێوە لەلایەن خودی ناوەندەکەوە دەبێت.

لەسیستەمی فیدراسیۆنیشدا زیاتر لەناوەندێک بوونی هەیە، فیدراسیۆن پشت بەدوو پێکهاتەی سەرەکی دەبەستێت:

یەکێکیان؛ پارچە بچووکەکانە، ئەوەی تریش گوزارشت لەگشت دەکات، هەربۆیە پێکهاتەی فیدراسیۆن و فیدراڵی بەیەکەوەن، ئەگەر پێکهاتەی جێی باس دەوڵەت بێت، ئەوە میکانیزمی هاوبەش لەچوارچێوەی دەستوور دەستنیشان دەکرێت، بەدەر لەو دەسەڵاتەی دەستوور بەفیدراسیۆنەکانی بەخشیوە، دوا بڕیار هی پێکهاتەی فیدڕاڵە،.کۆنفیدراسیۆن هەر وەک چۆن ناوەندی(یونیتار) نییە، ئەو لایەنە جیاوازانەی فیدراڵیش لەخۆوە دەگرێت، لەسیستەمی کۆنفیدراسیۆن زیاتر لەناوەندێک بوونی هەیە، لەجیاتی لەیەکچوونی ئەو ناوەندانە دەشێ لەنێو پرەنسیپی هەمەڕەنگیدا لەیەکتر جیاوازبن. کاتێک کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتەکان جێگای باس بێ ئەوە لەجیاتی دەستوور لەرێگەی پەیماننامەکانەوە، پەیوەندی نێوان ناوەندە جیاوازەکان دەستنیشان دەکرێت. بەپشتبەستن بەم پێکهاتە فرە لایەنانەوە، پرۆسەی بڕیاردان بەڕێوەدەچێت، لەبڕیار وەرگرتندا دوا هەڵوێست لای ئەو یەکینانەیە کەکۆنفیدراسیۆن پێکدێنن، لەم بوارەدا زۆر لە لایەنەکانی لەپێکهاتەی فیدراسیۆن جیاوازترە. لەکۆنفیدراسیۆندا ناوەندیبوون زیاتر دابەش دەکرێت. لێرەدا وەک فیدراسیۆن پەیوەندی نێوان پارچە و گشتی جێگای باس نییە، بەڵکو بڕیاری سەربەخۆی هەر ناوەندێک و بڕیاری هاوبەشی گشتیان بەیەکەوە بەبنەما وەردەگیرێت، بەهۆی چۆنێتی میکانیزمی بڕیار وەرگرتنەوە بەهای کۆنفیدراسیۆن کەم نابێتەوە، دەشێ چەندین دەوڵەت بۆ ماوەیەکی کورت و کاتی

لەنێو پەیوەندی کۆنفیدراڵیدابن، بەڵام ئەو کۆنفیدراسیۆنانەی خاوەن گەوهەرێکی جڤاکی و ئابوورین، تاکتیکی نین، ستراتیژین. لەکۆنفیدراسیۆندا هاوپشتی، گونجاوی، جموجۆڵ و بەڕێوەچوونی خودی هەر ناوەندێک بەباشترین شێوە ستراتیژییە، بەڵام لەبواری پێکهاتە، بڕیار وەرگرتن، چاودێریکردنی کارەکانیان و جێگیرکردنی میکانیزمی ناوخۆ (سیاسی و جڤاتی و کولتووری و ئابووری) ناوەندەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەدەچن، دەستپێشخەری هی یەکینە سەربەخۆکانە، پێناسەی سەرەکی کۆنفیدراسیۆن پێویستی بەمەیە، واتا هەم لەلایەنی پێکهاتە، هەم لەلایەنی بڕیاروەرگرتن و چۆنێتی جێبەجێکردنی، جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ پێکهاتە ناوەندیە وشکەکان نیشاندەدات.

لەنێو زانستی سیاسی رۆژگاری ئەمڕۆمان کاتێک ئەم زاراوە و پێکهاتانە بەکاردەهێنرێن یەکسەر دەوڵەت بەبیری مرۆڤدا دێت، بۆ نموونە کاتێک باس لەپێکهاتەی (یونیتار)ی ناوەندی دەکرێت، دەوڵەتی نەتەوەیی ناوەندی بەبیری مرۆڤدا دێت. پێکهاتەی سیاسی یونیتاری (ناوەندی) جگە لەکۆمەڵگای سەرەکی دەرفەت بەجێگرتنی پێکهاتە سیاسیەکانی دیکە نادات، ناشێ ومەحاڵە پێکهاتەیەکی سیاسی جێگای خۆی لەنێو چوارچێوەی پێکهاتەی یونیتاردا بگرێ کە یەکێتی و یەک پارچەییەکەی تێکبدات. تەنانەت ئەو پێکهاتانەی لەدەرەوەی سنووری بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش دەمێنێت (رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، وەرزشی، زانکۆکان) بەشێوەیەک لەشێوەکان بەدەوڵەت دەبەسترێنەوە، هیچ ڕێکخستنێک یان گۆڕەپانێک ناتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاربکات. میکانیزمەکانی بڕیاروەرگرتن، بەگوێرەی یەک ناوەند شێوەیان

گرتووه، هەروەکو لەنموونەی تورکیادا دەبینرێ و سەپاندنی یەکڕەنگی (ناوەند) لەبواری کولتوریشدا جێگای باسە، بەڵام رەتکردنەوەی کولتوری جیاواز لەلایەن دەوڵەتەوە ناچاری نییە.

هەرچی سەبارەت بەفیدراسیۆنەکانە رەوشی جیاوازترە، لەکۆنفیدراسیۆن زیاتر دەتوانرێ بگووترێ کە نزیک بەپێکهاتەی یونیتارە. تاڕادەیەک ئەمریکا بەمجۆرە بەڕێوەدەچێ، هەندێکشیان بەشێوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمن و بەرەو پێکهاتەی ئەیالەت هەنگاو دەهاوێژن و تایبەتمەندێتیەکەیان پەیڕەوکردنی شێوەیەکی ناوەندیبوونە لە کاروبارەکانیان، لەبواری فەلسەفەی بەڕێوەبردن و سیاسەت هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ پێکهاتە ناوەندیەکاندا نییە، وەکو کۆنفیدراسیۆن تایبەتمەندێتی جیاواز لەخۆوە ناگرن، پشت بەپێکهاتەی ناوەندی دەبەستن، لەگرفتەکانیاندا دەستپێشخەری هی ناوەندە.

هەندێ کارو چالاکی هەن کە هەرگیز ناوەند بۆ فیدراسیۆنەکانی جێناهێڵێ: بۆ نموونە ئاسایشی نیشتیمانی، پەیوەندی دەرەوە، بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان ...هتد کەکۆڵەکەی سەرەکین بەدەست ناوەندەوە دەمێنێتەوە. بەهۆی نیگەرانیەکانی پێویست بینینی بەهێزی ناوەندگەرایی، بەدەست ناوەند دەهێلدرێتەوە. ئەو هەڵوێستە بەبنەما دەگرن کەدەڵێ دەبێ ناوەند بەهێز بێت، بۆ ئەوەی کاتێک گیروگرفت لەپارچەکان دەرکەوێت تاوەکو دوا بڕیار هی تۆ بێت. هەربۆیە بەهۆی ئەم لۆژیکەوە هەندێک ئەرک هەیە، هەر لەسەرەتاوە پێکهاتەی فیدراسیۆن دەستبەرداری لێناکات.

هەرچی بەگوێرەی لۆژیکی کۆنفیدراسیۆنە ئەمانە دەگۆڕێن، لەکۆنفیدراسیۆندا پێکهاتەیەکی فرە لایەنی جێی باسە، هەندێ

جار ئەم پێکهاتە جیاوازانە لەیەکێتی دەوڵەتەکان پێکدێت، هەر لەسەرەتاوە هێزێکی کەڵەکەبوو لەئارادا نییە، سیستەمێکە کە ناوەندە سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمەکان لەمیانەی پەیماننامەوە ئاوایدەکەن، ناوەندیبوون بەپێی پێویست لەپێناو نیشاندانی هێز یان هاوبەشێتی پێکدەهێرێت.

سیستەمێکە کە بوارەکانی ئابووری و تەندروستی و پەروەردە بەشێوەیەکی هێشوویی بەکاردەهێنرێ و سوودی لێ دەبینرێت، ئەمە لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی یەکگرتنیدا هەیە، هەڵبەتە کۆنفیدراسیۆن لەپێناو ئەو ئامانجانە ئاوا دەکرێت، واتا کۆنفیدراسیۆن جگە لەیەکینەکانی یەکێتیەکە پێکهاتەیەکی سەرووی چەتر ئاسا لەخۆوە ناگرێت، هەر ناکۆکی و گرفتێک دەربکەوێت دەستپێشخەری دەدرێتە یەکە یەکەی پێکهاتەکان.

لەکۆنفیدراسیۆنی دەوڵەت هەروەکو چۆن ناوەند (یونیتارەکان) دەتوانن جیا ببنەوە دەشێ بەشداری لەهەندێک لایەنی پەیماننامەشدا نەکەن، واتا وەکو دەوڵەت دەتوانێت جێگەی خۆی لەهەندێ رێککەوتن و بڕیاردا نەگرێت، مافی جیابوونەوەی لەکۆنفیدراسیۆن بەو واتایە نایێ کەی ئارەزووی بێ بڕیارەکان پێکبهێنێ یان بەپێچەوانەوە، لەهەمانکاتدا نابێ لەچوارچێوەی راوەستەی(پارچەکردن) و بەلاداکێشانی کۆنفیدراسیۆندا بێ، چونکە لەمیانەی یەکێتیەکی دڵخوازانەو خۆبەخشانە هاتوونەتە لای یەکترەوە. کاتێ بخوازێ دەتوانێت دەربکەوێت، بەڵام لەکاتی یەکبووندا وابەستەی کۆنفیدراسیۆن وبنەماکانێتی.

ئەگەر سەرنج بدرێ دەبینرێ کە لە باسکردنی تەواوی ئەم پێناسانە باس لەپێکهاتەی سیاسی، میکانیزمی بڕیاردان، لەپێشینەی میکانیزم و پێکهاتەکان و مافی چاودێریکردن کراوە، زیاتر هەوڵدرا لەچوارچێوەی پێکهاتەی سیاسی تاوتوێ بکرێ،

چونکە بەگوێرەی زانستی سیاسی و یاسای دەوڵەتەکان ئەم زاراوانە بەمجۆرە تاوتوێدەکرێن. لەم پێناسەیش زیاتر پێویستە ئێمە لەمیانەی نرخاندن و لێکۆڵینەوەوە چەمکی کۆنفیدرالیزمی خۆمان روون بکەینەوە کە ڕێکخستنێکی دووری دەوڵەتە. تەنها لەپێناو روونکردنەوەی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و نیشاندانی جیاوازیەکانی لەگەڵ سیستەمەکانی دیکە ئەم زاراوەیەمان تاوتوێکرد، چونکە سیستەمی ڕێبەرایەتیمان دەوڵەت نییە، ناتوانین لەمیانەی بەدەزگابوون و کولتووری سیاسی پشت بەستوو بەدەوڵەت بجوڵێینەوە، ناتوانین لەسنوورەکانی دەوڵەتگەرایی بمێنینەوە، هەربۆیە پێویستە لەمیانەی زاراوە کۆمەڵگەراییەکانی خۆمانەوە درێژە بەبابەتەکان بدەین و روونکردنەوەی زاراوەکانی دەوڵەت تەنیا بۆ بەراوردکردن تاوتوێ بکەین، هەڵوێستێکی پێچەوانە پێکهاتەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەخاتە نێو سنوورە دەوڵەتگەراییەکان. لەم بوارەدا ئاماژەکردن بەم خاڵە سوودمەندە، چەندەی باس لەم بابەتە بکرێت دەرک بەوە دەکرێ کە دەبێت کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک وەکو کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەت و بەگوێرەی زاراوە کۆمەڵکاری (کۆمیناڵ)یەکان باس بکرێ. بەئامانجی گوزارشت کردن لەزاراوەی خۆمان بەشێوەیەکی سنووردارو بەرتەسکیش بێت سیستەمە سیاسیەکانمان تاوتوێکرد.

## مێژوو و راستینەی کۆنفیدرالیزم سەبارەت بەکۆمەڵگاو بونیادەکانی

لە کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان بەدواوە بەدرێژایی مێژوو لەقۆناخە جیاوازەکاندا کۆنفیدراسیۆن لەبواری کرداری بەڕێوەچووە، لەلایەک پێکهاتە ناوەندیە پلەداریەکانی دەوڵەت پێشخراوە، لەلایەکی دیکەشەوە وەک ڕێکخستنێکی جڤاکی و بەڕێوەبردنی کۆنفیدراسیۆنەکان جێگای خۆیان گرتووە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بڵێین مێژووی سیاسی مرۆڤایەتی تەنیا بە هەژمونگەرایی دەوڵەتدا تێپەڕیوە هەڵەیە، بەپێچەوانەوە بەو ئەندازەیەش سیستەمی کۆمەڵکاری(کۆمیناڵ) دیموکراتی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لەئارادابوون.

کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان، ئەو دەوڵەتشارانەی دیموکراسی راستەوخۆیان پەیڕەودەکرد، مەزهەبە مرۆییەکان و گروپە سۆفیگەراییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( عەلەوییەکان و خەوارجەکان و ئیسماعیلیەکان و قرمتیەکان) ...هتد، ئەو

بەکۆمەڵگابوونانەی لەدەوروبەری پێغەمبەر و ئەولیاکان پێکهاتووە، قۆناخی سەرەتایی ژیانی کڵێسای مەسیحیەکان ئەگەر ناوەندی پراکتیکی فیدڕاڵ و کۆنفیدرالی بەڕێوەبەرایەتی درێژایی مێژووی ڕۆژهەلاتی ناوین بن، نموونەگەلێکی کۆمین، ئەنجوومەن و کۆنفیدراسیۆنی درێژایی چاخی ناوین لەئەوروپا (ئەنجوومەنی شارەکانی ئیتالیا، کۆنفیدراسیۆنی سویسرا، کۆمۆنەکانی پاریس، ئەنجوومەنی شارۆچکەکانی ئەمریکا، سەکسیۆنی(کەرتی) گەڕەکەکانی ئیسپانیا) و ... هتد. چەندین نموونەی تریش دەتوانرێ نیشان بدرێ. دەشێ دەوڵەتی نەتەوەیی لەم دووسەد ساڵەی دوایی باڵادەست بووبێت، بەڵام مێژوو بریتی نییە لەم دیاردەیە، باس لەماوەی چوارسەد ساڵ قۆناخی تێپەڕبوونی دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری دەکرێت، ئەزموونەکانی کۆنفیدرالیزمی (کۆمیناڵ) کۆمەڵکاری مرۆڤایەتی گوزارشت لەپراکتیکی زیندوو و فراوان دەکات، لەکاتێکدا هەندێک بیرمەند باس لەهەنگاونان بەرەو سیستەمی دیموکراتی کۆميناڵ دەکەن، بەهۆی هەندێک فاکتەرەوە تێپەڕبوون بۆ سیستەمی سەرمایەداری دێتـەئاراوە، لەقۆناخێکدا کەهەرە زێدە دەوڵەتی نەتەوەیی و بەسەرچوونی بووەتە ڕۆژەڤ و مژاری گفتوگۆ کردن، پێهەڵگرتنی کۆنفیدراسیۆن راستیەکە دەرکی پێدەکرێ. هەروەکوبڵێین ئەمڕۆ لە نێو لێپرسینەوەیەکی مێژوویی داین.

وەک زاراوە ئەو کۆنفیدراسیۆنانەی دیموکراتن و پشت بەپێکهاتە دیموکراتییەکان دەبەستن بەکۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیانە بەناو دەکرێن، لێرەدا جیاوازیەکی بەمجۆرە هەیە کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتەکان نییە، کۆنفیدراسیۆنی پێکهاتە دیموکراتیەکانە، سیستەمی بەیەکەوە بوون جێگای باسە، ئەگەر

خوازیاری پێناسەکردنی کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتەکان بووینایە ئەوەی سەرەتا ئاماژەمان پێکرد تێری دەکرد. واتا دوای ئاواکردنی دەوڵەتەکان دەتوانی بەپەیماننامەیەکی هاوبەش کۆیان بکەیتەوە، بەگوێرەی خاڵە هاوبەشەکانی پەیماننامەکە کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتەکان پێکبهێنرێ، بەڵام کاتێک باس لەکۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کرا کە دیموکراتیکە، دیموکراتی کردووەتە ئامانج و پەیڕەوی دەکات و نوێنەرایەتی پێکهاتە دیموکراتیەکانی سەرجەم بوارەکانی ژیان دەکات، ئەوکاتە جیاوازیەکان دەست پێدەکات.

## کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک :

لەناوەوە نەتەوەی دیموکرات، لەدەرەوەش پێکهاتەیەکی سەرووی نەتەوە بەبنەما دەگرێت. یەکێتی ڕێکخستنە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری، باوەڕی، مەزهەبی، ئەتنیک، ئازادی ڕەگەزگەرایی، ئیکۆلۆژی، خۆجێتی و کۆمەڵکاری و کۆمەڵگاگەرایی نەتەوەیی (نیشتیمانی)یە، دەبێت ئەمە بەنەتەوەییبوونی دیموکراتیک ناوببەن. تەنانەت دەتوانرێت وەکو نەتەوەییبوونی قووڵ و بەرفراوان بەناو بکرێ، هەرچی سەرووی نەتەوەیە بەبێ خۆگیرۆدەکردن بەسنووری دەوڵەت سەرجەم ئەو ڕێکخستن و ڕێکخراوە ئەتنیکیانە دەگرێتە خۆ کە دیموکراسی پەسەند دەکەن ولەگەڵ پێکهاتەی نەتەوەیی لەناو یەکێتیدان، بەم واتایە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کاتێ لەناوەوە لەمیانەی خوڵقاندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکرات بەهێز دەبێت، لەدەرەوەش یەکێتیەکانی سەرووی نەتەوە دەکاتە ئامانج. لەیەکێتی ئارەزوومەندانەی تەواوی ئەم پێکهاتە دیموکراتیانە پێکدێت کە لەسەربنەمای پرەنسیپی دیموکراتیانە هاتوونەتە لای

یەکتر. لەبەر ئەوەی ئەم یەکینانەی کۆنفیدراسیۆن پێکدەهێنن یەکتری تەواو دەکەن و هێزێکی نوێ دەخوڵقێنن، لەبەرزترین ئاستدا هێزی خۆیان دەخەنە ڕوو، کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ئۆرگانیزاسیۆن(ڕێکخستن)ی بەڕێوەبردنی گەلە، بەبێ ئەوەی لەلای خۆیەوە فاکتەری پەیوەندی و بەڕێوەبردن بۆ دەوڵەت بگۆڕ ێ، بەکورتی ڕێکخستنی بەڕێوەبردن و کۆمەڵگابوونی کۆمەڵگایە لەدەرەوەی دەوڵەتدا.

هەروەکو دەبینرێت لەپێناسەکردنی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکدا پێویستە یەکێتی ڕێکخستنی دیموکراتیک لەدەوری پرەنسیپە سەرەکیەکان دەرکی پێبکرێت، بەگوزارشتێکی دیکە دەتوانرێت ئەم سیستەمە بەکۆمیناڵیزمی دیموکراتیک ناو ببرێت.

کاتێک دەڵێین کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی دەبێت کاراکتەرێکی سەرەکی ناوەڕۆکەکەی باش دەرکی پێبکرێت. ئیتر ئەوەی لێرەدا پێناسە دەکرێت یەکینە سیاسیە دەسەڵاتخوازەکان نییە، بەهیچ جۆرێک دەوڵەت نییە، واتا ئەمانە نین کەهاتوونەتە لای یەکتری و پێکهاتەی کۆنفیدراسیۆنیان پێکهێناوە. بەیەکەوە ژیانی ئەو پێکهاتە دیموکراتیانە جێگەی باسە کە لەبنکەوە دەستپێدەکات وخۆی ڕێکخستەکردووە، کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی وەک کۆنفیدراسیۆنی ڕێکخراوی کۆمەڵگا پێناسە دەکرێ. نابێت بەگوێرەی ئەو پێکهاتە سیاسیانە پێناسە بکرێ کە دەوڵەت و دەسەڵات دەکەنە ئامانج ، پێکهاتەیەک جێگەی باسە کە پشت بەکۆمەڵگا دەبەستێت، هەربۆیە باس لەکۆنفیدراسیۆنێکی دیموکراتی ناکات کە بەگوێرەی بنەما کلاسیکیەکان لەنێوان دەوڵەتەکاندا ئاوا دەکرێت. لەم چوارچێوەیەدا پێناسەکانمان بەگوێرەی کۆمەڵگا پێشدەخەین. لەهەموو بوارەکانی ژیان

پێشبینی دەکەین کۆمەڵگا بەرێکخستنی دیموکراتی بگات و ئەم رێکخستنانەش ببن بەشێوەیەکی ژیان، ئەم شێواز و شێوە رێکخستنەی کۆمەڵگاش بەکۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی ناو دەبەین.

کوردان وەکو کۆمەڵگایەک کە هێشتا قۆناخی بەنەتەوەبوونیان تەواو نەکردووە ئیتر دەرکیان بەو راستینە کردووە کە ئاواکردنی بەها نەتەوەییەکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان لەرێگەی دەوڵەت بوونەوە (ئاواکردنی دەوڵەت) چارەسەر نابێت، لەمیانەی ئەو نەتەوەبوونە دیموکراتیە چارەسەر دەبێت کە لەسایەی تێکۆشانی سی ساڵەی(PKK) فەراهەم بووە و بەو ئاستەی وشیاری و تێگەیشتن گەیشتوون کە بەشێوەیەکی راست و واقیعیانەترە.

راستینەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم راستیەی دەرخستووە کە لەم دوو سەدەیەی دوایی لەهەموو کەسێک زیاتر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کوردانی دووچاری ئێش و ئازار کردووە. لەرێگەی ئاواکردنی دەوڵەتەوە نەتەوەبوون پێکدێت. نە بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانی تر، هەروەها بەیەکەوە ژیان و تەبایی لەناو مۆزایکی دەوڵەمەندی خودی نەتەوەش مەحاڵ دەبێت. ناتوانرێت دیموکراسیەک بەدی بێت کە بەیەکەوە لەناو ئاشتیدا بژین.ئاشکرایە کە لە میانەی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی، دیموکراتی ناو خودی نەتەوە بەهێزتر دەبێت، لەرێگای ئەم مۆدێلەی رێکخستن و شێوازەی ژیان کوردان دەخوازن رێکخستنەکانی ناو کۆمەڵگا بەشێوەیەک بگەیەنن کە دەوڵەت نییە. لەهەمانکاتدا بیر لەیەکێتیەکی ژیانی کوردان دەکەنەوە کە بۆ چوار پارچە دابەشکراوە و لەهەر چوار لای جیهان بڵاوبووەتەوە. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بەرامبەر بە

نەتەوەپەرستی  دیموکراتی پێشدەخات، لەگەڵ گەلانی ناوچە و سەرجەم هێزە دیموکراسیخوازەکان لەپێناو ئەنجامدانی هەڵمەتی مەزن یەکێتی دیموکراتیانە بەبنەما دەگرێت.

کاتێک لەپێناو ئەم ئامانجانەیان تێدەکۆشن ئەگەر ناسنامەکەیان بکەوێتە ژێر گەرەنتی دەستووری و پەسەند بکرێ، کۆسپ نەخرێتە بەردەم رێکخستنە دیموکراتیەکانی گۆڕەپانە جیاوازەکان، ئەوا پێکدادان لەگەڵ دەوڵەتەکان و خەریک بوون بەسنوورەکان بەهزریاندا نایەت، بەو ئەندازەیەی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیان لەدەوڵەت چاوەڕوان ناکەن دەخوازن کاردانەوە و  یاخیبوونە بەرتەسک و ململانێکانیش تێپەڕبکەن. تەنانەت بەو رادەیەی چاوەڕوانی ڕێزگرتنی دەوڵەت لەپرەنسیپە دیموکراتیەکانیان دەکەن هەنگاو بەرەو بەیەکەوە ژیانێکی بەپرەنیسپانەش دەهاوێژن لەگەڵ دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان. نیازی ئاشتیخوازانەیان روون و ئاشکرایە، بەڵام ئەمەش راستیەکی دیکەیە کاتێک هێرش بکرێتە سەر سیستەمە دیموکراتیەکان تادوا رادە بەرخۆدان دەکەن و بەرگری لێدەکەن.

کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد لەیەکبوونی پێکهاتە دیموکراتیەکان پێکدێت، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەت لەخۆوە دەگرێت. شانبەشانی پشتبەستن بەکۆمین و ئەنجوومەنەکان و بەبنەماگرتنی رێکخستنی بنکەی جەماوەری هاوشانی رێکخستنەکانی نێو ژیانی کۆمەڵگا لەسەرووی هەموویانەوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە، وەقفەکان و دەزگا ئابووریەکان، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی ژینگەناس- سروشتپارێزەکان و بزووتنەوەی لاوان

جێگای خۆیان لەناو سیستەمی کۆمینالیزمی دیموکراتی دەگرن کە کۆمین و ئەنجوومەنەکان بەبنەما دەگرێت.
خەباتی تایبەت بە گۆڕەپانێک (بۆ نموونە ژنان، لاوان یان ئابووری) لەچوارچێوەی خەباتی گشتی خۆیدا ڕێکدەخرێت، لەناو دەستپێشخەری تێکۆشانی خۆیدا شانبەشانی گۆڕەپانی تێکۆشانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک یەکتری تەواو دەکەن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا باس لەگۆڕەپانەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری، مافناسی، پەروەردە، تەندروستی، ڕاگەیاندنی و ئاسایشی گشتی دەکرێت کە وەکو گۆڕەپانەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگا دەناسرێن، لەکاتێکدا بەگشتی چاوەڕوان دەکرێت ئەم گۆڕەپانانە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێکبخرێ، هەرچی لەکۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکدا هەوڵ دەدرێت ئەم بوارانە بکرێتە گۆڕەپانەکانی سەرووی دەوڵەت و خۆیان بەرەو ڕێکخستنبوونی خۆیی هەنگاو بنێن.
کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی لەسێ بیرۆکەی سەرەکی پێکدێت. ئەو شۆڕشە لەچوارچێوەی هەر سێ تەوەرەی دیموکراسی و بەدیهێنانی ئازادی ڕەگەزگەرایی و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ژینگەپارێزی(ئیکۆلۆژی) بەڕێوەدەچێت. هەندێک کەس بەشۆڕشی سۆسیالیستی دیموکراتیانە بەناوی دەکەن، کەواتە ئەم زاراوانە کرۆک وناوکی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی پێکدێنن کە لەلایەن ڕێبەری گەلی کورد و PKK پێشبینی دەکرێت، ئەو ئاستەی یەکسانی و ئازادی ژن لەئەنجامی تێکۆشانی سی ساڵەی بزووتنەوەکەمانەوە پێی گەیشتووە سەرباری کەموکوڕیەکانی بایەخدارو لەبەرچاوانە. دژایەتی دەوڵەت و چەمکی نەبوون بەدەوڵەت کە تێپەڕکردنی کۆمەڵگای چینایەتی لەخۆوە دەگرێت، هەم نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی هەم تێپەڕکردنی کۆمەڵگای

پلەداری بەبنەما دەگرێت. دیموکراسی بەشێوەی هەبوونی کۆمەڵگا، هەم هێز لەئازادی رەگەزگەرایی و هووشیاری ژینگەیی وەردەگرێت، هەم وەکو شێوەیەکی ژیان بەبنەمایان دەگرێت و تەواوکەریانە. لەکۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵگادا ڕاوەستەو سیستەمی دەوڵەت نییە، بەگوێرەی ئەوەی کە راوەستەو سیستەمی کۆمەڵگا بەبناخە دادەنرێت هەرسکردنی ئەم سآ پێکهاتە لە ناوەڕۆکدا گرنگی و بایەخێکی تایبەتی دەبێت.

## لەپێناوجیهانبینی(پارادیگما)

### 1- تێپەڕاندنی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا :

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی راست دەرک بەو پارادیگما نوێیەی رێبەری کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بکرێت، پێویستە تێگەیشتنی دروست دەرهەق بەپێکهاتە سەرەکیەکانی پارادیگما پێشبکەوێت. لەتێگەیشتنی پارادیگمادا بەشێوەیەکی راست دەرککردن بەرەگەزپەرستی کۆمەڵگا رۆڵی سەرەکی دەبینێت.

کێشەی رەگەز لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پلەداری-دەوڵەتگەرایی دەستپێدەکات. لەگەڵ سەرهەرڵدانی شارستانی ژن شوێنگەی پێشووی خۆی لەناو کۆمەڵگا ووندەکات ، کاتێک کۆمەڵگای سروشتی و یەکسانی (دایکسالاری) جێگای خۆی بۆ کۆمەڵگای (پلەداری) و دەوڵەتگەرایی بەجێدێڵێ سەرجەم مافەکانی خۆی لەدەست دەدات. دەزگای خێزان و کۆمەڵگای پیاوسالاری پیاو بەسەر ژندا زاڵ دەکات. ئەو رەوشەی ژن دووچاری دەبێت هەروەکو بڵێیت سروشتیە لەلایەن هەڵوێست و راوەستە سیاسی، زانستی و ئەخلاقیەکانەوە پەسەند دەکرێت. ئەو باڵادەستیەی لەسەر ژن هەیە لەگەڵ خۆیدا باڵادەستی چینایەتی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دەخوڵقێنێت و وای لێهاتووە ژنبوون-ژنێتی وەکو رەوشێکی عەیبە و لەنگی ببینرێت، تەنانەت فشارە ماددی و مەعنەویەکان وایان لێکردوون پەشیمان ببنەوە لەوەی کەوەک ژن (کچ) لەدایکبوون و هاتوونەتە دونیا. پیاو ئەو کۆیلایەتیەی بەسەر ژندا نەسەپاندبوایە نەیدەتوانی کۆیلایەتی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. دوای زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا سەرجەم خراپیەکانی شارستانی دەستی پێکرد، فشارەکانی سەر ژن لەسەردەمی سەرمایەداریدا وەکو پێشوو قەبە نییە،

بەشێوەیەکی تەڵەکەبازانە درێژەی پێدەدرێت .لە سیستەمی سەرمایەداری هەموو شتێک کراوە بەکاڵا و لەبازاڕ هەراج دەکرێت، بێگومان ژنیش بەشی خۆی لەم رەوشە بەرکەوتووە. لایەنە زایەندی(سێکسی)ەکەی تەواو وەکو کاڵایەک هەراج دەکرێت. جەستەی ژن وەکو کەرەستەیەکی سێکسی و بازاڕ بۆ هێرش کردن کراوەیە.

ژنی رووخێنراو و کەوتوو، واتە پیاو و کۆمەڵگای کەوتوو و رووخێنراو. لەم پەیوەندیانەی وابەستەبووندا هەرگیز پەیوەندی یەکسان- ئازاد بەدی نایەت، شوێنگەو رۆڵی ژن لەناو کۆمەڵگادا هێندە دواکەوتووە ناتوانرێت لەگەڵ پیاو بەراورد بکرێت. لەخێزانەوە تادەگاتە ناو کۆمەڵگا، لەناو کۆمەڵگای سیستەمی پیاوسالاری خوراوەتەوە و هەرس کراوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیاوسالاری ژیری پڕ لەسۆزداری ژن دووچاری تێکدان و وێران کردن هاتووە، مرۆڤی لەسروشت و کۆمەڵایەتیبوونی خۆی نامۆ کردووە. هەرسکردنی خراپەکاری لەلایەن مرۆڤەوە بۆ دابڕانی ژیری ئەنالیتیک لەژیری پڕ لەسۆزداری دەگەڕێتەوە. لەناو کۆمەڵگادا ژن شوێنگەو رۆڵێکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی ئەوتۆ و بەهێندی نەماوە، لەم لایەنەوە گۆڕەپانەکانی سیاسی و ئابووری تەواو لەژێر باڵادەستی و رکێفی پیاودایە. پیاو سیاسەت دەستنیشان دەکات، بڕیار وەردەگرێ و دەسەڵاتی بەدەستە. پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەئارادان گەورەترین کۆسپن لەبەردەم دۆز (کێشە)ی ژن و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا. ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا لەسەرپێ دەگرن و تێرخۆراکی دەکەن پیاوە، ئەو دەوڵەت و دۆگماتیزم و جیاوازیە چینایەتیەیە کە پیاو خوڵقاندوویەتی تاوەکو تێکۆشان

لەبەرامبەریدا نەکرێ. سیستەم درێژە بەهەبوونی خۆی دەدات، هەروەکوچۆن سۆسیالیستە کلاسیکیەکان دەیانگوت سەرەتا دەسەڵات بگرینە دەست و دواتر چەوساوەکان باڵادەست بکەین، ناتوانرێ بگوترێ سەرەتا ژنان لەلایەنی ئابووریەوە سەربەخۆ بکەین، لەبەر ئەوەی ژنانیش رەگەزێکی چەوساوە و ستەملێکراون بەشێوەیەکی سروشتی کێشەکەی چارەسەر دەبێ، هەربۆیە ئەو شوێنەی لەمیانەی شەڕی دەسەڵات پێی دەگەن شێوەیەکی دیکەی باڵادەستی و هەژموونگەراییە، بێگومان کێشە (دۆز)ی ژنیش لەگەڵ جێگیربوونی زهنیەتی باڵادەستی لەمنداڵدانی کۆمەڵگادا دەستی پێکردووە، کاتێک لەم گۆشەنیگایەوە سەیری بکرێ دەبینرێت: لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو سنوورەکانی پیاوسالاری تێپەڕنەکرد، نەیتوانی خۆی لەشکست و هەڵوەشانەوە رزگار بکات، سەرباری ئەوەی لەیەکێتی سۆڤێت ژن لەزۆربەی کار و خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان بەشداربوون و جێگای خۆیان گرت، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە لەژێر دەسپێشخەری وکۆنترۆڵی ئەودا پێشنەکەوت. ئەمە رەوشێک بوو پەیوەندی بەتێڕوانینی فەلسەفیەوە هەبوو. سەرباری ئەوەی لەسەدەی بیست و یەکەمیندا دەژین، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم تێڕوانینە بەپیرۆزی دەبینرێ. لەم چوارچێوەیەدا کاتێک ژیری ئەنالیتیکی پیرۆز دەکرێ باش دەرک بەو راستیانە ناکرێ کە پیاوێتی پیرۆز دەکرێت، هەروەها کاتێ ژیری ئەنالیتیک و پیاوێتی پیرۆز دەکرێت هیچ دەرک بەوە ناکرێت کە چەندە بەڕێوەبەرێتی و جیاوازی چینایەتی پیرۆز دەکرێ، لەراستیدا ئەمە رەوشێکی گرنگ و ریشەیی بوو، هەر بۆیە سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ

داخوازیەکی زۆر هەیە، بەڵام یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەئاستێکی زۆر کەم و لاوازدایە.
رێبەرایەتی پەکەکە(PKK) بەشێوەیەکی ریشەیی هەڵوەستە لەسەر ئەم بابەتە دەکات، قورسایی دەخاتە سەر رێکخستەکردنی و گەیشتنی بەرێکخستنێکی کۆمەڵایەتی. لەپارادیگمادا کێشەی ژن زۆر ریشەییە و لەگەڵ کۆمەڵگا و زۆربەی دیاردەکانی دەسەڵات تاوتوێیان دەکات، بۆ نموونە هیچ کەسێک ژن بەپێغەمەر دانانێت، کە گوتت پێغەمبەر واتا پیاو، چین و دەسەڵات دیسان پیاوە. کۆمەڵگا بەژن دەچوێنرێ. ئایا ئەمانە رێککەوتن؟ واتا گشت زاراوەکان بەناو یەکتردا چوون.
سروشت و چینە چەوساوەکان بەژن دەچوێنرێت، بەرامبەر بەدەسەڵات و دەوڵەت کۆمەڵگاش بەژن دەچوێنرێت، ئەمانەش بەو واتایە دێت کەلەمیانەی زاڵکردنی رەگەزێک بەسەر ئەویتر،یان دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن چینێکی کۆمەڵایەتیەوە بەمانای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای رەگەزی نایەت. لەچوارچێوەی تێگەیشتنی دیاریکراودا لەرێگای نزیککردنەوەی رەگەزێک لەدەسەڵات ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت. لەمیانەی خەریکبوون و تێکۆشان بەرامبەر باوکسالاری دەشێ رەگەزپەرستی کۆمەڵگا بۆ دواوە ببرێ. هەڵبەتە کاتێ خەریکی پیاوسالاری دەبیت یەکەمین جار دەوڵەت رووبەڕووتان دەبێتەوە. دەوڵەتیش پیاوێتیە. بەشێوەیەکی سنوورداریش هەوڵی گۆڕینی یاساکانی پیاوێتی بدرێت، دەوڵەت رووبەڕووتان دەبێتەوە.
کێشەکانی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنیان ناتوانرێت تەنیا بەدەسەڵات یاخود بەبەرهەمی ئابووری ببەسترێتەوە. کاتێک سەرنجی دەوڵەت بدرێ دەبینرێ کە هێز

لەباوکسالاری وەردەگرێت، واتە لەرێگای رووخاندنی دەوڵەتەوە ئەم کێشەیە چارەسەر نابێ، تەنانەت دەوڵەتیش بڕووخێنرێ، بەڵام تێکۆشان بەرامبەر باوکسالاری نەکرێ دیسان دەوڵەتی خۆی ئاوا دەکات. هەمان شت بۆ جیاوازی چینایەتیش لەجێگای خۆیدایە، کاتێ پێکهاتەی هزر (فکر)یتان بەشێوەی ناوەندگەرایی کاربکات و چۆنێتی ئاواکردنی سیستەمی کۆمەڵگا تاوتوێ بکات دەبینرێ کە دووبارە دەوڵەت ئاوادەکرێ. ئەگەر پێکهاتەی هزری مرۆڤەکان نەبووبێتە پێکهاتەیەکی دیموکرات و سۆسیالیست، ئەو پێکهاتەیە داوای دەوڵەت دەکات.

ئەم زاراوانە تاڕادەیەک بەگوێرەی فەلسەفە تاوتوێ بکەین دەبینین ئەویش هەمان شت دەڵێتەوە، جەستەو سۆز ژنە، رۆح و هزر پیاوە. شار پیاوە، سروشتی شاخاوی ژنە، فەلسەفە وەک ماتریالیزم و دیالەکتیک بووە. مرۆڤ وەک دیاردە سەرەتا وەک پێکهاتەی سۆز و هزر، جەستەو رۆح لەناو خۆیدا دواتر وەک رەگەز دابەشکراوە. سەیرە کە فەلسەفە لەسەربنەمای پەسەندکردن و سەلماندنی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا پێشدەکەوێت، کاتێ گفتوگۆکردن لەسەر راستینەی واقیعیبوون دەست پێدەکات پارچەبوونی ژن و پیاو سەرهەڵدەدات. مرۆڤ وەک هزرو سۆز پارچە دەبێت، یەکێکیان پەراوێز دەکرێ و بچووکدەکرێتەوە .تاوەکو بچووک بینینی پێکهاتەی سۆز و جەستە بەلاوە نەنرێت بچووک بینینی ژن تێپەڕناکرێت.

دەرکەوت کەکۆمەڵگای رەگەزگەرایی و سروشت(ژینگە)پارێزی کۆمەڵگا و ژیانی دیموکراسی ئەو دیاردانەن کە گرێدراوی یەکترن و لەیەکتری دانابڕێن. گەر تێکۆشانێکی سەرتاپاگیری بەرامبەر بەکۆسپ و خراپەکاریەکانی ئەم لایەنە بەڕێوە نەبردرێت کێشەی رەگەزی

بەردەوام دەبێت. ئەو سیستەمەی لەناویدا هەرسێ دیاردە بەناو یەکدا نەچێ کەواتە سیستەمێکی ئازادیخواز و یەکسان و دیموکرات نییە، ئەگەر تێکۆشانێکی بەرفراوان لەسەر ئەم بنەمایە بەڕێوە نەبردرێت مسۆگەر درز لەشوێنێک دەبێتەوە، مەزن دەبێ، گرفت و کێشەی دیکە لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بۆ نموونە کاتێ تێکۆشان لەمیانەی مەیلە چینایەتیەکان بەڕێوەببرێ، دەشێ چین بەشێوازی پیاو بەرامبەرمان دەربکەوێ، تێکۆشان لەمیانەی زهنیەتی پیاوسالاری پێشبخرێت، دەشێ هەمان دواکەوتوویی، ناهاوسەنگی ژینگەیی و کۆمەڵگای دەسەڵات بەشێوازی شارستانی رووبەڕوومان بێتەوە. چونکە هەر شارستانیەک پیرۆزیەکی پیاوانەیە. هەر شارستانیەک چینایەتیە، هەر شارستانیەک پیرۆزکردنی بەڕێوەبەرێتی و دەوڵەتە، رێبەرایەتی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک لەم چوارچێوەیەدا رەگەزپەرستی کۆمەڵگا تاوتوێدەکات. بەشێوەیەکی فرە سیستەمی لەیەکتریان دەچوێنێ، بناخە فەلسەفیەکەی بۆ چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی دادەڕێژی و پێکهاتەیەکی ئەوتۆی پارادیگما پێشدەخات کە پەیوەستداری گشت کۆڵەکەکان بێت، لەسەر بنەمای فرە سیستەمی تەواوی ئەو فاکتەرانە شیدەکاتەوە کەبەناویەکدا چڕژاون،و پێچکەکانیان دادەنێ. لەیەکتر جیاواز و سەربەخۆنین،ژینگە(سروشت)پارێزی کۆمەڵگا پێویستە تێپەڕکردنی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا تەواوبکات، ئازادی گۆڕەپانی ئیکۆلۆژی و رەگەزگەرایی کۆمەڵگا لەلێگەڕینەکانی یەکسانی و ئازادی کۆمەڵگا تەواو بکات و جیاوازی چینایەتی بەلاوە بنێت. پێویستە ئەمە لەبواری پارادیگما، بەرنامەو رێکخستن بەیەکەوە تاوتوێ بکرێ.

پێویستە دۆز (کێشە)ی ژن وەک دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی ببینرێ و لەسەر ئەو بنەمایە تاوتوێ بکرێن. کاتێک کێشەی ڕەگەز وەک کێشەیەکی ئازادی و یەکسانی تاوتوێکراوە وەکو کێشە (دۆز)ێکی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی بەدیاردەیەکی ریشەیی نەبینراوە، گەر بەمجۆرە شرۆڤە بکرێ دەبینرێت کە کێشەو گرفتەکانی پیاو زۆر ریشەدارترە. واتا زۆر بەساکاری دەرک بەو راستیانە دەکرێ کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەگەزەکانە. گەر ستەملێکراوی و چەوساوەی ژن لەمیانەی کۆیلایەتی لەو پاردیگمایەی کردبێت ئەوا بەسیستەمبوونی ئەو کۆیلایەتیە لەمیانەی باوکسالاری و دواتر تێرخۆراک کردنی لەمیانەی میتۆلۆژیاو ئاینی یەکتاپەرستی، پیرۆزکردنی بەدەسەڵات و هێزەوە، ئەنجامی خراپتری بۆ پیاو لێکەوتۆتەوە، هەر بۆیە زۆر ئاستەمە پیاو کێشەو گرفتەکانی خۆی ببینێ، لەدەوروبەری ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگا ئەم مەسەلەیە بەکێشەی دەسەڵات بەناو دەکرێ و پێویستە بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری تاوتوێ بکرێ.

**ب/ ژینگە(سروشت)پارێزی کۆمەڵگا:**

دووەمین تایبەتمەندێتی و کۆڵەکەی پارادیگما (جیهانبینی)کە پێویستە بەبایەخەوە تاوتوێ بکرێ سروشتپارێزی(ئیکۆلۆژی) و ئەو کێشەو گرفتانەیە کە لەدەوروبەریاندا کەڵەکەبوونە. بەرلە هەموو شتێک پێویستی بەپێناسەکردنێکی راستی سروشت(ژینگە)پارێزی و جێگیرکردنی لەسەر پایەکانی خۆی هەیە. رێبەرایەتیمان هووشیاری ژینگەیی وەک هووشیاری سەرەکی کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات، بەڵام لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا سروشتپارێزی وەک دەوروبەر پارێزیەکی

سنووردار دەبینرێ و هووشیاریەکەشی هێندە جێگیرنەکراوە. هەڵوێستی سروشتپارێزی راوەستانە لە بەرامبەر پلەداری ناو کۆمەڵگا. گەر لەمۆدیلی رێکخستن و تێڕوانینەکاندا هەڵوێستی پلەداری زاڵبێت لەرەوشێکی بەم جۆرەدا ناشێ ببێتە سۆسیالیست یان دیموکراتیخواز. لەم چوارچێوەیەدا سروشت(ناسی)پارێزی بریتیە لەتاوتوێکردنی دیاردەکان لەمیانەی ناکۆکیەک کەچینەکانیش تێپەڕ دەکات. لێرەدا پەراوێزکردنی چین یان دابڕان لە سۆسیالیزم جێگای باس نییە. بەپێچەوانەوە هەنگاونان بۆ سۆسیالیزمی سروشتناسی لەئارادایە.

لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتنی پێکهاتە پلەداریەکان کۆمەڵگای چینایەتی خوڵقاند. هەرچی جیاوازیە چینایەتیەکانە دواتر زیاتر پەرەیسەندووە و قووڵبۆتەوە. لەبناخەی جیاوازیە پلەداریەکاندا جیاوازی ژن - پیاو وپیرو- لاو و ستەمکار- ستەملێکراو چەوسێنەر- چەوساوە و سەدان هەزار جیاوازی تر هەیە، ئەگەر درەنگیش کەوتبن دەرک بەمە کراوە کە دابەشکردنی چینایەتی سروشت- ژینگەو دیموکراسی سۆسیالیزمی شێواندووە و کۆمەڵایەتیبوونی لاڕ ێ کردووە. چارەسەرکردنی گشت کێشەکان لەسەر بنەمای بەکۆمەڵگابوون و بەلاوەنانی جیاوازی چینایەتی بەشێوەیەکی بابەتی بەواتای بەنەبوو لەقەڵەمدانی چینەکان و دابڕان لەسۆسیالیزم نایێ. هەروەکو چۆن لەو پارادیگمایانەی پشت بە دەوڵەت و چین دەبەستن کۆمەڵگا خراوەتە پلەی دووەمەوە ئەوا سروشت خراوەتە پلەی سێیەم و دواترەوە. چەوسانەوەی سروشت، چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و باڵادەستی پیاو بەسەر ژندا شانبەشانی یەکتری بەڕێوەدەچن. چۆنێتی هزراندنی خودایی و میتۆلۆژی لەژێر

دواکەوتوویی هووشیاری ژینگەیی - سروشتناسیدا شاراوەیە.دەڵێن خاک بۆ رووەکە، رووەک بۆ ئاژەڵ، ئاژەڵ بۆ مرۆڤ، مرۆڤیش بۆ رۆحی رەها یاخود بۆ دەوڵەتە. لەرەوشێکی بەم جۆرەدا سروشت پارچەیەکی ژیان نییە، تەنیا ئامرازێکە مرۆڤ سوودی لێ دەبینێت. گەرچی راستیەکەی لەبەر هەمهێناندا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت رۆڵی دیاریکەرو ئاشکرایە کە بۆ گشت کۆمەڵگا چەوسێنەرەکان و سەرمایەداری سروشت فاکتەرێکی چەوسانەوەیە، لەسیاسەتی ئابووری سۆسیالیستی دەوڵەتگەرایی لەبەر ئەوەی پارادیگمای ئاینی و دەوڵەت خەستە سروشت تەنیا ماتریاڵ (کەرەستە)ی رەنجە. واتە هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر سروشت تێپەڕ ناکات.

پەسەندکردنی سروشت وەک فاکتەرێکی بێ گیان لە دروستبوون و کۆمەڵگابوونی مرۆڤدا یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکانی پارچەکردنی کۆمەڵگابوون و تەنانەت پارچەکردنی خودی مرۆڤیشە. بۆ بەلاوەنانی ئەم پارچەبوونە پێویستە دەستبەرداری لەو چەمکە بکرێ کە مرۆڤ وەک چەقی سروشت دەبینێ. لە بەکۆمەڵگابوونی مرۆڤدا سروشت هاوتای بەهای رەنجە و تەنانەت دەبێتە بەشێکی. چەندە مرۆڤ بەپرۆسەی کۆمەڵگابووندا تێپەڕدەبێ، سروشتیش بەم پرۆسەیەدا دەبات و تەقلی سروشت دەبێ، بەکۆمەڵگابوونی مرۆڤ لەسروشتدا ژیان دەبینێ (دەژیێ)، سروشتیش زیندوویی هەبوونی خۆی تەقلی مرۆڤ و بەکۆمەڵگابوونەکەی دەکات. چەندە ئەم هووشیاریەی کۆمەڵگابوونی ژینگەیی -سروشتناسی بەمجۆرە پێشبکەوێت بەو ئەندازەیە، شرۆڤەکردن و هزری دیالەکتیکی سروشتی پەرە دەسەنێ، هێزێکی شرۆڤەکردن سەرهەڵدەدات کە دەوڵەت و چین تێپەڕ دەکات. تەنیا لەمیانەی

تێڕوانینێکی بەم چەشنە دەشێ دیموکراسی کۆمەڵگاگەرایی ئاوابکرێ.

ئەو کێشانەی جیهانی ئەمڕۆمان تێیدا دەژی بەتێڕوانینی چینایەتی چارەسەر ناکرێن. چین سەرچاوەی ئەم کێشە و گرفتانە پێکدێنێ ،گەر دەخوازن ببنە هێزی چارەسەری دەبێ سەرەتا لەمیانەی تێڕوانینێکی راست کێشە و گرفتەکان دەستنیشان بکرێ. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری کێشەکانی کۆمەڵگای رەگەزی، دیموکراسی و ژینگەیی جیهان بکرێت کە کامانەن و چۆن چارەسەر دەکرێ ئەوا لە (80 - 90 %) کێشەکان چارەسەر دەکرێن. چین(گبقە)یش لەشوێنێکی ئەم کێشانەدایە. لەتاوتوێکردنی مێژوو، رۆژەڤ، پڕۆگرام و رێکخستنەکانیشدا ئەم هەڵوێستە لەجێگای خۆیدایەو پەیڕەو دەکرێ. هەر بۆیە پێشخستنی رێکخستنی سروشتپارێزی شانبەشانی تێکۆشان بەرامبەر رەگەزپەرستی کۆمەڵگا و لەسەر ئەم بنەمایە سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگا گرنگترین کارو خەباتە.

## ج/ دیموکراسی(کۆمیناڵ) کۆمەڵکاری

**1/ پێشکەوتنی دیموکراسی لەمێژوودا:**

چەمکی دیموکراسی(کۆمیناڵ) کۆمەڵکاری و رێکخستنەکەی سێیەمین کۆڵەکەیە کە سەبارەت بەبابەتەکەمان بەبەرفراوانی پێویستی بەتاوتوێکردن هەیە.

دەڵێن دیموکراسی شێوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی و شێوەیەکی ژیانە. ئەمە پێناسەیەکی ناتەواوە، بەئەندازەی پێناسەکردنی دیموکراسی وەک شێوەیەکی ژیان و بەرێوەبردن، راستترە وەکو میکانیزمی لایەنە هەرە وردەکانی بەکۆمەڵگابوون، هەڵوەستە و رێکخستنی بەکۆمەڵگابوون پێناسەبکرێ. دەبێ ئاماژە بەو راستینە بکرێ کە کۆمەڵگابوون

دیموکراتیانە دەستپێکردووە، دیالەکتیکی پێکهاتنی کۆمەڵگابوون کە شێوەی هەبوونی مرۆڤە دیموکراسی لە ناوەڕۆکیدا هەیە. لەگەڵ وەستانی مرۆڤ لەسەر پێیەکانی وەکو جۆرێکی بەئەقڵ جیابوونەوە و بەرێکخستوویی تەقلیبوونی بۆ ژیان بۆ بەردەوامکردنی بەکۆمەڵگابوون دیموکراسی پێویستیەکی ژیانەو بەبێ ئەو نابێ، کاتێ ژیانی رێکخراوی خۆی ناکۆک لەگەڵ جۆرە گیانلەبەرەکانی دیکە و خودی سروشت پێچەوانە ناکاتەوە کە لەهەمان ریشەیانەوە هاتووە و بەرەو کۆمەڵگابوون دەچێت ئەوا دیموکراتیکە. دوا هەمەڕەنگیەکی شکۆدار و کارتێکردنی یەکتر لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی سروشتدا، لەئەنجامی ئەم کارلێکەدا ژیانی مرۆڤ ئاوا دەبێت. لەناو ئەم بەکۆمەڵگابوونەدا هەمەڕەنگییەکی سەرسورهێنەر هەیە، هزر و باوەڕییەکان سیما و رەنگەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بابەتی زۆر قەشەنگانە نوێنەرایەتی دیموکراسی دەکەن. لەمیانەی راوەستەی دیموکراسیانە ژیانی(کۆمیناڵ) کۆمەڵکاری گەرەنتی دەکات و بەردەوامی پێدەدات.

لەژێر رۆشنایی ئەم بنەمایەی هەبوونمان دەبینین کە دیموکراسی داواکاریەکی ناماقوڵ یاخود شتێک نییە بەدی نەیێت. کاتێ سپینۆزا دیموکراسی وەک رەها پێناسە دەکات، بەبناخەی هەموو کۆمەڵگایەکی لەقەڵەم دەدات. کارتێکردنە دوولایەنیە سیاسی، ئابووری، سۆزداری، زمانەوانیەکان و وەبەرهێنان زۆربەیان پشت بە پەیوەندیە دیموکراتیەکان دەبەستێت. بەشێکی زۆری پەیوەندیە (کۆمەڵایەتیەکانمان، سۆزەکانمان، بەرهەمەکانمان، زمان و چالاکیە ئابوریەکانمان و چالاکیە سیاسیەکانمان). لەنێو کارلێکردنێکی سروشتیدان. بەرچاوترین شێوەش ئەو شێوە ژیانەیە کە لەجڤاتەکانی لادێدا هەن، لەناوەڕۆکدا دیموکراسیە. تەنانەت دەتوانرێ فۆرمی ژیانی لادێ وەکو نموونەیەکی کۆمۆنالیزمی دیموکراسی ئاماژەی پێ بکرێ. هەندێ جار ئەو کردار و پراتیکانەی ژیانی بەکۆمەڵگابوون و گوندەکان وەک پرۆسەیەکی لەخۆیەوە (خۆخۆیی) پێناسە دەکەین، وەها بیردەکەینەوە کە بەپێی دابونەریت دانراوە، گەرچی لەڕاستیدا ئەمانە ئەم قۆناخانەن کە لەئەنجامی پێشخستن و وەرچەرخانی رۆژانەی پەیوەندی و کارتێکردن و ئەو هاوکاریانە

بەدیهاتووە کە پێی گەیشتووە، ئەگەر ئەم جۆرە کارلێکردنە دیموکراتیانە لەژیانی هاوبەشماندا نەبوایە، خودی کۆمەڵگا دروست نەدەبوو. ئەگەر هاوکاتی سەرهەڵدانی بەکۆمەڵگابوون دیموکراسی نەبوایە کۆمەڵگا بوونیش نەدەبوو. هەر لەسەرەتاوە مرۆڤەکان جیاواز بوونایە و لەژیاندا رێزیان لەیەکتر نەگرتبوایە لەدەسپێکدا جیاوازی چینایەتی هەبوایە، مرۆڤایەتی نەدەگەیشتە رۆژگاری ئەمڕۆمان.

بەگوێرەی تێڕوانینی سپینۆزا شێوەکانی دیکەی حکومەت شێواندن یان سنووردارکردنی کۆمەڵگای مرۆڤە. هەرچی دیموکراسیە سەرهەڵدانی سروشتیانەی کۆمەڵگای مرۆڤە. دەسپێکردنی بەکۆمەڵگابوون لەو جیاوازیەدایە کە لەناو هەمەڕەنگیدا هەیە، بەیەکەوەبوونی ئەمانە پەیوەندی کارلەیەکترکردنە، بەبێ زاڵبوون و باڵادەستبوون بەسەر یەکتردا فرەرەنگی لەئارادایەو بەیەکەوە دەژین. ئەمە هووشیاری راستەقینەی ژینگەیی سروشتپارێزیە. ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێ: شێوەی کاری دیموکراسی سەردەمی نیولیتیک، ئاواکردنی کۆمەڵگابوون، رێکخستنەکانی بەڕێوەبەرایەتی، تواناکانی دەوروبەری تەوتەم، شێوەکانی بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانی دایکسالاری و سیستەمە سروشتیەکانی باوەڕییە.

لەسەردەمی ئاوابوونی دەوڵەتشارەکان لەمیانەی کاریگەریەکانی کۆمەڵگای نیولیتیک لەسەر خێڵ و ئەتنیکەکان جگە لە کۆیلەکان لەژیانی شاردا داواکاری گوزارشتکردن لەخود لەشێوەی ئەنجوومەنی شارەکان جۆرێکی دیموکراسی نیشاندراوە. لەئەنجامی باڵادەستی سیستەمی کۆیلەداری ئەمانە کۆتاییان پێ هاتووە، تەنیا لەنێوان جڤاتی خێڵ و هێزە باڵادەستەکان لەپێناو هاوسەنگی سیاسی بەشێوەیەکی سنووردار ماوە. راوەستەی دیموکراسی کۆمیناڵ کە لەشێوەی ئاوابوونی کۆمەڵگادا هاتووە، لەسەردەمی فیدراسیۆنی (ماد ــ پارس)دا وەک راوەستەو پێکهاتەی دیموکراسی سەریهەڵداوە. لەدوا قۆناخی سۆمەریەکاندا کاتێ دەوڵەت بەرەو فشارێکی قورس و داگیرکاریەکی توندوتیژیانە دەچێت بەرخودانی گەلان لەبەرامبەریدا پێشدەکەوێ. ئەو بەهایانەی دیموکراسی کە گەلی کورد و گەلانی رۆژهەلاتی ناوین لەبەرخودانی نەورۆزدا

نیشانیاندا دەتوانرێ وەکو نموونەیەکی دیموکراسی نیشانبدرێت. دەتوانرێ بگوترێ تەواوی ئەم قۆناخە وەک ئەزموونێک بۆ یۆنانیەکان گواسترایەوە. تەنانەت دواتر پێ بەپێ شێوەی سیاسی کراوی دیموکراسی لەلایەن یۆنانیەکانەوە پێناسە دەکرێ کە (دەوڵەت ـ شار) پێیگەیشتووە و شێوەی گرتووە. لێرەدا دیموکراسی بەڕێوەبەرایەتی گەلە، بیرمەندە سەرەکیەکەیان بیرکلیسە، بیرکلیس پێناسەیەکی سێ لایەنەی بۆ شێوەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەکات، یەکەمین تاک ئیرادەی هەیە، مۆنارشی و پادشایەتی بەگوێرەی ئەمەیە، دووەمیان کەمینەکان ئیرادەیان هەیە، لەوەشدا مەبەستیان ئۆلیگارشی یان ئەرستۆکراتیە، سێیەمیان ئیرادەی زۆرینەیە، بەمەش گوزارشت لەدیموکراسی دەکرێ. ئەم پێوانەی لەپێناسەکردنی رژێمە سیاسیەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان پەیڕەو دەکرێ بۆ یۆنانیەکان دەگەڕێتەوە. شڕۆڤەیەکە تاوەکو سەردەمی سەدەی هەژدەهەمین هاتووە.

ئەنجوومەنی شار لای یۆنانیەکان ئاوادەکرێ، بەڵام لێرەدا رێگا بەجێگرتن و بەشداربوونی هەندێکیان دەدرێ، هەندێکیشیان رێگەیان پێ نادرێ، پێناسەی هاوڵاتیبوون دەکرێ، لێرەشدا رێگا بەجێگرتنی هەندێکیان دەدرێ ئەوانی دیکە لێی بێبەشدەبن. کۆیلەو توێژە نزمەکانی کۆمەڵگا لەناو پێناسەی دیموکراسی و هاوڵاتیبووندا جێگایان نییە، ئەوانەی لەدەرەوەی پێناسەی هاوڵاتیبوون دەمێننەوە. بەشێوەیەکی سروشتی وابەستەی بەڕێوەبەرایەتین. لەکاتی بڕیاروەرگرتنی زۆرینەشدا هەموو کەسێک بەشداری کاروبارەکانی بەڕێوەبەرایەتی نابێت. لەئاکامدا دەبینرێت کە ئەو دیموکراسیەی یۆنانیەکان پەیڕەویان کردووە بۆ تەواوی کۆمەڵگا نییە، دیموکراسیەکی چینایەتیە. لەلایەکیشەوە چەمکی بەڕێوەبەرایەتی ئۆلیگارشی و ئەرۆستۆکراسی تێپەڕناکەن.

لەسەدەی هەژدەهەمدا زانستی سیاسەتی مۆدێرن پێشدەکەوێت. بەپشت بەستن بەشۆڕشی پیشەسازی دەوڵەتی مۆدێرن پێشدەکەوێ، لەگەڵ زیاتر پێشکەوتنی بەرهەمی ئامێرەکان و سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی سەرمایەداری ئاوادەکرێ و جێگیردەبێ. بەهۆی فشارەکانی بنکەی جەماوەری ژێرەوە و ئەو پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی لەئەنجامی

بەرهەمی پیشەسازی و ئامێرەکان هاتەئاراوە، لەسەدەی هەژدەهەمدا سەرلەنوێ دیموکراسی دەکەوێتە ژێر رۆشنایی و شرۆڤەکردنەوە. کاتێ پێناسەی سیستەمی یۆنانیەکان کورت دێنێ و بەرتەسک دەبینرێ لێگەڕینی نوێ سەرهەڵدەدات. ئاراستەی ئەو لێگەڕینەی لەو سەردەمەدا سەریهەڵدا بۆ گەیاندنی دیموکراسیە بەپێناسەیەکی نوێ. لەگەڵ ئەمەشدا سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی دەزگاکان دەبێتە رۆژەڤی گفتوگۆ.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم لێگەڕینانە هەندێکیان دەیانگوت یۆنانیەکان شاری بچووک بوون ئاسایی بوو خۆیان بەڕێوەببەن، بەڵام ناتوانن دەوڵەتی نەتەوەیی لەرێگای دیموکراسیەوە بەڕێوەببەن. گووتەی ئەو شوێنەی گەورە دەبێ بەسانایی دیموکراسی تێدا پەیرەو ناکرێ نوێ نییە، تەنانەت فەیلەسوفە یۆنانیەکان دەیانگووت ئەو شوێنەی هەرە باش دیموکراسی تێدا پەیرەو دەکرێ یەکینە بچووکەکانن. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دیاریکردنی سنووری ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بۆ دیموکراسی پێویستە، لەرۆژگاری ئەمرۆماندا زانای کۆمەڵناسی بەمجۆرەش هەن کە دەڵێن بۆ باشتر پەیرەوکردنی دیموکراسی شارەکان بچووک بکرێنەوە، یان پارچە بکرێ و بۆ یەکینەی بچووکتر بگۆڕدرێ و لەناو پەیوەندیەکی کۆنفیدرالدا رێکبخرێن.

دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی سەدەی هەژدەمینی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور واتایەکی ساکارو روون بەدیموکراسی دەبەخشن و دەڵێن "بەڕێوەبردنی هەر کەسێک لەلای هەمووانەوە". بەمجۆرە هزری دیموکراتی زۆرینە کە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور وەک میراس وەریگرتووە، لەسەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم لەبەڕێوەبەرایەتی زۆرینە بەرەو بەڕێوەبەرایەتی هەرکەسێک بناخەی خۆی دانا، بەڕێوەبەرایەتی زۆرینە بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەمووان بۆ هەر کەسێک گۆڕا. بیرمەندی بەم جۆرەش هەبوون کە گوتوویانە دیموکراسی نابێ بەبەڕێوەبەرایەتی زۆرینە سنووردار بێ، هزری دیموکراتی بەم جۆرە گوزارشت دەکرێ کە نابێ وەک زاراوەکانی ئۆلیگارشی و ئەرستۆکراسی سنووردار بکرێ. ئەوانەی دەبنە خاوەنی بەڕێوەبەرایەتی پارچەیەکی کۆمەڵگان. گفتوگۆ لەبارەی بەلاوەنانی دیموکراسی زۆرینە دەکرێ. لەسەدا پەنچاو

یەک زۆرینەیە، لەوەڵامی پرسیاری چی لەسەدا چل و نۆ دێت دەگەڕێن، هزری بەمجۆرەش پێکدێ کە لەبەڕێوەبەرایەتی زۆرینە بەرەو بەڕێوەبەرایەتی هەموو لایەن و هەر کەسێکەوە هەنگاو بهاوێژرێ، شۆڕشە دیموکراتیەکانی گەل کە لەئەوروپا پێشکەوت زاراوەی رادیکاڵی لەجۆری یەکسانی و ئازادی لەرۆژەڤی سیاسی کۆمەڵگادا جێگیرکرد. بەم جۆرە وایلێهات ئازادی و یەکسانی یەک واتایان هەبێت. بەمەرجی جێگرتنی هەر کەسێک لەبەڕێوەبەرایەتی و بوونی بەدەسەلاتێکی یەکسان و هەموو کەسێک ببێتە خاوەنی ئازادی هەڵسوکەوت و خۆ پاڵاوتن مەیلێکی سیاسی سەریهەڵدەدا. ئەگەر بەڕێوەبردنی هەرکەسێک لەلایەن هەمووانەوە دیموکراتیک بێ کەواتە بۆ جێگرتنی لەبەڕێوەبەرایەتی پێویستە وەک هەر کەسێک هێزی هەبێ. سیستەمی پەرلەمانتاری کە پشت بەدەنگی گشتی و یەکسان دەبەستێ لەئەنجامی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەرۆژئاوا پراکتیزە دەکرێ کە سەرمایەداری تێدا باڵادەستە.

ناسراوترین لایەنی پراکتیزەکردنی ئەو دیموکراسیەی مۆدێرنیزمی ئەوروپا پێشخستووە لایەنی نوێنەرایەتی کردنە. بێگومان بەدیموکراسی نوێنەرایەتی (الدیمقراگیە النیابیە) پێناسە دەکرێ، سیستەمی نوێنەرایەتی دەرفەت بەسەرمایەداری دەدات بەڕێوەبەرایەتی چینەکان لەخاکە بەرفراوانەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەڕێوە ببات. وەک میکانزمێکی پراکتیکی تایبەت بەمۆدێرنیزم بینراوە.

نوێنەرایەتی دوو رۆڵی ناکۆک دەبینێ. زۆرینە هەم بەبەڕێوەبەرایەتیەوە دەبەستێتەوە هەم جیای دەکاتەوە، لەگەڵ دەستپێکردنی نوێنەرایەتی ئەم گرفتە لەناواخنی خۆیەوە دەگرێ. هەم بەناوی جەماوەری بەرفراوان سیاسەت بەڕێوەدەبرێ، هەم لەلایەکی دیکەشەوە ئەم جەماوەرە لەرێگای نوێنەرایەتیەوە بەشوێنێک دەبەسترێتەوە. بەم جۆرە جوڵانەوەی بەناوی گەل بەربەست دەکرێ، ئەوەش خراپە. هەروەکو لەدیموکراسی نوێنەرایەتیدا دەبینرێ ئەو نوێنەرانەی هەڵدەبژێردرێن دوای هەڵبژاردنیان لەجیاتی بەرژەوەندی گەل زیاتر خزمەت بەباڵادەستان و سوودمەندانی سیستەمی جێگیردەکەن. بەشێوەیەکی ئاسایی نوێنەر بەرامبەر ئەو توێژانە بەرپرسیارە کە دەنگیان داوەتێ، بەڵام دەچێ لەپێگەیەکی دەوڵەت

دادەنیشێ، ناچار دەبێ نوێنەرایەتی دەوڵەت بکات. لەکاتێکدا ناچارە بیر لەسەروەری و دەستڕۆیی دەوڵەت بکاتەوە پێویستی بەرەنگدانەوەی بەرژەوەندیەکانی گەل دەبینێ. ئەم رەوشە کارەکتەرێکی دوو لایەنەیە کە هەر نوێنەرێک لەبەرامبەریدا دەکەوێتە قەیرانەوە. لەدیموکراسی دەوڵەتگەرادا هەرکێیەک سیاسەت بەڕێوەببات ناتوانێ ئەم قەیرانە تێپەڕ بکات.

نوێنەرایەتی کێشەو گرفتی دیکەشی هەیە. لەسیستەمی هەڵبژاردندا ئەوانەی دەنگ دەدەن مافی دەنگدان و هێزی کۆنترۆڵیان لەبواری کاتدا سازداوە. نوێنەرەکان لەماوەی نێوان هەڵبژاردنەکاندا رێنمایی یان پێشنیازی دەنگدەرەکان وەرناگرن و بەگوێرەی خۆیان مامەڵە دەکەن. دوای هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی وەک نوێنەر ئەو داخوازی خۆی جێبەجێ دەکات، هەڵبەتە لەدیموکراسی پەرلەمانتاریدا دوای هەڵبژاردن ئەندام پەرلەمان وەک نوێنەری تەواوی نەتەوە پێناسە دەکرێ، بەرامبەر تەواوی نەتەوە بەرپرسیار دەبینرێ. بەمجۆرە لەجیاتی جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو جڤاتەی هەڵیبژاردووە، لەبارەی جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر سیستەمی دەوڵەتگەرا ئاگادار دەکرێتەوە.

لاوازیەکی دیکەی نوێنەرایەتی دەستنیشانکردنی بژارە لەنێو چوارچێوەی سنووورداری پاڵێوراواندا. داواکارانی بەڕێوەبەرایەتی دەچنە پێش کۆمەڵگاو دەڵێن هەڵمانبژێرن، سنووورداربوونێکی مافی بژاردن لەئارادایە کە دەتوانرێ بەرەوشێکی دژە دیموکراسی بەناو بکرێ. ئاشکرایە کە ئەم رەوشە سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان نوێنەرایەتی سنوودار دەکات. فاکتەرێکی دیکەی کەمکردنەوەی دیموکراسی نوێنەرایەتی چەندە پلەی نێوان نوێنەرەکان زیادبێ هێزی جەماوەری دەنگدەر تاوەکو دەچێ سنووردار دەبێ. بۆ نموونە بەڕێوەبەرێک کە لەلایەن نوێنەرەکەیەوە دابمەزرێ تا چ رادەیەک نوێنەرایەتی جەماوەری ئەندام پەرلەمانەکە دەکات. هەروەک دامەزراندنی ئەندام لە(UN) ئەم پرۆسەش هەمان ناوەڕۆکی هەیە، (لەحاڵەتێکدا هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران و

نوێنەرایەتی کردنی گەل جێگای گفتوگۆبێ، ئەو نوێنەرەی سەرۆک وەزیر لە(UN) دایمەزرێنێ چەندە نوێنەرایەتی گەل دەکات).
لەئەنجامدا دیموکراسی ئەوروپاش لەناو ئەم کێشەو گرفتانەدا دەژی. نوێنەرایەتی چەندە سنووورداربێ یان ببێتە رێژەیی کەلێنی نێوان نوێنەر و هەڵبژێرەکانیان زیاد دەبێ، جیاوازی لەگەڵ ئەو شێوەیەی بەڕێوەبەرایەتی نامێنێ کە سەرچاوەی سەروەری خۆی لەشوێنێکی دیکە وەردەگرێ نەک کۆمەڵگا، هەربۆیەش دەبینی لەهەندێ شوێندا سەرۆک وەزیران وەک پادشا کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات. هەروەکو سەردەمی عوسمانیەکان بیروکراتەکانیش دەبنە بەندەی بەردەرگا.
تەواوی ئەم شێوانە نوێنەرایەتی لایەنی وابەستەیی نوێنەر بەسیستەم ناگۆڕ ێ. هەربۆیە دەزگاکانی نوێنەرایەتی سیاسی بەشێوەیەکی تیۆری دەرفەتی گوزارشتکردنی داواکاری هاوڵاتیان دەڕەخسێنێ. لەلایەکی تریشەوە یەکێتیەکی تەبایی نێوان هاوڵاتیانی دەوڵەت فەراهەم دەکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەو دیموکراسیە سنووردارەی لەرۆژگاری ئەمڕۆمان ئەرێنی دەبینرێ و بەدیموکراسی بەناو دەکرێ لەراستیدا بەشی نوێنەرایەتیە کە بەئەنقەست لەلایەن سەرمایەداریەوە پێشکەشکراوە. بەم شێوەیە ئەو دیموکراسیەی نوێنەر دەنێرێتە پەرلەمان هاوڵاتی لەگەڵ دەوڵەت دەگونجێنێ. تەنانەت دەتوانن ئەمە بۆ دیموکراسی نوێنەرایەتی شارەکانی بەرازیلی لەجۆری (پۆرتۆ ئەلەگرا و بەلەن)یش بڵێین. ئەو سیستەمەی لای یۆنانیەکان وەکو بەڕێوەبەرایەتی زۆرینە پێناسە کراوە، لەدەوڵەتی مۆدێرندا بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەر کەسێک بۆ هەمووان گۆڕاوە، لەسیستەمی دەوڵەتگەرادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان سیستەمی نوێنەرایەتی هێنراوە.
لەدیموکراسی دەوڵەتی مۆدێرندا تێپەڕنەکردنی سەروەری و کارەکتەری دوو لایەنەی بەڕێوەبەر و بەڕێ وەبراوی پشتبەستوو پێی کێشەی سەرەکیە، نوێنەرایەتی بەڕێوەبراو کارەکتەری دژە دیموکراسی و خاڵی سەرەکی بنبەستبوونی سیستەمی نوێنەرایەتیە. دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەیڕەونەکردنی میکانیزمێکی چاودێری بۆ ساڵانێکی درێژ، بانگ نەکردنەوەی پاڵێوراوە هەڵبژێردراوەکان، دوای هەڵبژاردنیش نوێنەر

بەگوێرەی خۆی بڕیار دەدات و پەیڕەوەی دەکات، ئەمانەش روونیدەکاتەوە کە نوێنەر تەنیا لەچوارچێوەی ئاخافتندا ماوەتەوە، ئەوەی بەقورسایی پەیڕەو دەکرێ رەوشی بەکارهێنانی هێزی بەڕێوەبەرایەتیە کە خاوەن دوو کارەکتەرە و دیموکراسی نوێنەرایەتی بۆ گەل بێواتا دەکات. بەکارهێنانی دەستڕۆیی دەوڵەت، پەیڕەوکردنی هێزی ئەو دەزگایەی جێگای خۆی تێداگرتووە، وەک کۆتاییەکی دەست لێبەردراوی نوێنەرایەتیە. جێنەگرتن لەدەستنیشانکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان، مەرجدارنەبوونی ماوەی نوێنەرایەتی و وابەستەنەکردنی بەجەماوەری دەنگدەر لاوازی دیموکراسی نوێنەرایەتیە.
هەروەها نوێنەرێک نوێنەرایەتی ژمارەیەکی ئیگجار زۆری خەڵک دەکات. بیر لەئەستەنبول(تەهران یان بەغداد) بکەنەوە ژمارەی دانیشتووانی شانزە ملیۆنە . پەرلەمانتارێک نوێنەرایەتی چوار سەد هەزار کەس دەکات، بەگشتی ناتوانێ نوێنەرایەتی بکات. ژمارە چەندە زیاد بکات. ناوەڕۆکی دیموکراسی نوێنەرایەتی دەکەوێت، بەمجۆرە رووکەشانە نوێنەرایەتی گەل دەکرێت.
وەکو دەبینرێ و دەرکی پێدەکرێ دیموکراسی سەرمایەداری بڕیاری بەلایەنی دژە دیموکراسی داوە، لەمیانەی تێوەگلاندنی نوێنەر هەم درێژە بەبالادەستی خۆی دەدات و رەوابوونی دەوڵەت مسۆگەر دەکات و بەدەوڵەتیانەوە دەبەستێتەوە، هەم هەوڵی نوێنەرایەتیکردنی گەل دەدات و بەو جۆرەش گەل بەو ئەندازە لەسیستەم دوور ناخاتەوە کە کاردانەوە بەرامبەر دەوڵەت نیشانبدات، لەهەمانکاتدا هێندە نزیک نییە کە راستەوخۆ ببێتە نوێنەری زۆرینە. سۆسیالیستەکان سیاسەتی توێژێک و ئەم لاوازیەی سیستەمی نوێنەرایەتیان رەخنە نەکردووە، بەگوێرەی سۆسیالیستەکان لۆژێکی بەجیا تاوتوێکردنی سیاسەت و کۆمەڵگا هەڵەیە. ئابووری، مافناسی، بەرهەمهێنان، ژیانی کۆمەلایەتی، تەندروستی، پەروەردەو چەندین بواری دیکەی ژیان لەیەکتری جیاناکرێنەوە. کێ بەرهەمدێنێ سۆسیالیستەکان بەڕێوەبردنی ئەو بەبنەما وەردەگرن. هەرچی بورژواکانن بەپێچەوانەی ئەو دەجولێنەوە، لەسیستەمی سەرمایەداری بەگوێرەی زهنیەتی لیبڕاڵ بەڕێوەبەرەکان (دەوڵەت)

تێکەڵی ئابووری نابن، پێویستە تەنها زەمینەی پێکهاتەی بەرهەمی سەرمایەداری ئامادە بکات.

هەرچی ئێستایە سەرمایەداری دەگۆڕدرێ. لەسەردەمی دەسەڵاتی سەرتاسەری سەرمایەداریدا دەژین. لەجەستەی مرۆڤەوە تا دەگاتە سەرجەم بوارو گۆڕەپانەکانی ژیان دەسەڵات بەسەر هەموویاندا پەیڕەو دەکرێ. یەکێک کە بخوازێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی ژیاندا بسەپێنێ ئایا ناچار نابێ هەموو شتێک بەیەکەوە لەناو یەکدا بگرێتە دەست. کولتوورو سیاسەت و وەرزش و یاسا بەکار دێنێ و لەم قۆناخەی بەناویەکداچووندا ناڵێ باسیاسەت جیابکەینەوە. ئیتر بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان و سیاسەت بەناویەکدا چووە، لێرەدا بەهۆی تایبەتمەندێتی یەکتر تەواوکردنی بوارەکانی ژیان بەناویەکدا چوون لەئارادا نییە. سیستەمی سەرمایەداری بۆ زاڵبوون بەسەر تەواوی کۆمەڵگا نەک تەنیا گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری وەک ڕێگایەک دەخوازێت بەسەر تەواوی گۆڕەپانەکانی ژیاندا زاڵبێت، دەتوانرێ ئەمە بە تۆتالیتاریزمی پۆستمۆدێرێنیش ناوزەد بکرێ. ڕاستترین کار لەبەرامبەر ئەم ڕەوشە بکرێ: سەرجەم ئەم گۆڕەپانانەی ژیان لەشوێنی خۆی تاوتوێ بکرێ، دوور لەدەسەڵات ئەنجام بدرێ، بەڕاوەستەیەکی بەرامبەر تاکە ڕێچکەی خۆ ڕزگارکردن لەدەسەڵات جێگیرکردنی دیموکراسیە، لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕەپانانەی ژیان لەیەکتر جیاناکرێتەوە، بەبێ جیاکردنەوەی بوارێک دەبێ دیموکراتیزەبوونێکی گشتگیر پەیڕەو بکرێت، هەربۆیە سۆسیالیستەکان لەکۆنەوە دەیانگوت سیاسەت و ئابووری لەیەکتر جیاناکرێتەوە. سیاسەت و ئابووری و مافناسی و ئەوانی دیکە لەیەکتری جیاناکرێتەوە، بێگومان ئەمە تێڕوانینێکی ڕاستە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەش سۆسیالیستەکان گووتیان پێویستە دیموکراسی لەژێرەوە بۆ سەرەوە بەشێوەیەک پاوانخوازی دەسەڵاتی لەلایەن دەوڵەتەوە سەراوبن بکات، ئەمەش ڕاستە. هەروەها بزووتنە سۆسیالیستەکان ئەو ڕاستیەشیان بینی کە ئەو جیاوازیەی لەنێوان نوێنەرایەتی و بەرهەمی ئابووریدا نەخشەکێشکراوە کلیلی پێکهاتە

داپڵۆسێنەرەکان پێکدێنن. ئەگەر ئەوانەی بەرهەمی ئابووری بەدەست دێنن، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان لەیەکتر جیاوازبن، پێویستی بەمۆدێلێکی دیموکراسی هەیە، کە جیاوازی و نامۆبوونی نێوان هەردووکیان لەئارادا نەهێڵن. بەڵام سەرباری ئەم نرخاندن و هەڵسەنگاندنە راست و ئەرێنیانە، لەبەر ئەوەی دەستبەرداری لەزهنیەتی دەسەڵاتخوازی -- دەوڵەتگەرایی نەکراوە، لەمێژووی سیاسەتی سۆسیالیستی بونیادنراودا رێچکەی چەوت پەیڕەو کراوە.

سەیربکەین ئەو هەڵەو چەوتیانە چی بوون کە لەم بوارەوە تێیکەوتن. بۆ نموونە سەیری چەمکی پارت بکەین، پارت وەک پێشەنگێک چینی کرێکار، جووتیار، رەنجدەر و نارەزاییەکانیان بەرامبەر سەرمایەداری کۆدەکاتەوە، ئۆرگانێکە کە کرێکاران لەدەسەڵاتدا دەگەیەنێتە ئاستی چینی بەڕێوەبەر. ئەم پارتە دەبێتە ئیرادە و هێزی تێکۆشانی کرێکاران و هەژاران. ئەوانەی لەسیستەمی باڵادەستدا نوێنەرایەتیان ناکرێ، پارتی نوێنەرایەتی دەکردن. نیاز تەنیا رووخانی دەوڵەت و بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا نییە، نوێنەرایەتیکردنی ئەو چین و توێژانە بوون کە لەدەرەوەی سیاسەت و بوارەکانی دیکەی ژیان هێڵرابوونەوە، هەربۆیە وەکو فاکتەرێکی دەرەوەی دەوڵەت بینراوە. لەم چوارچێوەیەشدا پارت لەدەرەوەی لۆژیکی ئابووری سەرمایەداری و سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دەبوو. ئەم پارتە وەک یەکینەی پێشەنگی شۆڕش بینراوە، کە دەسەڵاتی کردۆتە ئامانج. ئەم چەمکەی پارتی پێشەنگ شێوەی سۆسیالیستانەی رەوتی رادیکاڵ و پێشکەوتووخوازانەی بورژوایە کە لەیاکۆبیزمدا گوزارشتی لێ دەکرێ و گروپێک پێشەنگایەتی شۆڕش دەکات و رێنیشاندەرە. واتە شتێکی نوێ نییە، ئەم بۆچوونەش سەرچاوەی بۆ شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسا دەگەڕێتەوە کە دەیانگوت دەبێ چەمکی پێشەنگی رادیکاڵی بورژوا هەبێ. هەر بۆیە گوتەی لینین دەرکی پێ دەکرێ کاتێ گووتویەتی "ئێمە یاقوبیەکانی سەدەی بیستەمین".

کاتێ پارتی مارکسی رەخنە دەکەین، ناتوانین بڵێین ئامرازێکی کۆمەڵگای سەرمایەداری بوو، سەرەتا بەم جۆرە بیریان نەدەکردەوە، بۆ گونجاندنی شێوەی تەقلیبوونی ئەوانە بیریلێکراوەتەوە، کە لەدەرەوەی

کۆمەڵگای سەرمایەداری کێشەی تەڤلیبوونی دیموکراسیان هەیە، بەڵام سەرینەگرتووە، چونکە بوون بەپێشەنگی کۆمەڵگا میراسێکە لەپێشەنگایەتی بورژواوە وەرگیراوە، ئەم پێشەنگایەتیە، دەسەڵات دەکاتە ئامانج. هەرچۆنێک بێت ئەمەش لەجیاتی پێشەنگایەتیەکی دیموکراتی بنکەی جەماوەری گوزارشت لەچەمکێک دەکات کە دوای دەسەڵات دەبێتە پێشەنگایەتیەکی فەرماندەر. بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە، پارتی چینی کارکەر بەشێوازێکی یاکۆبیزم ئاڵای پێشەنگایەتی بەرز دەکاتەوە، کۆمەڵگاو بەڕێوەبەرایەتی لەچینی بورژوا جیادەکرێتەوە و هەموو شتێ بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی پرۆلیتاریا دەگونجێنرێن.

هەمووەمان ئەنجامەکانمان بینی کە باڵادەستی ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە، نوێنەرایەتیکردن لەژێرەوە دەستی پێ کردووە، لەپێناو گوزارشتکردن لەوانەی نوێنەرایەتی نەکرابوون و لەدەرەوەی کۆمەڵگا هێڵرابوونەوە، ئاواکرابوون. بەڵام لەبەر ئەوەی دەستبەرداری زهنیەتی دەسەڵاتخوازی ـ دەوڵەتگەرا نەکراوە بەپێچەوانەی بانگەشەکانی سەرەتا جێگای ئەو باڵادەستیانەیان گرتەوە کە رووخێنران. لەژێرەوە بۆ سەرەوە رۆشت، لەسەرەوە دەستی بەسەردا گرت. دیسان ئەوانە لەدواوە مانەوە کە دەبوایە نوێنەرایەتیان بکرێت، بەم جۆرە ئەم راستینە ئاشکرابوو، کە چەمکی دیموکراسی سۆسیالیستەکان هەڵەو ناتەواوبوو.

چاوپێخشاندنێکی کۆمۆنەی پاریس، وەک ئەزموونێکی پراکتیزەکردنی سۆسیالیزم سوودبەخش دەبێت. ئەوەی بەناوی کۆمۆنەی پاریس باسی دەکەین ئەنجوومەنێکە، لەکۆڵانەکانی پاریس ناوی کۆمۆن وەک ئۆرگانی بەڕێوەبەرایەتی گەوهەری بەکاردێنن، کە ئابووری و کۆمەڵایەتی و گشت بوارەکانی ژیان رێکدەخات. بڕیار دەسەنێ و پراکتیزەی دەکات. بچووکترین ئۆرگانی بەرێوەبەرایەتی گەوهەری بەکۆمۆن ناو دەبەین. رێبەرایەتی پێناسەکەی زیاتر پێشخست گووتی: هەر جڤاتێکی لەپێناو کارێک ، ئامانجێک هاتبێتە لای یەکتر، رێکخستنەکانی کۆمەڵی مەدەنیشی بەکۆمۆن ناوبرد. بۆ نموونە کۆمۆنی رواندن و پاراستنی دارەبەڕوو، کۆمۆنی دروستکردن و پاراستنی پرد، کۆمۆنی رووەکپارێز، لەم چوارچێوەیەشدا ئەو کاروچالاکیانەی بۆ ماوەیەکی کورت

بەهەرەوەزی ئەنجام دەدرێت، رێبەرایەتی بەکۆمۆن ناویان دەبات. لەلایەکی ترەوە بەوشێوەیەی لەکۆنەوە سۆسیالیستەکان دەیانگوت ژیانی هاوبەش (هەرەوەز) پێدەگوترا کۆمۆن. تەواوی ئەمانە بەناویەکدا دەچن و یەک دەگرن، بەم جۆرە واتای کۆمۆن دەوڵەمەندترو گشتگیرتر دەبێ. دەشێ وەک کارە هەرەوەزیە کورتخایەنەکان، ژیانی هاوبەشی درێژ خایەن و مامناوەندو بەڕێوەبەرایەتی گەوهەری پێناسە بکرێ. هەربۆیە زاراوەی کۆمۆن بەرفراوانە. کۆمۆنی پاریسیش کۆمۆنێکە، بەڵام بەشێوەی ئەنجوومەن کار دەکات. کەواتە ئەنجوومەنیش کۆمۆنێکە، ئۆرگانی بەرێوەبەرایەتی گەوهەریە، گۆڕەپانی ژیانی هەرەوەزی (کۆمەڵکاری)یە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تەواوی رەوتە رادیکاڵەکانی نەریتی سۆسیالیستی و ئەنارشیستی سیستەمی پەرلەمانتاریان رەخنە کردو نەهێشتنی دەوڵەتیان کردە ئامانج. لە جیاتی پەرلەمانی نوێنەرایەتی شێوەی نوێنەرایەتی بەرفراوان تەنانەت شێوەی نوێنەرایەتی راستەوخۆیان پێشنیاز کرد. کۆمۆنەی پاریسی (1871) بووە یەکەمین نموونەی بەڕێوەبەرایەتی مارکس و لینین و هاوڕێکانیان. هەڵبەتە کۆمۆن بەڕێوەبەرایەتیەکەی شێوەی نوێنەرایەتی بوو. بەڵام ئەوەی ئیلهامی بە مارکس بەخشی ئەو هەوڵەبوو کە بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوان نوێنەران و کەسانی نوێنەرایەتیان دەکرد درابوو. بەخشینی مافی دەنگدان بە هەر کەسێک لە لایەن کۆمۆنەوە کردنەوەی دەرفەتی بانگکردنەوەی نوێنەران لە لایەن دەنگدەرانەوە هەر کاتێک بخوازن، یەکسانبوونی کرێی کرێکار و نوێنەران هەنگاوی زۆر باش بوو. کۆمۆنیستەکان ئەم دەرفەتەیان بۆ ئەو دەوڵەتانەشیان پەسەند کردبوو کە لە داهاتوودا دایاندەمەزراند، وەرگرتنی هەمان کرێی کرێکاران بۆ نوێنەران و پەروەردەکردنی بێ بەرامبەرو پاراستنی رەواو پێشخستنی سوپای نیزامی بە شێوەی (بەرگری میللی) لە کۆمۆنەوە فێربوون. ئەمەش تائێستا چەمکی دیموکراسی کۆمۆن بەم ناوەڕۆکە نەگەیشتووە کە بەتەواوی چەمکی دیموکراسی بورژوای تێپەڕ کردبێت. سەرباری رەخنەی مارکس و لینین کە گوتیان دەستیان بەسەر دەوڵەتدا گرت، بەڵام

دیکتاتۆری پرۆلیتاریان ئاوا نەکرد ئەم لایەنە ئەرێنی دەبینین، زیاتر کۆمۆنیان وەک ئۆرگانێکی بەڕێوەبەرایەتی بینی و لایەنی رێکخستنی هەمەلایەنەی ژیانی دیموکراتیانەیان بە ناتەواوی هێشتبوویەوە. وەک مارکس و لینین گوتوویانە ئەوەی کۆمۆنی لاواز کردووە دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت نییە راستر ئەوەیە کە پێکهاتەی دیموکراتیان قووڵتر نەکردەوە.

سۆڤیەتەکان کە وەک کۆمۆنی شۆڕشی رووسیا گوزارشتی لێ دەکرا لە جیاتی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی خۆی بۆ ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەناوی دەوڵەت گۆڕا. لە ئەنجامدا نموونەی هەرە رادیکاڵیش لە دەوڵەتی دژە دیموکراتی دانەبڕاو نوێنەرایەتی دیموکراسیەکی جیاواز یان پێشنەخست. ناوەڕۆکی چینە باڵادەست و دەسەڵاتخوازەکانیان دووبارە کردەوە، لە باوەڕی پێویست بینینی دەوڵەت بە هەڵواسراوی مانەوە. نوێنەرایەتی پەیڕەو کراو لە میانەی چەمکی سەنتراڵیزمی دیموکراتی زۆر بە سانایی دەگەیشتە زاراوەکانی باڵادەستی، هەر بۆیە لە ئاکامی ئەم هەڵوێستە ئەو دەزگایانەی مسۆگەر دەبوایە دیموکراتیین دەبوونە خاوەن کارەکتەرێکی دەوڵەتگەرایی، چەندە دەبوو بە دەوڵەتگەرا هێندە لە دیموکراتیبوون دووردەکەوتەوە. لەبەر ئەوەی لە میانەی چەمکێکی بەڕێوەبردن پارت بەناوی کۆمەڵگا دەجوڵایەوە لە ئەنجامدا هەروەکو چۆن لەسەرووی کۆمەڵگا دەمایەوە بوو بە ئۆرگانێک کە کۆمەڵگای وەکو دەوڵەت بەڕێودەبرد، لە دەرئەنجامدا بەراستی کۆمەڵگا بە بەڕێوەبەرایەتیەکی گەوهەری خۆی نەگەیشت، هیچ کاتێک سەروەری رادەستی گەل نەکرا .ئەو کۆمۆنیست، سۆسیالیست، شۆڕشگێڕو گروپانەی کە بە ناوی نوێنەرایەتی گەل جموجۆڵیان کرد چوون بوون بە فەرمانبەری دەوڵەت و نوێنەری هێزی جێبەجێکردنی بەردەست باڵادەستەکان . جگە لە گۆڕانکاری شوێنگە تەقینەوەی گەوهەری نەبینرا، هەربۆیە لە پراکتیزەکردنی دیموکراسیدا شتێکی جیاواز نەهاتە ئاراوە. دیسان باڵادەستی چەکەرەی کرد، ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتن هەروەکو سەرمایەدارەکان بەهێزبوونی دەوڵەت و بەناوەندبوونی هێزبوو.گووتیان ئەگەر دەوڵەت بە هێز نەبێت کۆمەڵگا بەڕێوە نابرێ. ئەمەش لە جیاتی

بەهێزکردنی گەل رێگای لە پێش توندکردنی ئەو باڵادەستیە کردەوە کە جێگایان لە سەرووی گەل بوو.

## 2/لەدیموکراسیدا بەرەو کوێ

لەم ئەزموونە مێژووییانەی تاوتوێمان کردن دەتوانین دەرک بە ئاراستەی دیموکراسی بکەین کە بەرەو کوێ دەچێ؟ دەبێ باڵادەستی و بنبەستبوونەکەی واتە سیستەمی نوێنەرایەتی کۆتاییان پێ بهێنرێت، پێویستە بەرەو دیموکراسی راستەوخۆ بچین. بۆ لەناوبردنی باڵادەستی پێویستە سەرجەم دەزگاو رێکخستنەکانی پشت بەستوو بەدەوڵەت کۆتاییان پێبهێندرێ. کەواتە دیموکراتی پەرەدەسێنێ و لەجیاتی ئەو باڵادەستیەی دەوڵەت کە بەلاوەنراوە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گەوهەری جێگیربکرێ، بەم شێوەیە سەرجەم شێوەکانی نوێنەرایەتی کلاسیک بەرتەرەف دەکرێ، بۆیەکەمین جار دیموکراسی کۆمەڵگا ئاوا دەبێ، بەڕێوەبەرایەتیەک جێگیر دەبێ کە هی هەموو کەسێکە، ئیتر هیچ کەسێک لە لایەک بەناوی گەل و لەلایەکی دیکەشەوە بەناوی باڵادەستی و شێوەکانی دەوڵەت، بەناوی جڤات و جەماوەرەوە نوێنەرایەتی ناکات. هەر یەکینەیەکی جێنشین دەبێ بەواتای راستەقینە خۆی بەڕێوەببات، هەربۆیە لە رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێردراودا بە شێوەیەکی راست پەیڕەوکردنی دیموکراسی ژیانی دەبێ، ئەگەرنا لە رێگەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی لە میانەی دەنگدانی بێ رێکخستن و فەوزاوە هەڵدەبژێردرێن دەشێ دیسان باڵادەستی سەر هەڵبداتەوە.

لە رێگەی کۆمینە ئازادەکان ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازادو سیستەمی کۆمیناڵیزمی دیموکراتیانە دەتوانێ بە جێگیرکردنی دیموکراسی کۆمەڵگاو پەیڕەوکردنی لە کرداردا، رێگا لە سەرهەڵدانەوەی باڵادەستی بگرێ. باڵادەستی دووڕووی هەیە بەو شێوەیەی لە نوێنەرایەتی دەچێ لە دوالیزمی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبراویش پێکدێت، دەبێ بە رێچکەی جیاواز بەڕێوەبراو رازی بکرێ. ئەگەر بەمجۆرە یان بە جۆرێکی تر رەزامەندی بەڕێوەبراو و رەوابوونەکەی جێگیر نەبێ هیچ باڵادەستیەک ناتوانێت

هەمیشەیی بێت. بەکورتی باڵادەستی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرو بەڕێوەبراوە کە لەسەر بنەمای پاراستن و ملکەچی ماف و ئەرکدایە. هەر کاتێ مۆنارشیەکان هەوڵیانداوە یەک لایەنە بەڕێوەبەرایەتی بکەن بەڕێوەبراوەکان سەر هەڵدانیان کردووە، پەیوەندیەکانیان گەڕاندۆتەوە سەر دۆخی سروشتی دوو لایەنەی خۆی. لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران و ملکەچەکان زاراوەی کرداری باڵادەستی لە سەنتەردایە. هەربۆیە بە شێوەیەکی ناچاری باڵادەستی سیستەمێکی دوو لایەنەی دەسەڵاتە بەڕێوەبراوەکان رووبەکی ئەم دەسەڵاتە دوالیزمەن، بەڕێوەبراوەکان نەبن باڵادەستیش نابێ. لەبەر ئەوەی لە مەسەلەی زاراوەی باڵادەستی بە هۆی رەوابوون کێشەی نوێنەرایەتی دەرکەوت دیموکراسی ساختە ئاواکراوە. بۆ بەڕێوەبردن هەوڵدراوە رەزامەندی و خۆبەختی پێشبخرێ. بێگومان رێچکەیەکە لە زەبری کلاسیک باشترە. یەکێک لە رێچکە نموونەییەکانی رەزامەندیبوون دیموکراسیە. نیشاندانی بەڵگەی نوێنەرایەتی کردنە. لێرەدا دیموکراسی نوێنەرایەتی بۆ ئۆرگانیزاسیۆنێکی بەڕێوەبەرایەتی کلاسیک گۆڕاوە، هەروەکو کوتانی جەستەی نەخۆشی کۆمەڵگا بەشداری بەڕێوەبەرایەتی ناکەیت. بەڵام ئەندام پەرلەمانەکان هەڵدەبژێریت، لێرەدا بەشداریکردن لە بەڕێوەبەرایەتی ئەرێ کردن و راست نیشاندانێتی. تەواوکردنی باڵادەستی بە شێوەی پەسندکردنی خۆبەخشانەی سیستەم لە هەمانکاتدا لاوازترین رووی دەسەڵاتی هەژموونگەراییە. ئەی ئەگەر ئەم زۆرینەیەی بەڕێوە دەبرێن ئیتر نەخوازن بەڕێوەببرێن؟

لێرەدا لەگەڵ پرەنسیپێکی بنەڕەتی نەریتی تیۆری سیاسی رووبەڕوو بووینەتەوە. لەو قۆناخەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووین ئیتر کۆمەڵگا سەبارەت بە بەڕێوەبردن لەلایەن سیستەمی نوێنەرایەتیەوە، ئارامی لەبەر نەماوە. لە سەردەمێکداین کە چەمکی سیاسەت بەڕێوەبردن لەلایەن ناوەندێکەوە ئیفلاسی کردووە. تاوەکو ئێستاکە بۆچونی گشتیی بەمجۆرەیە. بەڕێوەبەرایەتی تاکە ناوەندی ئاماژە پێکراو: دەبێ پادشایەتی یان تاکە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بێ. دیسان بە ناوی نەتەوە، گەل یان پارت دەبێ بەڕێوەبەرێتی تاکە سەرچاوە و ناوەندی ئەوان بن. بەڕێوەبەری زۆرینە نییە و نابێ. لەبنکەوە رێکخستنی گشت توێژەکانی کۆمەڵگا و

کۆکردنەوەیان لەناو ڕێکخستنێکی نامەرکەزی سست و کۆنفیدراڵ بیری لێ ناکرێتەوە. ئەمە هۆکارێکی بەهێزکردن نییە وەکو لاوازکردن و لە دەستدانی هێزی زهنیەتی دەوڵەتگەرا و دەسەڵات پەرست دەبینرێن، چونکە لە سیاسەتدا بەگشتی زۆرینەی وەکو ئەنارشیزم دەبینرێ. بەشی دەسەڵاتی هەژموونگەرا کە لەلایەن داگیرکەرانەوە رووی دوالیزمی باڵادەستیە تاکو ئێستا بەناوی گەل، پارت، مۆنارشی دەوڵەت یاخود نەتەوە بێ بەناوەند بووە، شێوەی بەڕێوەبەرایەتی تاکەکەسی تێپەڕ نەکردووە. هیچ کاتێک بەڕێوەبەرایەتی زۆرینە بونی نییە. تەنانەت لەو دیموکراسیەی کە گوایە گەل خۆی بەڕێوە دەبات ، لە ژێرناوی زاراوەی گەل بۆتە بەڕێوەبەرایەتی هەندێک نوێنەری هەڵبژێردراو. تەنانەت زاراوەی نەتەوە لە لایەن شۆڕگێڕانی فەرەنسا بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەم ئامانجە پێش نەخرا؟ لە هەندێ وڵاتدا لە ژێر ناوی گەل بەڕێوەبەرایەتی و دیموکراسی ئەوتۆ ئاواکراوە کە گوزارشت لە هەمەڕەنگی و فرە رەنگی ناکەن، هەروەکو ڕێبەرایەتیشمان جەختی لەسەر کردۆتەوە، لە راستیدا زاراوەی گەل جڤاتێکە لەنێو کاتدا پێکهاتەکەی دەگۆڕ ێ و دەوڵەمەند دەبێ. راستر گوزارشتێکی گشتی تەواوی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەیە کە لە دەرەوەی دەوڵەت ماونەتەوە، زۆرینەو هەمەڕەنگیەکی سەیر لە بناخەی گەلدا هەیە. سەرباری ئەوەی زاراوەی گەل گوزارشت لەو هەموو هەمەرەنگیە دەکات لە هەندێ شوێن وەکو پێویستیەکی هەڵوێستی سیاسی وەکو پێکهاتەیەکی تێکەڵ تاوتوێ کراوە. بەپێی راستی بەڕێوەبردنی گەل لەلایەن خودی خۆیەوە جیاوازی هەیە، زاراوەی گەل گوزارشت لە هەمەڕەنگی دەکات، بەڵام ئەوانەی دەخوازن زاراوەی گەل بۆ دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن بۆ یەک رەنگی دەگۆڕن بەمجۆرەش رەوابوونیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیە نادیموکراتیەکان بەکارهێناوە.

بەکورتی بە گوێرەی نەریتی سیاسەت زۆرینە نابێتە بەڕێوەبەرایەتی. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیەک ئاوا بکرێت دەبێت لە تاکە ناوەندیەکانەوە بێت و هاوبەشێتی تێدا نەکرێت. شێوەکانی لە جۆری فیدڕاڵ، ویلایەت، ئۆتۆنۆمی و .. هتدیش بەرهەمی هەمان لۆژیکن، دەڵێن ئاپۆڕاو زۆرینە

بەڕێوەنابرێن، یاخود وەکو ڕەوشی ئاڵۆزو گێژاو دەبینرێن. پەندی پێشینانی خۆمان دەڵێ:" کابان زۆر بێ خواردن سوێر یان بێ خوێ دەبێت". چینیەکانیش دەڵێن:" کابان زۆر بێت شۆربا دەسوتێ". ئەمەش بۆچوونێکی گشتیە کە پشت بە ناوەندییوون و زهنیەتی دەوڵەتگەرایی دەبەستێت. تەواوی قەڵەباڵغیەکان بەمەترسی دەبینێت. گشت زۆرینەکان بە ئەنارشیزم دادەنرێت. مسۆگەر وابەستەبوونی ژیان و جڤاتەکان بۆ ئۆرگانیزاسیۆنەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندیبوون دەسەپێنرێن.

## 3/دیموکراسی کۆمەڵکاری

چەندین فاکتەری مێژووی کۆمەڵایەتی هەن کە بەشداری ژیانن. لەبەر ئەوەی گشتیان دیاردەی تەواوکەری یەک پارچەن لایەنی دیاریکەری هەیە. دەبێ بیر لە پێویستی بەڕێوەبردنی هەر کەسێک لەلایەن خۆیەوە بکەینەوە. زۆرینەو جڤاتەکان بەهەموو بوونی خۆیانەوە بکەونە گەڕ. بۆچی لە ناوەندێکەوە بەڕێوەببرێن. بۆچی تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگا بە جۆرێک لە جۆرەکان بە ڕێگەیەک گرێدراوی دەوڵەتبن؟ میکانیزمێک ئاوا بکرێت چەند ملیۆن کەس کە لەسەر ئەو خاکە هەن، هەموویان هەر کەسەو خۆی بەڕێوەببات و بڕیارەکانی پەیوەندیداری دەکات خۆی وەریانبگرێ. لە بنکەوە ڕێکخستن پێشبخرێ. ئەمانە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی کۆنفیدرال، هەم خاوەن دەسپێشخەری بێ و هەم یەکتری تەواو بکەن، کۆمیناڵیزمی دیموکراتیک ناوی سیستەمێکی بەم جۆرەیە، کۆمۆن و ئەنجوومەن و هاوڵاتی ئازاد وەک ڕێکخستنەکانی بنکەی جەماوەری ئاواکردنی کۆمیناڵیزمی دیموکراتیک ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

چەندە هاوسەنگیەکانی نێوان بەڕێوەبەر و بەڕێوەبراوەکان بە لایەنی بەڕێوەبراوەکاندا بشکێتەوە، ئەوا ڕاستی و دروستبوونی تیۆری باڵادەستی زیاتر دەکەوێتە ژێر لێپرسینەوەوە، ئەگەر لەمیانەی تێڕوانین و پەرسپەکتیفێکی بەم جۆرە سەیر بکرێ دەبینرێ کە بەناوەندی کردنی هێز لەلایەن چینە چەوسێنەرو دەسەڵاتپەرستەکان و باڵادەستبوونیان ناچاری نییە، لە هەمانکاتیشدا دەبینرێ کە چینە چەوسێنەرو دەسەڵاتپەرستەکان لە

مێژوودا باڵادەست نەبوون. ئەو رەوشانەی لە مێژوودا وەک حاڵەتی باری ئاشتی و ئارامی دەبینرێن لەراستیدا بوێری پێکدادانی نێوان باڵادەست و گەلان لە رەوشی پێشخستنی توندوتیژییەوە گۆڕییەوە بۆ باری شەڕی نیوە چڵ. هیچ کاتێک جڤاتەکان بە گەوهەری رەزامەندی بەرامبەر دەسەڵاتی باڵادەستەکان نیشان نادەن و رەوشی بەڕێوەبراوی وەک بژار پەسەند ناکەن. لەم لایەنەوە مێژووی مرۆڤایەتی پڕ گرفتە. کەواتە هیچ کاتێک باڵادەستە راستەقینەکان دەسەڵاتدار نین بەردەوام ئەو کەس و پێکهاتانەن کە لەرەوشێکی لەرزۆکدان.

لە سەردەمی باڵادەستی ئیمپریالی و گەیاندنی بیۆسیاسیدا ئیتر بەڕێوەبراوەکان تەنیا خۆیان ژیانی کۆمەڵایەتی و رێکخستن فەراهەم دەکەن. سەبارەت بەم بابەتە تاقیکردنەوەو هەنگاونانی بە هەند جێگای باسە. ئەمەش بەواتای لە خۆڕا داڕووخانی باڵادەستی و لەدەستدانی تەواوی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرەکان نایەت. ئیتر قۆناخێکی دیکەی مێژوویی دەستی پێکردووە کە باڵادەستەکان بەتەنیا دەسەڵات نین و ناتوانرێ بەگوێرەی پێویست لێکدانەوە بۆ بەڕێوەبراوەکان نەکرێ. ئیتر بێواتا بوونی دەوڵەت و باڵادەستی پێبەپێ ئاشکرا دەبێت. ئیتر قورسایی زهنیەتی دیموکراسی تەواو و راستەقینە و توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی دەوڵەت زیاتر دەبێ. سەرباری مانەوەی دەوڵەت بەڵام بە شێوەیەکی چڕو بەردەوام رووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

ئیتر بەرژەوەندی و ئاسایشی گشتی لەلایەن دەوڵەتەکانەوە هەڕەشەی دەکرێتە سەر کە رۆڵی دەمامک و پێویست بوون و رەوابوونی دەوڵەت دەبینن. ئاستی هووشیاری و تێپەڕکردنی باڵادەستی لای توێژە کۆمەڵایەتیەکان پێشکەوتووەو بڕوابوون بە پێشخستنی کردارەکەی زیادی کردووە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردیش گفتوگۆ سەبارەت بەبەڕێوەبەرایەتی و رێکخستنی کۆمەڵگا دەکات و هەوڵی ئاواکردنی پێکهاتەیەک دەدات کە بەباشترین شێوە ئازادی و دیموکراسی تێدا جێگیرببێ. گەلی سەرکەوتن کە لەئاکامی تێکۆشانێکی سی ساڵەی(PKK) سەرپێڵ دا بەپێکهاتەیەکی بەم جۆرە بگات دیموکراسی زیاد دەکات. راستینەی گەلێکی دیموکراتی بەمجۆرە لەمیانەی

تێکۆشانێکی بەهێز بەرامبەر ڕژێمێکی نکۆڵیکار سیاسەتە نکۆڵیکارەکانی بەلاوە دەنێ و کوردستانێکی دیموکرات و ئازاد ئاوادەکات. لە مێژوودا نەبوونی کوردان بەخاوەن دەوڵەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبێتە دەرفەتێک (ئەوانتاژ)، لەراستینەی کوردستاندا دوور لەزهنیەتێکی دەوڵەتگەرایی دیموکراسیەکی ڕادیکاڵ و قووڵ مسۆگەر دەبێ. ئیتر لەبێواتابوون زیاتر دەسەلاتی دەوڵەتگەرایی ناوەندی کە تائێستا بناخەی هەر چەمکێکی ڕاستەقینەی دیموکراسی دەکۆڵێ و دەستبەرداری هێز نەدەبوو ئەمڕۆ بەردەوامکردنی مەحاڵ بووە. ئیتر هەندێ توێژی جیاواز بەشداری لەژیانی کۆمەڵگادا دەکەن و خوازیاری خۆبەڕێوە بردنن، ئەو دەسەلات و باڵادەستیەی لەناوەندێکەوە بەڕێوەدەبردرێت بێواتا بووە. بێگومان هەردوو جەنگی جیهانی هەم سیستەمی دەوڵەتگەرا هەم سیستەمی پەرلەمانتاری نوێنەرایەتی بێواتاکردووە. هەرچەندە باڵادەستی لەلایەن ئەفسانەی خۆیەوە تێر خۆراک دەبوو، بەڵام پەیوەندیەک بوو لەئەنجامی ڕەزامەندی و ملکەچی لەدایک بوو. چەندە هاوسەنگی ئەم پەیوەندیە بەلایەنی بەڕێوەبراوەکاندا بشکێتەوە ئەوا بەبێ پەیوەستبوون و گرێدان بەهیچ ناوەند و دەوڵەتێکەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەئاستی بەرهەمهێنان بگات و بەئیرادەیەکی دیموکراتی بگات لەناو تەواوی بنکەی جەماوەری کۆمەڵگا خۆی ڕێکبخات و هەنگاو بەرەو ئاواکردنی کۆمین و ئەنجوومەنەکان بهاوێژێ پێ بەپێ حکومداری یۆنیتار (بەڕێوەبەری دەرەوە) بێ واتاو بێ ڕۆڵ دەبێت. بەهەزاران کۆمین و ئەنجوومەنی هاوڵاتی ئازاد لەکوردستان و وڵاتە سەردەستەکان ئاوابکرێت، هەر جۆرێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی بێواتا دەبێت کە لە دەرەوەی نەتەوە (گەل) خۆی بەسەردا دەسەپێنێت. ئیتر جگە لە کۆردیناسیۆنی رۆڵ و کار کە لە میانەی قۆناخی دیموکراسی راستەوخۆی گەل و کۆمەڵگا پێکهاتووە هیچ هێزێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی نابێ. دیموکراسی رادیکاڵ و قووڵ لە میانەی رێکخستنی کۆنفیدراڵی دیموکراتی کۆمین و ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری کاری رۆژانەی ئەو رێکخستنانە-- کۆردیناسیۆنەکان بەدیدێت. بیر لە ئەنجوومەنێکی هاوڵاتی ئازاد بکەنەوە کەهەرکەس هەمووان و خۆشی

بەڕێوەدەبات. ئەوکات پێویست بەهیچ بەڕێوەبەرایەتیەکی دیکە ناکات. لە ڕێگای جێگیرکردنی کۆمین و ئەنجوومەن و ڕێکخستە کۆنفیدراڵەکەیان لە شوێنە خۆجێیەکانەوە بەمجۆرە سیستەمێکی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی سەرتاسەری وڵات دەگرێتەوە. ئەگەر تەواوی توێژە کۆمەڵایەتیەکانی گەل لەم چوارچێوەیەدا خۆیان ڕێکخستە بکەن، ئەمەش بەدامەزراوە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بگەیەنێت، ئەوا ئەم ڕێکخستنە گەوهەریانە، هەموو جۆرە دەوڵەت و دەزگاکانی دەرەوەی کۆمەڵگا بێواتا دەکات. بەمجۆرە باڵادەستی لە گۆڕەپانی سیاسی بەدەردەنرێن کە گرنگترین شوێنی هەبوونێتی. کاتێ زاراوەیەک بەناوی باڵادەستی لە ئارادا نەما لە کۆتاییدا لەگەڵ بەڕێوەبردنی جڤاتەکان لەلایەن خودی خۆیانەوە دیموکراسی تەواو و ڕاستەقینە دەبێتە ڕاستینەیەکی شیاو.

ئەمەیە کاری ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازاد، بە دەوڵەت دەڵێ "من خۆم بەڕێوەدەبەم"، پێویست بینینی دەوڵەت لە ئارادا نامێنێت. لێرەدا دەرفەتی جێگیرکردنی دیموکراسی ڕاستەقینە فەراهەم دەکرێت. ئەم نوێنەرانە بوونیان دەبێ کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک دیموکراسی جێگیر دەکەن و سەرچاوەی خۆیان لە دابەشکردنی کاری گەل وەردەگرێت. نەک دەسەڵات و جیاوازی چینایەتی و باڵادەستی. هەر بۆیە نوێنەرایەتیەکانی ئەنجوومەنی هاوڵاتی ئازاد و ئەندام پەرلەمانەکان جێگای خۆیان لە دەوڵەتدا جیاوازیەکی گەوهەری و ڕیشەیی هەیە، دوای لە ناوبردنی باڵادەستی ترس لە نوێنەرایەتی پێویست ناکات، چونکە ئەو تەنیا دابەشکردنی کارە، فەرمانبەری ڕاستەقینەی گەلن. ئیتر هێزی دەزگای ئەو بەڕێوەبەرانە نەماوە کە هەموو جۆرە ستەمێکیان دەکرد، دەسەڵاتێکی دەرەکیش نەماوە کە بەرامبەر هیچ کەسێک بەکاری بێنێت. بەمجۆرەش بەڕێوەبەرایەتیەکی گەوهەری بەواتا ڕاستەقینەکەی جێگیر دەبێ.

هەر جۆرە بڕیارێک لە لایەن خودی ئەنجوومەنەوە وەردەگیرێ، کاتێ ئەم بڕیارە وەردەگرێ وەک نوێنەری یەکێ ً َک یاخود وەک ئەرکدارێکی پرۆفیسۆناڵ وەری ناگرێ، کێ نیشتەجێی گەڕەک بێت دەرهەق بە خۆی بڕیار وەردەگرێ و بەناوی هیچ کەسێک نییە، وەک ئەرکی هاوڵاتیبوون

خۆی بڕیار دەدات. ئەگەر کەسێک بەناوی گەڕەک چووبێ بانگەشەی نوێنەرایەتی کردبێ هەر کاتێک بخوازێت دەرفەتی کۆنترۆڵکردنی هەیە، چونکە هەر کاتێک دەتوانێت لە کارەکەی (ئەرکەکەی) دووری بخاتەوە. یەکێک بچێتە کۆبوونەوەیەک بە بڕیاری کۆمۆن یان ئەنجوومەنەوە دەچێت، کاتێک سنووری بڕیارەکانی ئەنجوومەنی خۆجێی تێپەڕبکات ڕەوابوونی نامێنێت. جگە لەو بوارانەی گفتوگۆی لە بارەوە کراوە رەوشێک یان بوویەرێک دەربکەوێت، لێرەدا پێویستە گەڕەک لەنێو دانوستاندنی بیرو بۆچووندا بێت، بەمجۆرە کۆتایی بە شێوەی کلاسیکی نوێنەرایەتی دەهێنین. بەتایبەت پێویستە تەدبیر بەرامبەر بەرهەمهێنانی پێشخستنی سیاسەتی پرۆفیسۆناڵ وەربگرین. بەدەر لەو بابەتانەی لە میانەی گفتوگۆکردنەوە بڕیاری لەسەر دەدرێن بۆ نوێنەرایەتیەکی نادیموکراتی دەگۆڕ ێ. لە راستیدا ئێمە خوازیارین سیاسەتمەداری کلاسیک یان خاوەن زهنیەتی باڵادەستی نەهێڵین و هاوڵاتیەکی سیاسی پێشبخەین کە خەریکی کاری گەلەو لە ئیشەکەی خۆی دوور و نامۆ نییە. ئەمەیە هاوڵاتیبوونی ئازاد. پرەنسیپی پاشداکشانەوە لە کۆمیناڵیزمی دیموکراتیدا پەیرەو دەکرێ، کەی خواستت بۆ دواوەی دەکێشیتەوە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەو کارەیە کە پێویستە بەڕێوەببرێ و چارەسەر بکرێ نەک کەسەکان. ئەمەش تێپەڕاندنی سیاسەتمەداریە. بەپوختی خزمەتکاری گەل جێگای باسە، نەک بەڕێوەبەرایەتی گەل. هەر نوێنەرێک پێویستە سنوورێکی ماقوڵی زەمەنی هەبێت، بۆ نموونە ساڵێک دەبێ، بۆ نموونە بیر لەوە بکاتەوە کەی ساڵێک لە گەڕەکێکدا چەندین کەس بە کاری هەمە جۆرو جیاوازەوە خەریک دەبن لە ماوەی دە ساڵدا هەر کەسە و فێری هەموو کارێک دەبێ. کاتێک دەڵێن نوێنەرایەتی وەکو یەک نوێنەر تێنەگەن دەتوانن نوێنەرەکان لە نێوان مەودای زەمەنیدا بگۆڕین.

## ڕێکخستەبوونی کۆمیناڵ:

ڕێکخستنی کۆمۆن ڕێکخستنی سەرەکی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکە، جەستەی سەرەکی پێکدێنێ، ڕێکخستەبوونی کۆمیناڵ شێوەی ڕێکخستەبوونی سەرەکی کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەتە، هاوبەش و دیموکراتیکە. بونیادو هێزی بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتی کارو چالاکی کولتووری ئابووری و کۆمەڵایەتی.. هتد ئەو توێژانەی دەرەوەی دەوڵەت یان چارەسەر نەکراوەکانە. لە ڕاستیدا کۆمۆنەکان هەم ئەنجوومەنی بڕیاردەری ڕژێمەکانی شێوازی دیموکراسیە، هەم کۆردیناسیۆنە هاوبەشەکانی ڕۆڵ و کارن. بەم واتایەش مەرجی هەبوونی دیموکراتی پێکدەهێنن، مەرجی سەرەکی ڕێکخستن کردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن خۆیەوە نەک کەسانی دیکەوە.

بەر لە هەموو شتێک کۆمۆن یەکینەی ڕێکخستنی هەمەجۆرە، پێویستیەکی گوند، گەڕەک، شارەکان و بڕیاردەر و بەڕێوەبردنێتی، لەم لایەنەوە کۆمین شێوازی ژیانێکی کۆمیناڵیزمی دیموکراتیکە. لەلایەکی دیکەشەوە لەپێناو پێویستیەکی بەرجەستە دەشێ کۆمین ئاوا بکرێ، بەڵام دەبێ وەک ڕێکخستنێکی کورت خایەن دەرکی پێ نەکرێ کە گرفتێک چارەسەر دەکات. کاتێ سیستەمی کۆمیناڵیزمی دیموکراتی ئاوادەکرێ دەشێ ئاواکردنی ئەنجوومەنی بڕیاردەرو کۆردیناسیۆنەکانی کارو ڕۆڵ واتا کۆمۆنەکان وەکو ئامرازێک و سەرەتایەک بونیادبنرێ. دواتر لە گوندو گەڕەکەکانی لەبواری ئاسایش، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەرجەم بوارەکانی ژیان گەیشتن بە هێزو بەڕێوەبەرایەتی گەوهەری دەکرێتە ئامانج. بەئەندازەی تەقلیبوونی دیموکراتیانەی تاک و گروپەکان کۆمۆن لە میانەی پشتبەستن بەراستینەی گەردوون و سروشتی ژینگەناسی دەکەوێتە گەڕو بەڕێوەدەچێ. بەرهەمهێنانی ئابووری بە شێوازێکی هاوبەش بە شێوەیەک ڕێکدەخرێ کە زیان بە سروشت نەگەیەنێ.

میکانیزمی کۆمۆن لەسەر بنەما دیموکراتیەکان و بەڕێوەبەرایەتی دیموکراسی راستەوخۆ دەست بە کار دەبێ، لە راستیدا جۆرێک لە ئەنجوومەنی گەلە، بڕیارەکانی بە شێوەیەکی ئاشکراو هاوبەش وەردەگیرێن. هەندەی کاتەکانی بڕیار وەرگرتن پراکتیزەکردنیش پشت بە تەڤلیبوونێکی دیموکراسیانەی بەرفراوان دەبەستێ. لە دابەشکردنی کار،چاودێریکردن، دەستنیشانکردنی لە پێشینەی کارەکان دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەکەوێتە گەڕ. جیاکاریەکی تایبەتی نییە وابەستەی ئەرێکردنە و لەکاتی پێویستدا ملکەچی لە ئەرک گرتنە، بەمجۆرە گەل هەم دەتوانێ رێگە چارەی ئەم گیروگرفتانە پێشبخات کە وەکو کۆسپ دەیانبینێ، هەم شێوازی ژیانی دیموکراسیانە ئاوادەکات، رێکخستنێکی راست و تەندروستانەی ژیان لەکاتێکدا ئەرکەکانی تێکۆشان چارەسەر دەکات، تێکۆشانێکی پشت بەستوو بە رێکخستنێکی تەندروستانە لەهەمانکاتدا گۆڕەپانی ژیانی دیموکراتیانە، یەکسان و ئازاد بەرفراوان دەکات. کۆمۆن کە بەواتای هێزی بەڕێوەبەرایەتی جەماوەری کۆمەڵگا دێت لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە بە تایبەتیش پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەت لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و دیموکراتی رێکدەخات. هەڵوێستی دیموکراتیانەی لە کۆمۆن دەستپێدەکات و لەگەڵ دەوڵەت لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و دیموکراتی رێکیدەخات، هەڵوێستی دیموکراتیانەی لە کۆمۆن دەستپێدەکات و تاوەکو سیستەمی کۆما جڤاکێن کوردستان جێگیری دەکات. بە ئەندازەی بە بنەماگرتنی پێکدادان تاوەکو رەوابوونی خۆی جێگیر دەکات، تێکۆشان بە بناخە وەردەگرێت. هەڵبەتە قورسایی (دەوڵەت + دیموکراسی) لە چوارچێوەی هەلومەرجی دیموکراسیانە بەردەوام گوزارشت لە گرژی و تێکۆشان دەکات.

کەواتە رێکخستەبوونی کۆمۆن گەوهەری بزووتنەوەی هاوڵاتیبوونی ئازادە کە بەواتای بزاڤی کۆمیناڵیزەبوونی دیموکراتی دێت، سەرکەوتنی سەرەکی بزووتنەوەی هاوڵاتی ئازاد راستەوخۆ گرێدراوی ئەو کۆمۆنانەیە کە ئاوایان دەکات. یەکێک بخوازێت بەناوی بزووتنەوەی ئازاد کاربکات دەبێت بزانێ بە ئاواکردنی یان جێگرتنی لە کۆمۆنێکدا دەست بەم کارە بکات گەیاندنی ئەو کۆمینانەی بە شێوازێکی بەرفراوان

لە هەرێمەکان ئاوا دەکرێن و بە دوالیزم (ژن و پیاو)ێکی تەندروستانە ئەرکێکی گرنگی بواری دیموکراسیە. دەشێ ئەم یەکینە ناوچەییانەی کۆمین بە ئەنجوومەن یان جیاوازتر بەناو بکرێت، گرنگ ناو نییە بەیەکگەیاندنی کۆمینە بونیادنراوە خۆجێیەکانە لە زەمینەی هاوبەشدا.

ئەنجوومەنەکانی شار گوزارشتی رێکخستنی رۆحی کۆمینە. لە شارەکاندا ئەنجوومەنەکانی شار ئۆرگانی هاوبەشی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی شارەکانە. ئەنجوومەنەکانی شار لە نوێنەری سەرجەم رێکخستنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە شارو شارەوانیەکان، نوێنەری گەڕەک و گشت جڤاتەکان پێکدێت. بە پشتبەستن بە میکانیزمی دیموکراتی بە پێی پەیڕەوێکی ناوخۆ کاردەکات، بڕیار وەرگرتن هاوبەشە، لە پراکتیزەکردنیشدا دابەشکردنی کارو چاودێریکردن بە شێوەیەکی قووڵ پەیڕەو دەکرێت. ئەنجوومەنەکانی شار لە نێو پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لەگەڵ کۆمینەکان کاردەکەن. لە کاروباری ناوخۆییدا شێوازی ئەنجوومەن و میکانیزمی پشت بەستوو بە کۆمسیۆنەکان بە بنەما دەگیردرێت. هەروەکو چۆن لە گەڕەک و گوندەکان کۆمین ئۆرگانی بەڕێوەبردنی راستەوخۆی گەلە لەلایەن خۆیەوە، ئەنجوومەنەکانی شاریش لە باژێردا دەکرێتە ئۆرگانەکانی راستەوخۆی خودی گەل. هەڵبژاردن، خۆپاڵاوتن، بەڕێوەبردنی گەڕەک و لە ئەرکگرتن  بە گوێرەی بنەما دیموکراتیەکانە. نموونەیترین ئەنجوومەن یان کۆمین واتە رێکخراوترین نموونەی شار، گوند، گەڕەک. لێرەدا تەواوی کۆمەڵگا وەک ئەنجوومەن یان کۆمین کاردەکات. چۆنێتی بەرهەمهێنان، چارەسەرکردنی گرفتەکانی تەندروستی و پەروەردەو سەرجەم گۆڕەپانەکانی تری ژیان ، خۆی رێکدەخات و پراکتیزەی دەکات. بۆ ئەمەش کار دابەش دەکات. کۆمیتە، کۆمیسیۆن، بەڕێوەبەرایەتیەک پێکدێنێت کە چاودێری دەکات.

وەک ئەنجام کاتێ بزووتنەوەی هاوڵاتی ئازاد بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پراکتیزە بکرێ، لەسەر بنەمای  پارادیگمای کۆمەڵگای دیموکراتیک - ژینگەپارێزی و ئازادی رەگەزگەرایی لە میانەی رێکخستەکردنی کۆمەڵگای کۆمیناڵ هەروەکو چۆن بە قووڵایی دیموکراسی گەل پێشدەخات، لە رێگای ئەو هێزەی لێرەوە وەریدەگرێت

تێکۆشانی ئازادی دیموکراتی بەرز دەکاتەوە. لەسەر بنەمای پەرسپەکتیفی چارەسەری دیموکراتیانەی دۆزی کورد خزمەت بەبەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاشتەوایی کۆمەڵگا دەکات. هەربۆیە پێویستە بە بێ بەفیڕۆدانی کات لەلایەن کەسانی پەیوەندیدارەوە کۆمین بکەوێتە رۆژەڤ و پراکتیزە بکرێت.

بزووتنەوەی هاوڵاتی ئازاد کە پێکهاتەی رێکخستەی سەرجەم توێژە کۆمەڵایەتیەکانە، بە ئەندازەی ئاواکردنی دیموکراتی کۆمیناڵ لە بواری (وەگەڕخستنیدا) لە سەرووی ئەو بونیادانەوە دێت کە پرەنسیپە سەرەکیەکانیان پێکدێنێت. هەرجۆرە رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆمینەکان، ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازاد و کۆمیسیۆنی دیموکراتی کۆمیتەی کۆردیناسیۆنەکان لە حەوت تاوەکو حەفتا ساڵی تاکێکی رێکنەخراو ناهێڵن و دەیبەنە ناو پێکهاتەی ئازادو دیموکراسی کۆمیناڵ. لەسەر ئەم بنەمایە بۆ بینینی چۆنێتی دەرکپێکردنی دیموکراتی کۆمیناڵ پێویستە سەیری ئاستی پراکتیزەکردن و رادەی کردنی بە شێوازێکی ژیان بکرێت. لەسەر ئەو بنەمایە بە ئەندازەی ئەو لێپرسینەوانەی دەکرێت، ئەنجامدانی ئەو سەر راستکردنەوە ژیانیانە و پراکتیزەکردنی زۆرگرنگە.

## کۆنفیدراڵیزمی ژنان:

یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و رەگەزیەکانی ژنانە لە رێگەی رێکخستەبوونی خۆیان و پێشخستنی ئەم رێکخستەبوونە. وەک کۆنفیدراسیۆن یەکێک لە بایەخدارترین پێکهاتەکانی دیموکراتی کۆمیناڵیزم کۆنفیدراسیۆنی ژنانە. ئایا هەبوونی سەربەخۆیی ئابووری ژنان ئازاد دەکات؟ دیسان لە میانەی بە دەستە وەگرتنی دەسەڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی کۆمەڵگا دەتوانێت کێشەی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا چارەسەر بکات؟ لە رێگای یەکسانی ژن و پیاو دەشێ ژیانی ئازادانەی هەر دوو رەگەز بەرقەرار بێت؟ لەم بارەیەوە دوو هەڵوێستی سەرەکی هەیە:

یەکەمیان: هەڵوێستی لیبراڵەکانە کە لە میانەی بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا چارەسەری کێشەکە بە بنەما دەگرێت. شوێنکەوتوانی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە درێژکراوەی هەڵوێستی لیبراڵەکانن هەوڵیانداوە لە میانەی دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمهێنان لەلایەن چینێکەوە کێشەکە چاەسەر بکەن، بەڵام کێشەکە بەم شێوەیە چارەسەر نەبووە. یەکەمیان سەدو پەنجا ساڵ تا دووسەد ساڵ تاقیکرایەوە ئەویتریشیان نزیکەی هەشتا ساڵ تاقیکرایەوە، بەڵام نەبوون بە رێگای چارەسەری. لە میانەی خولانەوەی دەسەڵات لە بازنەی چینێک و یەکسانی ئابووری کێشەی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا چارەسەر ناکرێت.

رەگەزپەرستی کۆمەڵگا بە تایبەتی لە رێگەی ئەم هێزانەوە چارەسەر نابێ کە خۆیان کێشەکەیان خوڵقاندووە، لە رێگای بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران، پەیڕەوکردن و دابەشکردنێکی دادپەروەرانە، بەشی کارو رۆڵی دەسەڵاتخواز بنەبڕ ناکرێت، یەکسانی چینایەتیش رەگەزپەرستی کۆمەڵگا لە نێو نابات. کاتێک سیستەمی پیاوێتی تاوتوێ دەکەین خودا، ئاینە یەکتاپەرستەکان، دەوڵەتگەرایی و دەسەڵات لەبەرامبەرمان قووت دەبنەوە، هەربۆیە کێشەکە لە بواری شیمانەکراو ئاڵۆزترە. رەگەزپەرستی کۆمەڵگا تەنیا بۆ چارەسەرکردنی هەردوو رەگەز سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لەسەر ئەم بنەمایە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ریشەدارکراوە، ئەو تێڕوانیانانەی دەڵێ خۆشگوزەرانی ئابووری بکەوێتە ژێردەستی هەر یەکێک لە دەستبەسەرداگرتنی ژنان رۆڵیان هەبێت، ئەوە لەمیانەی نرخاندنێکی ئەرێنیانەی ئەو ناوەندەی دەسەڵات کە ژنیش خۆی جێگای تێدا گرتووە، ژنان ئازاد دەبن، خەڵەتاندنێکە. ئەمەش رۆڵێکی زۆر لاوازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا هەبووە. هەروەکو لەتیۆری فێمێنیستی بینراوە ئەوانەی کاریگەریەکانی بورژوایان تێپەڕنەکردووە خەریک نەبوونێکی ئەوتۆیان بە دەوڵەت، جیاوازی چینایەتی بە هیچ جۆرێک تێری نەکردو راستیەکەیان ئاشکرا بوو.

ئەو فێمێنیستانەی لە سنووری لیبراڵەکاندا مابوونەوە بەهۆی دەرکنەکردنیان بۆ هەندە بەناویەکدا چوونی زاراوەکان بنبەستبوون. هەروەکو چۆن لە بواری تیۆریدا سۆسیالیزم ئەم کێشەیەی شینەکردەوە،

له بواری کرداریشدا سەرنەکەوت. هەرچی ئەنارشیستەکان بوون پەیوەستداربوونیان بەم گۆڕەپانە زۆر کەم بوو زیاتر خەریکی دەوڵەت یان تاک بوون و زۆر لە دواوە سەیری ژنیان کردووە. ئەوەی دەرکەوتە مەیدان جیاوازی چینایەتی، پیاوسالاری و تێپەڕنەکردنی هاوسەرگەری پیرۆز دەرکەوت کە ئاینی یەکتاپەرستی پێشخستووە. ئەگەر هەوڵی خەریکبوون بەیەکێک لەمانە بدەن، ئەوا هەموویان رووبەڕووت دەبنەوە. گەر خەریکی تەواوی ئەمانە بیت رێکخستنەکانی گۆڕەپانی دژ لەبەرامبەریان ئاوا بکرێت دەتوانین رەگەزپەرستی کۆمەڵگا لە ئارادا نەهێڵین، دەشێ هەر رەگەزێک کۆمەڵگابوون و بەرهەمی کۆمەڵایەتی خۆی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە.

جیاوازی زۆر تیژ دانراوە، بەڵام ژن لە پیاو، پیاو لە ژندا هەیە، لە بواری جەستەییەوە بەم شێوەیە، بەڵام ئێستا بەپیاوێک بڵێیت ژن لە تۆدا هەیە دەبێت بە مەسەلەی تاوان. ئەو رەوشە لەلایەن فەلسەفەو زانستەوە پشتگیری کراوە. سەرباری ئەوەی لە دایکەوە هاتووە، دەڵێن تایبەتمەندی دایک لە پیاودا نییە، بۆچی؟ بۆ بەڕێوەبردنی ژنان پێویستی بە دوژمنایەتیکردنی ژنان هەیە. دواتر خۆشەویستی دەبێتە چیرۆک و ساختەکاری، دەتوانین بە پێی زانست نموونە بهێنینەوە. مەسەلە گفتوگۆ لەبارەی ئەناتۆمیەوە(توێکاری زانی) دەکرێت، رەگەزپەرستی کۆمەڵگا لە ژێریەوە شاراوەیە، گفتوگۆ دەربارەی فەلسەفە دەکرێت، دیسان رەگەزپەرستی کۆمەڵگا لە ژێریەوە دەردەکەوێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ تەواوی ئەم بوارانەدا شینەکرێتەوە تەنیا تاوتوێکردنی کێشەکان لە میانەی بەرهەمی ئابووری مەسەلەکان چارەسەر ناکات.

هەربۆیە پێویستە لەناو کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا بە شێوەیەکی سیستەماتیک رەگەزپەرستی کۆمەڵگا تاوتوێ بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش بۆ بەلاوەنان و نەهێشتنی لاوازی و بچووک بینینی ژنان کە بناخەی رەگەزپەرستی کۆمەڵگایە، پێویستە ژنان ڕیکخستنبوونی خۆیان ئاوابکەن و لەرەوشی بوون بەزەمین رزگاریان بێ. ئەگەرنا کۆنفیدراسیۆنی ژنان کەپێویستە بەردەوام بۆ کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک

هێز بەخشبێت دەکەوێتە بواری قەیرانەوە. رێگەی ئازادکردنی ژنان تەنیا ڕاکێشکردنی بۆ سۆسیالیزم، تەڤلیکردنی تێکۆشان، یاخود وەکو پارچەیەکی بزووتنەوی گشتی خستنە نێو جموجۆڵکردن نییە، لەنەمانی جیاوازی چینایەتیدا یەکسانبوون لەخۆیەوە ئازادی و یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان ناهێنێ، لەراستیدا پێویستە تاوەکو پێکهاتەی گۆڕەپانی پلەداری و ڕەگەزپەرستی یەکسانی و ئازادی بڵاوبکرێتەوە. سۆسیالیزمێکی بەم جۆرە لەراستیدا ئەم جارە دەتوانێ ئازادی رەگەزەکان بەدەست بێنێ، لەبەر ئەوەی سۆسیالیزم دەسەڵاتی رەگەزی لەئارادا ناهێلێ، دیموکراسی قووڵ لەخۆوە دەگرێ.

لەسەر بنەمای بەرگری رەوا شەڕ وەک بەرهەمێک بەڕێوەدەبەین، بەڵام خەباتی گۆڕەپانەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و هونەری و بوارەکانی دیکەی ژیان چەندین بەرهەمی دیکەی جیاوازیان هەیە، بەرهەمی کۆمەڵگاو هەمەڕەنگیەکەی پەسەند دەکەین. لەتەواوی ئەم بەرهەمهێنانەدا، کۆمەڵگابوونی ژنان دەبێ یان نا؟ ئەگەرنابێ کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی پێشناخرێ، ئەگەر بگوتری جگە لەچوارچێوەی بەرهەمی گشتی نابێ بەرهەمی خۆی هەبێ، ئەوە ژن ئەو لێکچواندنە ڕەگەزیە تێپەڕناکات کە لەمێژەوە هاتووە. لەراستیدا پێویستە گۆڕەپان مەزن بکرێت، ئیتر تازە بەتازە گفتوگۆ لەسەر زەرەرمەندی پیاوەوە دەکرێ بەدەست سیستەمی رەگەزپەرستی کۆمەڵگاوە. پیاو بەر لەدایکبوون دەوڵەت لە بووهێلەکانیدا هەڵدەگرێ. کاتێک بەم جۆرە بیر بکرێتەوە کەسیستەمی بەرهەمی پیاو راستترە ئەوکاتە کارەسات روودەدات، ئەو شوێنانەی بەرهەمی پیاوی پێگەیشتووە، هەرە زێدە لەشەڕەکاندا بینراوە، دەسەڵاتێکی وەها بۆ پیاو ئاواکراوە، تەنانەت بەر لەدایک بوونیش دەسەڵاتی هەیە، لەسگی دایکیدا دەسەڵات بەکێ دەدرێ، پیاو رەگەزی هەرە بەبەخت و بێ بەختە لەجیهاندا، بەر لەدایکبوونی پیس دەبێ و پیس دەکات.

لای سۆسیالیزمی بونیادنراو جگە لەڕێکخستنی گشتی ژن ڕێکخستنی تایبەتی خۆی ئاوانەکردووەو نەبۆتە خاوەن ئیرادە. هەر بۆیە لەزەمینێکدا کەڕەگەزپەرستی کۆمەڵگا تێیدا بەردەوام بێت و ئەو لاسەنگییەی بەهۆی

مۆنۆپۆلی پیاو لەهەموو بوارو گۆڕەپانەکاندا هاتووەتەئاراوە، ئەگەر مۆدێلێکی ڕێکخستن و زهنیەتێک نەخرێتەڕوو کەژن تێیدا کاریگەر بێ، ئەوە نەک کێشەی ڕەگەزی چارەسەر ناکات، بەڵکو گرژی دروست دەکات، لەچەمکی پێکهاتەیەکی بەم جۆرەدا، تەنانەت مافی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگابوونیش بەژن بدرێت یان ئەوەتا پەیوەستبوونی کلاسیک یاخود بەرەو ڕەوشی پێکدادانی دەبات.

لەساڵانی (1990) نەوەدەکان ڕێبەرایەتی (PKK) هەوڵی تێپەڕاندنی ئەم ڕەوشەی داوە، ئەمڕۆش وایکردووە، (PKK) سیستەمی کۆنفیدڕاڵ لەچوارچێوەی ئەم تەوەرەدا ئاوا بکرێت.

بزووتنەوەی PKKو کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک کە بە دەزگابوونی دیموکراتیانەی کۆمەڵگایە وەها لە کێشەکە دەڕوانن کە بە بەشداریکردنی ژن لە دەوڵەت، چین و بەرهەمهێنانی ئابووریدا دۆزەکەیان چارەسەر نابێ. لە کۆنفیدراڵیزمدا هیچ یەکێک لە کێشە ڕەگەزیەکان بۆ دوای دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دواناخرێ.تێکۆشان لەبەرامبەردەسەڵات دواناخرێ.یان بە تێگەیشتن و هووشیاریەکی دیموکراسیخوازی سۆسیالیستانە یاخود هۆشیاریەکی دەسەڵاتخوازانە جموجۆڵ دەکرێ. هیچ کێشەیەکی ئەمڕۆ بۆ سبەی دواناخرێ، ڕێبەرایەتی لایەنگری چارەسەرکردنیەتی لە ئان و ساتی خۆیدا. هەر بۆیە دەبێ دەرک بەو ڕاستینە بکرێ کە لە بونیادنانی دیموکراسیدا کۆنفیدراڵیزم کۆمەڵگای ڕەگەزپەرست، دەسەڵاتگەرا، دەستڕۆ و جیاکاری هیچ چین و توێژێک پەسەند ناکات. پارادیگما (جیهانبینی)ی کۆمەڵگای دیموکراتی، ژینگەپارێزی و ئازادیخوازی ڕەگەزی گوزارشت لەم ڕاستینە دەکات.

لەم پارادیگمایەدا دژی ئەو پێناسانەین کە لەبەشی ڕۆڵ و کاردا بەواتای کۆمەڵگای ڕەگەزی دەسەڵاتگەرا دێت. هەربۆیە تێڕوانینمان سەبارەت بە کۆمەڵگای ڕەگەزی لە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیدا فێمێنیزم تێپەڕدەکات، کە لەسنووری لیبراڵدا ماوەتەوە. بە مەودایەکی زیاتر ئەنارشیست و سۆسیالیستەکان تێپەڕدەکات، کە لە هەردوو بواری تیۆری و کرداری

دەوڵەتگەرایان تێپەڕنەکردووە. بۆ چەمکی ڕێکخستەبوونیش دەتوانرێت ئاماژە بە هەمان ڕەوش بکرێت.

ئەنجوومەنەکانی لاوان و ژنانیش پێویستن، دەبێ ئەمانە لەگەڵ ئەنجوومەنی هاوڵاتی ئازاد تێکەڵ نەکەین. ئەوەی گرنگە ژن ببێتە بەڕێوەبەر یاخود خوڵقاندنی بە کۆمەڵگابوون خۆیەتی، ئایا ڕێکخستنی ژنان بە کۆمەڵگابووە؟ یاخود ڕێکخستنی ژنانی بەڕێوەبەر بەبنەما دەگرێت. ئەگەر ڕێکخستنی ژنان بە کۆمەڵگابوون بە بناخە دابنێ، ژن ناچارە ڕوو لە هەموو ژنانی ناو کۆمەڵگا بکات. ناوی ئەمەش ئەنجوومەنە. لە ڕەوشێکی بەمجۆرەدا تەواوی بڕیارەکانی دەرهەق بەبەرهەمهێنان و بە کۆمەڵگابوونی ژنان سەرجەم ئەو ژنانە دەیدەن کە لە گەڕەکەکەدا دەژین.

هەرچی کۆمۆن و ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازادە بەبێ جیاکاری لە نێوان کۆمەڵ ،پۆلێنبەندیەکانی ڕەگەز و چین، گشت گوند یان گەڕەکی پەیوەندیدار بڕیار دەدات. وەکو دیاردەیەکی یەکتر تەواوکەر توێژێک کە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەژی و کێشەو گرفتی جیاوازی هەیە و خوازیاری خۆبەڕێکخستەکردنە، دەتوانێ لەناو ڕێکخستنی کۆنفیدراڵیزمدا جێگای خۆی بگرێ. ناوەکەشی دەبێ بە ئەنجوومەن. ئەوەی لێرەدا گرنگە پێویستیەکانی کۆمەڵگا دابین دەکرێت یان نا، واتا نابێ قۆناخی بە کۆمەڵگابوون یان چالاکی سیاسی بە گوێرەی ئۆرگانێکی سیاسی و ناوەندی و گشتی سنووردار بکرێ. دەبێ ڕەچاوی کارکردن و ئاستی هێز بەخشینی بەو سیاسەتە بکرێ کە پشت بە کۆمەڵگا دەبەستێ. کاتێ بەمجۆرە پێکهاتەی ڕێکخراوەکان کۆسپ نانێنەوە، تەنانەت بەهۆی تەقلیبوون و بەشداریکردنی بەبەرنامەو ڕێکخستەییان سوودبەخش دەبن. ئەی ئامانج ئەوە نەبوو لە ڕێگای ئەم ئەنجوومەن و ڕێکخستنەکانی کۆمۆن کۆمەڵگا بە شێوەیەک ڕێکخستە بکرێ کە تەنانەت تاکێکیش لە دەرەوە نەمێنێ؟

هەروەها هەر کەسێک جێگای لە نێو بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە. ژن کۆمەکێک نییە بۆ بەرهەمی کۆمەڵایەتی، تەنیا سەربەخۆ بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بەدەس دێنێ. ئەمەش بە واتای کۆمەکێکی بەهێز بۆ سەرجەم

بەرهەمەکانی کۆمەڵگابوون و تەواوکردنی دێت. لەم چوارچێوەیەدا لەبەرهەمی کۆمەڵگابووندا ژن جێگای دیاریکەرە. پێکهاتەیەکی تەسکی کۆمەڵگا کە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی ژن شێوەی گرتووە ئازاد نابێ و کەسیش ئازاد ناکات.

هۆکاری پشتبەستن بە توێژە بەرفراوانەکانی گەل ئەو چەمکەی رێکخستنە کە کاریگەریەکانی دەوڵەتگەرایی لە خۆوە دەگرێ و خۆی لەو چەمکە رزگار نەکردووە کە هەر رێکخستنێک بە خۆیەوە دەبەستێتەوە. هەر بۆیە ئەو پێکهاتانەی لاوان و ژنان پەسند ناکرێ کە کۆمەڵە کلاسیکیەکانیان تێپەڕنەکردووە، لەکۆمەڵگا دوورن و بەگوێرەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا شێوەیان گرتووە. وەک پێکهاتە کۆمەلایەتیەکانی ژنان و لاوان کۆنفیدڕاڵیزم تاوتوێ دەکەین. پێویستە جیاوازی نێوان هەردووکیان و ئەو ئەنجامانەی دەیخوڵقێنن باش دەرکیان پێ بکرێ.

## کۆنفیدڕاڵیزمی لاوان:

سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتی رۆژگاری ئەمڕۆمان بناخەی خۆی لە کۆمەڵگای پلەداریەوە وەردەگرێ. ئەو راستینەیەی وەک ژەنتۆکراسی (علم الاجناس) ناوزەدی دەکەین؛ واتا بەهۆی لاوازبوونی تەمەنداری خاوەن ئەزموون هەوڵدەدات لاوان بخاتە خزمەت و ژێر کاریگەری خۆیەوە. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەرچەندە شێوەو بچمی خۆی گۆڕیبێ ئەم رەوشە قوڵ بۆتەوە و بەردەوام بووە. لەسەردەمی دانا تەمەندارەکانەوە تاوەکو دەگاتە زاناو دەزگا زانستیەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان بەشی هەرە ژیانی و هەستیاری زانیاریە ستراتیژیەکان بەلاوان نادرێت. ئەو زانیاریانەی پێی دەدرێ ئەو لایەنەیە کە زیاتر بێ هۆشی دەکات و وابەستەییەکەی دەکات بە هەمیشەیی. واتا کاتێ زانیاریشی پێ رادەگەیەنرێ ئامرازەکانی جێبەجێکردنی پێنەدراوە. سیستەمی فشاری سیاسی و کۆمەلایەتی لەسەر لاوانیش پەیڕەو دەکرێ، لاوان دووچاری بێ بەزەییانەترین شێوەی دەسەلاتی ــ جەستەیی هاتوون. لێگەڕینی لاوان بۆ ئازادی تەنیا بە هۆی سنووری تەمەنی جەستەیی نییە، بۆ هەبوونی ئەو

سیستەمەی فشار دەگەڕێتەوە کە لەئارادایە. ئەم لێگەڕینەی ئازادی پێویستە لەسەرجەم ئەو بوارو گۆڕەپانانەی ژیان پێشکەوێت کە لاوان جێگای خۆیان تێدا دەگرن.

سەبارەت بە بابەتی لاوان کە وەک ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ستاتۆیەکی جڤاکی پێناسەی دەکەین، لەراستیدا رووبەڕووی چینێکین. لەوانەیە پێناسەی چین بەشێوە و شێوازی جیاجیا بکرێ. هەندێکیان بەگوێرەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، هەندێکیشیان بەگوێرەی لایەنگریکردن لەناو کۆمەڵگادا پێناسەی دەکەن. هەروەها بەگوێرەی بزووتنە سیاسیە جەماوەریەکانی دژ بە دەسەڵاتە سیاسیە باڵادەستەکانیش پێناسە دەکرێ. لەم بوارەدا پێناسەیەک هەیە کە بەردەوام رێبەرایەتی بەکاری دەهێنێ: ژنان یەکەمین چینن کە دووچاری چەوسانەوە هاتوون. بە گوێرەی ئەم دەستەواژەیە، وەک ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی دژ بە چەوسانەوە، رێبەرایەتی بە واتای بوونە وەڵامی لێگەڕینی هێزی یەکسانی، ئازادی و دیموکراسی وەک چین پێناسەی دەکات. دەشێ ئەم پێناسەیە بۆ لاوانیش پێشبخرێ، بەشێوەیەکی گشتی وەک کاتەگۆڕی (رێزبەندی) تەمەن پێناسەی دەکەین. راستە، بەڵام پێویستە لە هەمان ئاستدا لە گۆڕەپانەکانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری تەنانەت لەم چوارچێوەیەدا لە بوارەکانی ئایدیۆلۆژی و سیاسیشدا پێناسە بکرێت. ئەم بابەتە لای هەموو کەسێکەوە پەسندکراوە کە لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا لاوان جێگایەکی گرنگیان هەیە. هەربۆیە پێویستە رێکخستەبوونی ناسنامەش لەناو ئەم بە کۆمەڵگابوونەدا بێت. لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆمان بە پێکهاتەی کۆنفیدراڵ ناومان برد. بە گوێرەی ئەوەی دیموکراسی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان جێگای باسە، دەشێ تایبەتمەندێتی لاوان لە کەرەستەیەکی چەوسانەوە و داینەمۆی خستنەگەڕی پێچکەکانی دەوڵەت بوون و پلەداری رزگار بکەین و بکرێ بە چۆنایەتیەکی حەسرەتەکانی ئازادی و یەکسانی. هەربۆیە رێبەرایەتی لاوانی وەک ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی تاوتوێ کرد و سیستەمە رێکخستنەکەیشی بەلاوانی دیموکراتیک بەناو کرد.

لەشاکاری بەرگریکردن لە گەلێک ڕێبەری گەلی کورد لەبارەی لاوان و تێکۆشانیان دەڵێ "لەتێکۆشانی کۆمەڵگای دیموکراتیکدا پێویستە بەشێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوت لەگەڵ توێژی لاوان بکرێت. کاتێ لاوان بەرەو کۆمەڵگابوون دەچن ڕووبەڕووی تەڵەزگەی مەزن دەبنەوە. لەلایەک هەلومەرجی کۆمەڵگای باو و نەریتی باوکسالاری، لەلایەکی تریشەوە لەژێر هەلومەرجەکانی ئایدیۆلۆژیای فەرمی سیستەم پەلەقاژەیەتی، لەمیانەی دینامیکیەتی خۆشیەوە، خاوەن پێکهاتەیەکی کراوەیە بۆ نوێبوونەوە و نوێگەرایی. بەرامبەر ڕووداوەکان تاوەکو بڵێی بێ ئەزموونە. لەژێر کاریگەری کۆمەڵگای بەساڵاچوو دوورە لەدۆزینەوەی ئەو ڕەوشەی بۆی تەرخانکراوە و شایەنی بینراوە. لەبەرامبەر هەزار و یەک فێڵ و تەڵەکەبازیەکانی سیستەمی سەرمایەداری تەنانەت ناتوانێ هەناسەش بدات. تەواوی ئەم ڕاستیانە پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی بۆ لاوان دەکات بەناچاری کە لە تەڵەکەبازیەکان دووربێ و لەگەڵ گەوهەرەکەی بگونجێ. پەروەردەی لاوان کارێکە سەبر و هەوڵێکی مەزنی پێویستە. بەرامبەر بەمەش خاوەن چەتوونی و جۆش و خۆرشێکە کە بەدینامیکیەتی خۆی دەتوانێ داستان بنووسێ. کاتێ بەباشی دەرک بەئامانج و ڕێچکەی کاربکات، هیچ ئیشێک نییە کە تێیدا سەرنەکەوێت. کاتێ ئامانج و ژیانی بەپەیڕەو وەکو دسپلینی سەرەکی ببینێ و سەفەربەر بێت، داکۆکی و سەبر کەمناکاتەوە، بایەخدارترین کۆمەک بەدۆزە مێژووییەکەیان دەکات.

کاتێ هەڵمەتێک بەپێشەنگایەتی ئەم چەشنە کادیرانە لەناو لاوانی دیموکراتیک دەسپێبکات، دەبێتە گەرەنتی سەرکەوتنی تێکۆشانی گشتی کۆمەڵگای دیموکراتیانە. شانسی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کۆمەڵگایەک سنووردارە کە لەدینامیکی لاوان بێبەشە. ئەزموونی بەساڵاچووان و دینامیکی لاوان دیاردەیەکە لەهەموو قۆناخەکانی مێژوودا خۆیان نیشانداوە. ئەوانەی لەکارواندا پەیوەندی پتەوی نێوان هەردووکیانی ئاواکردووە بەردەوام ڕادەی سەرکەوتنی بەرز بووە. بۆ لاوانی ئەم ڕۆژگارەمان خەیاڵی مەزن تەنیا بەمجۆرە واتادار دەبێ کاتێ بڵێ چۆن لەم قەیرانەی سیستەمی کۆمەڵگا ڕزگارمان دەبێ، بزووتنەوەیەکی لاوانی

بێ خەیاڵ تەنیا لەمیانەی گەڕانەوە بۆ خەیاڵی راستەقینە دەتوانێ لەگەندەڵبوونی لەدەستدانی تەواوی ژیان رزگاری ببێ. تێگەیشتن لەرەوشی گێژاو (کائوس) کە دوا قەیرانی سیستەمی سەرمایەداریە بۆ لاوان مەرجی ئەنجامدانی قەڵەمباز و پێ هەڵگرتنە. لەگەڵ ئەمەشدا هەرسکردنی بەهاکانی کۆمەڵگای دیموکراتی، ئازادی رەگەزگەرایی و ژینگەپارێز دەرفەتی سەرکەوتنی مێژوویی پێدەدات. لەلایەکی دیکەشەوە لەکاتی خۆ ئاواکردنێکی تەندروستانە دەیکاتە خاوەن رۆڵێکی راستەقینە لەبونیادنانی کۆمەڵگای بەئامانج کراودا. هەموو شتێک لەمیانەی بەشداریکردنێکی راست و نوێ لاوان بۆ هەڵمەتی مێژوویی ـ کۆمەڵگا دیاردەبێت".

کۆنفیدڕاڵیزمی لاوان تەنیا یەکێتی ئەو رێکخستنانەی لاوان نییە کە لە ئارادان، ناشێ وەک رێکخستنێکی چەترئاسا یان بزاڤێک تاوتوێ بکرێ. نابێ بە چاوی بەرەیەکی رێککەوتن لەگەڵ لاوانی میللەتانی دیکەش سەیری بکرێ. لاوانی ـ دیموکرات سیستەمێکە. سیستەمی چالاکیەکانی ژیانی دەرەوەی دەوڵەتی تەواوی لاوانی ناو کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیکە. بەکۆمەڵگابوونی لاوانە، ئاواکردن و بەرهەمهێنانی ژیانی لاوانە. رێکخستنی چالاکیەکانی لە جۆری پەروەردە، تەندروستی، وەرزش و سیاسەت.. هتد. واتا ئەو شێوە ژیانەی کۆمەڵگایە کە لەلایەن لاوانەوە ئاوا کراوە و دەشێ بە لاوانی ـ دیموکراتیک ناوی ببەین.

سەرجەم رێکخستنەکانی لاوان لەناو لاوانی -- دیموکراتدان، بەڵام لە هەمانکاتدا لاوانی ـ دیموکرات ناسنامەیان بارێکی رێکخستنی گشتیە کە هەر کارو خەباتێک تێپەڕدەکات، چونکە هیچ رێکخستنێکی لاوان لە ئاستی ئەو هێزەدا نییە بەتەنیا بتوانێت پێویستیەکانی لاوان جێبەجێبکات. بۆ بەکۆمەڵگابوون پێویستی بە پێشەنگایەتی هەیە. پێشەنگ لاوانی ـ دیموکراتە، ئەویش پێویستی بە پێکهاتەیەک هەیە نەک گرفتی توێژێکی لاوانی ناو کۆمەڵگا، بەڵکو سیستەمێک ئاوابکات و کێشەی سەرجەم لاوان چارەسەر بکات، ئەم بەکۆمەڵگابوونە دیموکراتیە لەگەڵ خۆیدا زیندوو بکات و بیژێنێ. ئەمەش توانستی ژیانی لاوانی ناو کۆمەڵگایە بەبێ ئەوەی تێکەڵی باوکسالاری دەوڵەت و خێزانی بکەین. بەسەدان

ئەنجوومەن و چەندین کۆمەڵە و چەندین گۆڤارو رۆژنامە لەسەرووشیانەوە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژی و ناوەندە کولتووریەکان... هتد جێگای خۆیان تێدا دەگرن.

گوزارشتی هەرە کرداری و بەرجەستەیی لاوانی ـ دیموکرات ئەو پێکهاتانەیە کە بەشێوازی ئەنجوومەن کاردەکەن، لەگەڵ ئەو بونیادەی چەندین رێکخستن لە خۆوە دەگرێ، شێوازو میکانیزمە دیموکراسیەکانیانە، پێویستە کارەکانی کۆمۆن و ئەنجوومەنی لاوان وەکو گەوهەری بەرجەستەی لاوانی ـ دیموکراتیک ببینرێ. واتە یەکەمین رێچکەی رێکخستەکردنی ناسنامەی لاوان گەیشتنیەتی بەزەمینەیەکی سیاسی کە بتوانێ بەناوی خۆیەوە رادەربرێ، ئەمەش توانای بوونی ئەنجوومەنە سیاسیەکانە بەهێزی پۆلیتیک و تەواوی ئەمانەش پشت بە جەماوەرێکی بەرفراوانی لاوان ببەستێت. واتە گەیاندنێتی بە ئاستێک کە بەناوی خۆی رێکخستە ببێ. بڕیار بدات و پراکتیزەی بکات. ئەگەر بە گوێرەی لۆژیکی لاوانی دیموکراتیک جموجوڵ بکرێ نەرکابەرایەتی کلاسیک، نەتواندنەوە لەناو یەکتریدا و نەپلەداری کلاسیک لەناو لاواندا، هیچ یەکێکیان دەرناکەوێت، ئەگەرنا بەگوێرەی گرنگی ریزبەندی بوارەکانی تێکۆشانی سیاسی، خوێندکاران، کولتوور و خۆجێی... هتد، ئەوا پلەداری ناسنامەی لاوان دێتەئاراوە. بەگوێرەی گرنگیەکەی رووبەڕووی دەکرێتەوە و دەگوترێ ئایا تێکۆشانی لاوانی سیاسی گرنگە، یان لاوانی خوێندکار؟ ئیتر لەناو تێکۆشانی لاواندا پلەداریەک سەرهەڵدەدات کە وەک بوویەرێکی سروشتی دەبینرێ و پێبەپێ جێگیر دەبێ، لەناو خودی لاوان و ناسنامەکەیدا جیاوازی چینایەتی دێتەئاراوە و بەرەو دابەشکردنی گۆڕەپانەکان هەنگاو دەهاوێژێ. لەسەر بنەمای ململانێ و پێکدادان لەگەڵ یەکتری کۆکردنەوەی هێز وەک بژارێک هەڵدەبژێردرێ، هەربۆیە رێکخستنی سەرتاسەری ناسنامە نایەتە ئاراوە.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هیچ رێکخراوێکی لاوان ناتوانێت بانگەشەی رێکخستەکردنی تەواوی لاوان بکات. لەم قوناخەدا ناتوانرێ بگوترێ کە رێکخراوەکانی لاوان بەشێوەیەکی دروست هێز لە یەکتری وەردەگرن، هۆکارەکەشی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی تیۆری، گەر تیۆریش

نەبێ، بەشێوەیەکی کرداری باڵابوون و پلەداری لەنێو رێکخراوەکانی لاوان وەک ئەنجامێکی پراتیکی پەسندکراوە. ئەمە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و رێکخستنە جیاوازەکانی دیکەشدا هەیە.

ئەو بوویەرەی بەژینگە(سروشت)پارێزی کۆمەڵگا ناومان برد تاڕادەیەک لێرە خراپ بووە. کاتێک باس لە رێکخستنی دیموکراتی و سروشتپارێزی (ئیکۆلۆژی) دەکرێ، نابێ تەنیا وەک هەستیاری بەرامبەر رووداوەکانی سروشت دەرکی پێبکرێ. رێکخستنە دیموکراتی و سروشتپارێزیەکان لەناو خۆیدا پشت بە رەدکردنەوەی پلەداری دەبەستێت. پشت بە پەسەندنەکردنی پلەداری کۆمەڵایەتی، پلەداری نێوان ناسنامەکان، پلەداری نێوان هەردوو رەگەز، پلەداریەکانی شێوازی چینایەتی ناو دەوڵەت و پەسندنەکردنی مەیلە هاوچەشنەکانیان دەبەستێ. لەسەر بنەمای ئەم رەدکردنەوە یەکسانی و ئازادی پەرەدەسەنێ. ئەگەر لە جیاتی ئەو هەژموونگەرایی و باڵادەستی پەسەند بکرێ، ئەمەش بە گوێرەی پەیوەندی هێز رێکخرابێت، ئەوا لاوانیش لەناو خۆیاندا شێوازێکی پلەداری ئاوا دەکەن. تەنانەت بە شێوەیەکی سروشتی پەسەند دەکرێت. لەم خاڵەشدا رێکخستنی ژینگە(سروشت)پارێزی - دیموکراتیک نەماوە، لەدەست دراوە. هەربۆیە رێکخستنی لاوان لەسەر بنەمای پەیوەندی هێزێکی سیاسی لە (تەوەرەی دەسەڵاتدا) بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی مەترسیدارە. رێکخستەکردنی لاوان وەک ناسنامەیەکی تایبەت لەناو کۆمەڵگا واقعیانەترە. هەربۆیە رێکخستنی کۆنفیدراڵ وەک سیستەمێک پێشخراوە.

سەبارەت بە تێپەڕکردنی ئەو ئاڵۆزیەی لەبارەی ئاواکردنی سیستەم لە ئارادایە، بەبێ درەنگخستن یەکلاکردنەوەی و گەیاندنی لاوان بەرەوشێکی رێکخستەیی و دینامیک و ئامادە بۆ چالاکی و بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پتەو پێویستە لاوان بە پەلە و خێراتربن. دەشێ ماوەیەکی زیاتر بە توێژەکانی دیکە بدرێ، بەڵام بە هۆی نزیکبوونی لاوان لە زانست و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و گەیاندن و ئەم شوێنگە کۆمەڵایەتیەی لەناو کۆمەڵگادا هەیەتی لە رەوشێکدان دەتوانن بە شێوەیەکی خێراتر تێپەڕی بکەن، تەنانەت

دەتوانرێ ئەمە بکرێتە خاڵێکی(ئاوانتاژ) بەهێزیش. ئەگەر ئەم هەنگاوە نەهاوێژرێ لەناو قاڵبە کۆنەکانی زهنیەت بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، لەبوون بە پێچکەی سیستەم رزگاری نابێت.
لە چوارچێوەی ئەو پێناسە و دەستنیشانکردنانەی پێشمانخست لاوان نەک بۆ تەواوکردنی شوێنێک، ئەگەر بەهۆی لاوێتی ناسنامەی خۆی بە رێکخستە بکات دەتوانرێ بگوترێ کە کۆمەڵگای بەهێز کردووە. بەو پێیە پێویستی بەوە هەیە بەشێوەیەکی راست هێزی خۆی دەرخاتە مەیدان. ئەگەر بە هێزی خۆی بەشداری لە شوێنێکدا بکات، مەیلێکی مێژوویی تێرخۆراک بکات وەکو هێزی دینامیک و پێشەنگی گەل پێویستە ببێتە سەرەکیترین رێکخستنی تایبەتی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک. رێکخستنی شێوەی ئەنجوومەن تا رادەیەک لێرە پێشکەوت.
تاوەکو چ رادەیەک ناسنامەی لاوان لە گۆڕەپانی سیاسیدا رێکبخرێت، بەو ئەندازەیە بە شێوەیەکی راست بەشداری لە کارو خەباتی سیاسی، ئابووری و کولتووری دەکات. بەم جۆرە چالاکی رێکخستن و نوێنەرایەتیەکەی بەهێز دەبێت، گەورەترین یارمەتی و کۆمەکیش بە تێکۆشانی ئازادی گەل پێشکەش دەکات. کاتێ بەم دیموکراسیە بەهێزەوە بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا بکات، ئەوا سیستەمی دیموکراتی بەهێز دەبێت و قوڵدەبێتەوە. دەبێ پێگەو رۆڵی چۆنایەتی بەبەشداریکردنی لاوان بدرێ. ئەوەی جێگای گرنگ و بایەخ پێدانە ئەوەیە لاوان بە گەوهەر، رێکخستەبوون و زهنیەت و کۆمەڵگابوونێکی چۆن بەشداری لە سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیدا دەکات؟
لەم چوارچێوەیەدا وەک گشت پێکهاتەکانی دیکەمان پێویستە لاوانیش وەکو پێناسەی کۆمۆن خۆیان بنرخێنن و تاوتوێ بکەن. دەبێ لە هەموو شوێنێک ژیانی دیموکراتی کۆمیناڵ بێت، هێزی چالاکیشی لەم شێوەی ژیان وەربگرێ. دەبێ باش دەرک بەو راستیە بکات کە نەک بۆ خۆی یان بۆ گروپێک، بەڵکو لە پێناو جڤاتەکانی لاوان خۆی بە رێکخستەکردووە. رێکخستەبوونێکی بەم شێوازە پێویستی بەیەکبوونە لەگەڵ بنکەی جەماوەریدا. بڕیارەکان لە ئەنجوومەنەکانی لاوان دەردەکەوێت، بۆ جێبەجێکردنیشیان کۆمیتەو کۆردیناسیۆنەکان ئاوا دەکرێن، بۆ

چارەسەرکردنی چەندین گرفت و کێشەی کۆمەڵگاش دەشێ کۆمۆنەکانی لاوان پێش بخرێت.
بابەتێکی دیکەی گرنگیش پێشخستنی کۆمۆنە سەربەخۆکانە لە دەوروبەری گرفتە هەمە جۆرەکانی لاوان بەمەرجێک لەگەڵ پێکهاتەکانی لاوان هاوبەش بێت، هەروەها پێویستە کۆمۆنەکانی ناو میکانیزمی کاری لاوانی کۆمیناڵیش پێشبخرێ. لە بوارو گۆڕەپانەکانی وەرزشی، پەروەردەیی و کولتووری و هاوشێوەکانیان دەشێ کۆمۆنەکانی کارو رۆڵ ئاوابکرێ.
لەتەواوی رێکخستنەکاندا پەرینەوە بۆ میکانیزمی ناوخۆیی کۆمۆن و پەیڕەوکردنی بایەخدارە. بە ئەندازەی پەیڕەوکردنی بەشداری دیموکراتیانە دەبێ بتوانین گۆڕەپانی ژیانی هاوبەش لەسەر بنەمای سۆسیالیستی و دیموکراتیک پێشبخەین. دەبێ میکانیزمی رێکخستنیمان کراوە و شەفاف بێت و چاودێری بکرێ. مسۆگەر پێویستە کارکردن بە دەسەڵات، دەستڕۆیی، دەسەلاتگەرایی و ناوەندیبوون لە کارو خەباتدا دووربخەینەوە. لە جیاتی گفتوگۆی بێ ئاکام و نەبوونی پەیڕەوێکی کار، دەبێ میکانیزمێکی دیموکراتی و سیستەماتیکی کارمان هەبێت، دەبێ ئەوانە دیاربن کە لەگەڵماندا کاردەکەن، یان پێچەوانەکەی. پێویستە پرەنسیپی هاوبەشمان جێبەجێ بکەین کە بەیەکەوە بڕیارمان لەسەر داوە، دەبێ سیستەمێکی کار دابڕێژین کە تێیدا هێز بدەینە یەکتر نەک هێز دابەش بکات.
گرنگترینیان خولقاندنی ئەو گۆڕەپانانەی کۆمینە کە لە ئێستاوە لەناو ژیانی ئازادانەی خوازراودا بژی، دەشێ لەم بوارەدا لاوان ببنە پێشەنگ. دەبێ خاوەنی ژیانی سۆسیالیستی دیموکراتیانە و گۆڕەپانی بەرهەمی کولتووری بین. لە دەرەوەی گۆڕەپانەکانی بەرهەمی سەرمایەداری پێبەپێ ئەگەر بتوانین لە گۆڕەپانەکانی بەرگری رەوا، ئابووری و بەرهەمی هونەری تادەگاتە گۆڕەپانەکانی پەروەردەو وەرزش بەرهەمی خۆمان پێشبخەین، ئەوکاتە هەنگاومان بەرەو ژیانی کۆمیناڵی دیموکراتیانە هاوێشتووە. کاتێ تەواوی ئەمانە جێبەجێدەکەین تەواوکردن و قووڵکردنەوەی ئازادی و ژیانی دیموکراتیانەی گەلی کورد، بوون

بەهێزی پێشەنگی تێکۆشان بەرپرسیارێتیەکی ژیانی دەست لێبەرنەدراوە. ئەو کۆمینانەی لە هەر گۆڕەپانێکدا بە شێوەیەکی بەرجەستە ئاوادەکرێن گرنگی ژیانی هەیە و پێویستە لەم چوارچێوەیەدا بێت. لەمیانەی کاردانەوەی بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری، لێگەڕینە نوێ و ئازدیخوازیەکەی و سووربوونی لەسەر جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنیان لاوان دەتوانن ئەمڕۆ ئاواکردنی کۆمینالیزمی دیموکراتیانە فەراهەم بکەن. دەتوانرێ هەر کۆمینێک بۆ لاوان بکرێتە ناوی بەرجەستەی گوزارشتی ئازادانە و بەرهەمهێنان و هێزی دینامیک و بەشداری دیموکراتیانەو پێشەنگی کۆمەڵگا.

## ڕێکخستەکردنی گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی:

گۆڕەپانەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردەیی، ئاسایشی گشتی و مافپەروەری.. هتد، دەشێ لەسەر بنەمای کۆمەڵگا ڕێکبخرێت. هەر گۆڕەپان و پێکهاتەیەک کە جێگای خۆی لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا گرتووە وەکو پێچکەکانی کۆنفیدڕالیزم ڕێکدەخرێت. تەواوی ئەو گۆڕەپانانەی بە دەست دەوڵەتەوەن سەرەتا بە دەست کۆمەڵگابوون، دەگەڕێنەوە سەر ماڵی کۆمەڵگا. سەرجەم ئەم ڕێکخراوانەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئاراستە دەکەن بەردی بناخەی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیانەن. بەهەموو لایەکەوە پەروەردە بابەتێکی گرنگە. یەکێک لە کۆسپە سەرەکیەکانی هەنگاونان بۆ ناو سیستەمی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیک گرفتی پەروەردەیە. ئەگەر بەنوێبوونەوەیەکی ریشەیی زهنیەت تەقلیبوون دروست نەبێت ئاشکرایە ئەو کارو چالاکیانەی لە میانەی فێربوون و زهنیەتی کۆن بەڕێوەببرێت سیستەمی کۆنفیدڕالی دیموکراتیانە پێشناخات.

ئەم ڕەوشە بنبەستبوون لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەربۆیە کاتێک لە میانەی زهنیەتی کۆن بەرەو ڕێکخستنی کۆمینالی دیموکراتیانە هەنگاو بهاوێژرێ دەبینین کە هەر ڕێکخستنێک دەسپێشخەری پێدەدرێت دەبێتە خاوەن پێگەی ناوەندی دەسەلات، دەسپێشخەریان بۆ ئەو ئۆتۆنۆمیە دەگۆڕێت کە لە دەوڵەتێکی خاوەن پێکهاتەی دەرەبەگایەتی میرەکاندا

هەیانە. گەیشتن بەزانیاری و تێگەیشتنی نوێ و دەستبەرداری کردنی زهنیەتی دەسەڵاتپەرست، وەک مەرجی هەرە ژیانی بەلاوەنانی ئەم بنبەستبوونە رووبەڕوومان دەبێتەوە.

باسکردنی وەبەرهێنانێکی گرنگی زانیاری و زانست مەحاڵە کە بەبایەخدارترین بەهای سەردەمەکەمان دادەنرێت. ئەو وەبەرهێنانەی لە پێناو زانیاری، زانست یاخود پەروەردە دەکرێت لە راستیدا وەبەرهێنانەکە بۆ مرۆڤ دەکرێت. کێشەی پەروەردە تەنیا بە وەبەرهێنان سنووردار نییە، لەمە گرنگتر دووربوونی سیستەمی پەروەردەیە لە زانستیبوون. لەسیستەمێکی پەروەردە دوورە کە لە تاکەکەس تێبگات و ئایندەی ئامادە بکات. ئەو سیستەمەی پەروەردە کە بەگوێرەی رژێم و فکری فەرمی(رەسمی) پێکهاتووە، تایبەتی گەوهەری زانستی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵناسی) پووچکردووە. ئەمڕۆ ئەو زانکۆیانەی لە ژێر چاودێری(yok دەستەی پەروەردەی باڵای تورک)دان رەوشیان بەمجۆرەیە، لەوڵاتە سەردەستەکانی دیکەش بەمجۆرەیە و تایبەتمەندێتی و کەسایەتی خۆی لە دەستداوە، تایبەتمەندێتی بوون بە ناوەندی زانست تا بڵێی سنووردار بووە. سیستەمی پەروەردە تاوەکو ئێستا کە کۆسپە لەبەردەم پەروەردە بەزمانی (دایک - زگماکی) بەهۆی ئەم بەلارێداچوونە، نکۆڵیکردن کۆتایی پێ نایەت و ناتوانرێ باس لە دیموکراتیبوون بکرێت. قەدەخەکردنی پەروەردە بەزمانی دایک چەقی بازنەی نکۆڵیکردنە. تاوەکو گەلی کورد ناسنامە و زمان و کولتوورەکەی دانی پێدا نەنرێت، بەناسنامەی خۆی سیاسەت بەڕێوەنەبات ناتوانێت بڵێت بەرەو ژیانی ئازادی و دیموکراسی هەنگاوم هاوێشتووە. تەنانەت ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە مرۆڤێکی خاوەن بەهای ئەخلاقیە. بۆ ئەوەی چەمکی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی لەناو کۆمەڵگا جێگیر بکات دەوڵەت بەگوێرەی ناکۆکیە چینایەتیەکان، دەسەڵاتدارێتی رەگەزی و تەواوی پارچەبوونەکانی ناو کۆمەڵگا پەروەردە بەڕێوەدەبات. لەسەر بنەمایەک پەروەردە پەیڕەو دەکات کە بەردەوامکردنی سیستەمەکەی مەیسەر بکات. پەروەردەیەک پێشکەش ناکات کە دەسەڵاتی لە دەست دەربخات، زانیاریەکان بڵاوبێتەوە و ببێتە موڵکی هەمووان، لە راستیدا

کۆمەڵگا بۆخۆی دەتوانێت چالاکیەکانی پەروەردە جێبەجێبکات. بۆ پەروەردە دەتوانێت چاوەڕوانی دەوڵەت نەبێت، لە رێگەی دوو مامۆستاوە لە گوندێک دەتوانێ چالاکی و کاری پەروەردە دەست پێبکات، بەمجۆرە ئەو پەروەردەیە بەڕێوەناچێت کە پارچەبوونی کۆمەڵایەتی پەسەند دەکات. بەمشێوەیە دەتوانرێت گۆڕەپانی پەروەردە لە ژێر رکێفی دەوڵەت دەربهێنرێ و بکرێتە موڵکی کۆمەڵگا. هەربۆیە بەر لە هەموو شتێک پێویستە لە جیاتی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی دەوڵەتگەرایی زهنیەتی کۆمەڵایەتی و کۆمیناڵی دیموکراتیانە لە زیهندا جێگیر بکرێ. ئەمەش لە رێگەی پێشکەشکردنی پەروەردەی سیستەمی کۆمیناڵی دیموکراتیانە بەدیدێت، بەڵام نابێ هیچ کاتێک لەبیربکەین کە ئەمجۆرە کاروخەباتانە تەنیا لە میانەی بەرزکردنەوەی تێکۆشانی ئازادی و دیموکراتی بەرامبەر رژێمی نکۆڵیکار واتایەکی دەبێت. لەم پێناوەشدا ئاواکردنی پەرتووکخانەی گوندێک تاوەکو دەگاتە تایبەتیکردنی ژوورێکی گوند بۆ وانەکانی زمانی زگماکی لە هەموو گۆڕەپانێک دەتوانێت پەرە بەسیستەمی پەروەردە بدەن. ئەگەر لەپێناو راکێشکردنی تاکێک بۆ ناو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی خۆی دەوڵەت هەندە هەوڵدەدات و تەنانەت سیستەمی پەروەردەکەی بۆ بەرزترین و دوورەپەرێزترین گوند دەگوازێتەوە، بەهەمان شێوە دەبێت سیستەمی پەروەردە بگەیەنرێتە هەر جێگایەک کە کۆمەڵگای تێدایە، بەتایبەتی ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتیانی گەڕەک پێویستە ببێتە گۆڕەپانێکی پەروەردە. دەبێت دەزگا دیموکراتیەکان خولی پەروەردەی کاتی لەناو خۆیاندا بەڕێوەببەن. هەروەها پێویستە کۆمەڵەکانی پەروەردەی زانستی ئاوا بکرێن. لە پێناو پێگەیاندنی کادیرە سیاسی و دیبلۆماسیەکان پێویستە پارتە سیاسی ـ دیموکراتەکان خوێندنگاکانی سیاسەت ئاوابکەن. ئەگەر خوازیاری گەیشتنبن بەسیستەمی ژیانی کۆمیناڵی دیموکراتی، پێویستە بە شێوەیەکی چڕو بەرفراوان جێگاکانی پەروەردە بکەینەوە.

لەلایەکی دیکەوە سیستەمی پەروەردە پڕۆگرامەکەی دابینکردن و ئاواکردنی سەرچاوەی گونجاوە، خەبات و کارێکی تایبەتی پێویستە، بەتایبەتی هەروەکو چۆن دەبێتە سیستەمی پەروەردەی ئەو کادیرە

پرۆفیسۆناڵانەی ئەمرۆ سیستەم جێگیر دەکەن، لە هەمانکاتدا پێویستە سیستەمی پەروەردە بۆ پێشەنگە سروشتیەکانی گەل و تەواوی کۆمەڵگاش پێشبخرێت. هەربۆیە لە جیاتی سیستەمێکی پەروەردەی گشتی دەبێ سیستەمێکی پەروەردەی بەوجۆرە بێت کە بەگوێرەی ئاست و توانای ژیری و وەرگرتنی هەر کەسێک بێت. واتا بەئەندازەی پەروەردەی ئایدیۆلۆژی دەبێت پەروەردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، کولتووری، پیشەیی و گۆڕەپانە تایبەتەکانی دیکەش پێشکەش بکرێت. گرنگترین لایەنیش ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردەمان ئازادیخوازانە بێت. پرسیارکردن، مەراق و لێتوێژینەوە بکات بەکارێکی هەمیشەیی. پێویستە خۆی لە سنووری ئەزبەرگەرایی، پووچگەرایی، پۆستمۆدێرن، پراگماتیک، لۆژیکی رەش و سپی و موتڵەقگەرایی هەڵنەواسێ و وەستاو نەبێت. وەک تێکۆشانێکی رۆشنگەری کۆمەڵگا پێویستی بە پرۆژەی بەرفراوانتر هەیە، ئاواکردنی خوێندنگاکانی پەروەردەی گەل پێویستە وەک کارێکی سەرەکی بنەڕەتی ئەنجام بدرێت.

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەمرۆ گەلەکەمان بە دەستیەوە دەناڵێنێ مەسەلەی تەندروستیە. هەربۆیە رێبەرایەتی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک بواری تەندروستی وەکو یەکێک لە یانزدە گۆڕەپانەکانی ژیان دەستنیشان کرد. ئەو خزمەتانەی دەوڵەت لە بواری تەندروستی پێشکەشی دەکات بەئامانجی ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستانە نییە، زیاتر لە پێناو ئاواکردنی دەسەلاتی ـ بیۆلۆژی (جەستەیی) خۆی لەسەر کۆمەڵگا چالاکی رێکخستنی خولقاندووە. واتا کردوویەتی بەخزمەتێک بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەناو چەرخی وەبەرهێنانی ناوەندیدا بهێڵێتەوە و لە چوارچێوەی دەسەلاتی خۆیدا بەکاربێنێ. لەم سۆنگەیەشەوە سیاسەتی تەندروستی کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات ئۆرگانیزاسیۆنێکە کە لە رێگایەوە کۆمەڵگای دەوڵەت بەپێی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی بەڕێوە دەبات. هەروەکو چۆن بۆجێگیرکردنی لۆژیکی خۆی دەوڵەت سیاسەتێکی پەروەردەیی هەیە، سیاسەتی تەندورستیش بەهەمان ئامانج و ئاراستەدا بونیادنراوە. هەربۆیە ئەو سیاسەتەی ئەمرۆ لە بواری تەندروستیدا بەڕێوەدەچێت دەوڵەتگەرایە، چینایەتی و رەگەزپەرستە، هەربۆیە جوداخوازە.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەپێکهاتەیەکی ڕێکخستنی و زهنیەتێک بگات بەبێ چاوەڕوانیکردن لەدەوڵەت بتوانێت گرفتەکانی تەندروستی چارەسەر بکات لەناو سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکرتیک پێویستی بەئاواکردنی کۆمیتەی تەندروستی هەیە. کۆمیتەی تەندروستی بەرپرسیارە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی تەندروستی کۆمەڵگا و دەستنیشانکردنی سیاسەتە سەرەکیەکانی تەندروستی. هەربۆیە بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی تەندروستی کۆمەڵگا، پلان و پرۆگرام و پڕۆژە پێشدەخات. ئەو دەزگاو ڕێکخستنانە ئاوادەکات کە بەجێبەجێکردنی ئەم پلان و پڕۆژانە ئەرکدارن.

دەشێ ئەم کۆمیتە لەو کەس و دەزگایانە پێکبێت کە لە تەندروستی کۆمەڵگا تێدەگەن. هەرچەندە بە دەزگابوونێکی گشتی بواری تەندورستیمان نەبێت، بەڵام دەتوانرێت لەو پزیشک و برینپێچ - پەرستیار و کارمەندانەی تەندورستی پێکبێت کە جێگای خۆیان لە ئۆجاخەکانی تەندورستی شاراوەنیە دیموکراسیخوازەکان و کۆنفیدڕاڵیزمە وڵاتپارێزەکانی ڕەنج دەگرن. ئەو پزیشک و کارمەندانەی تەندورستیش دەتوانن جێگای خۆیان تێدابگرن کە پسپۆرن و سەربەخۆن، یاخود ئەندامی سەندیکاو دەزگاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین. ئەوانەی تێکۆشینی ئازادی دیموکراتی بەرامبەر بەدەوڵەت بەڕێوەدەبەن لە ئەزموونەکانی جیهانەوە دەبێت بزانن کە ئەوەی لەبواری تەندروستیەوە پێویستیەکانی گەل دابین دەکەن، گەلەکەیان بە شێوەیەکی خێراتر خۆی ڕێکخستەکردووە و بۆ ناو سیستەمەکە ڕاکێشراوە. لەم گۆڕەپانەدا پێشکەوتن بە دەست نەهێنرێت ڕاکێشانی گەل بۆ ناو ڕێکخستنی کۆنفیدڕاڵی دیموکراتیانە خەیاڵێکە.

دەتوانین بەدوو شێوە کارەکانی ئەم کۆمیتە تاوتوێ بکەین، یەکەمیان: پێشخستنی سیاسەتی تەندروستی کۆمەڵگای سیستەمی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیکە. دەبێت بەرامبەر هەر سیاسەت و ڕێکخستنێک تێکۆشان بکات کە تەندروستی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر مەترسیەوە. لە میانەی کارو خەباتەکانی ئاشکراکردنی ڕاستینەی دەوڵەت کە تەندروستی کۆمولگا بەبنەما ناگرێ، بەپێچەوانەوە بەئامانجی بەردەوامکردنی هەبوونی خۆی،

هەرچەندە هەندێ دامەزراوەی هەبێ، گەوهەری سیاسەتە گشتیەکەی ئەوەیە: تەندروستی کۆمەڵگا بەگوێرەی بەرژەوەندی دەوڵەتگەراو چینایەتیەکانی خۆی بەکاربێنێ. لە ئەنجامی ئەم کارەدا هووشیاریەکی مەزن بەدیدێت. ئەوکاتە زۆر بە سانایی دەبینرێت کە دەوڵەت تەندورستی کۆمەڵگا تێکدەدات، جیاوازی بەرامبەر کوردان و هەژاران دەکات، خزمەتەکانی پلەدوو تەنانەت پلە سێیان پێدەگەیەنێ و ئەم خزمەتانەش وەک بەشێکی قۆرخکردن و پاوانخوازی کاردەکات، هەربۆیە توێژە کۆمەلایەتیەکان سودمەند نابن. لەبەر ئەمەش پێویستە لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی بەرفراوان و بەهێز ئەنجامبدرێ، بەگوێرەی ئەو پێدراوانەی کە دەکەوێتە دەست تێکۆشانی سیاسی بەڕێوەببرێت. کاتێ ئەم کارە بەڕێوەدەبرێ مسۆگەر پێویستە پشت بە کۆمەڵگا ببەسترێت. دیسان بەئامانجی ئاگادارکردن و هوشیارکردنی کۆمەڵگا سەبارەت بەتەندروستی گشتی کۆمەڵگا و تەندروستی خۆپاراستن مسۆگەر پێویستە سمینارو کۆبوونەوەکانی گەل ئەنجامبدرێت. بۆ ئەمەش دەتوانرێ بە هەماهەنگی کار لەگەڵ شارەوانیە دیموکرات و ئازادیخوازەکان و رێکخراو و سەندیکاکان بکرێت کە لایەنگری تەندروستی گەلێکی دیموکراتن. لە پێشخستن، هێزبەخشین و یارمەتیدانی رێکخستن و سیاسەتی دیموکرات و کۆمەڵگاگەراکانی ئەم گۆڕەپانە هاوکار و هاوبەشبن.

هەرچی ئامانجی دووەمە: بەئامانجی پاراستن و پێشخستنی تەندروستی کۆمەڵگا هەنگاونانە بەرەو بەدەزگابوون. دەشێ لەئاستی ناوچەکان کۆمیتەی تەندروستی لەو شوێنانە ئاوابکرێت کە رێکخستن و ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازادی تێدایە، ئەم کۆمیتانە دەتوانن کۆمسیۆنی چالاک (ئاکتیف) ئاوابکەن. دەبێت بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ کارەکانی هاوڵاتی ئازاد جموجۆڵ بکات. لەم چوارچێوەیەدا هەر کارو خەباتێکی بواری تەندروستی کە ئەنجام دەدرێت خزمەت بەهوشیاری و رێکخستنی هاوڵاتی ئازاد دەکات. ئەو کۆمسیۆنانەی تەندروستی کە لە ئەنجوومەنەکانی گەرەک ئاواکراوە گرێدراوی ئەنجوومەن کاردەکەن.

لەرێگای ئەم کۆمیسیۆنانەوە کێشەکانی تەندروستی گەڕەک لە جێگای خۆیدا دەستنیشان دەکرێ و لە پێناو چارەسەرکردنیان رێکخستن و

پلاننامە پێشدەخرێت. لەو شوێنانەی ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازادو یەکسان هەبێت پێویستە ماڵ یان ژوورەکانی تەندروستی ئاوابکرێن. لەو شوێنانەی شارەوانی ئازادیخوازی هەیە پێویستە ئۆجاخەکانی شارەوانی تایبەت بە تەندروستی چالاک بکرێت. چوونیان بۆ ناو خەڵک فەراهەم بکرێت. پێویستە لە رێگای ئەو پزیشک و کارمەندانەی دەستنیشان دەکرێن بەشێوەی گەڕان کۆنترۆڵی پزیشکی گەڕەک بکرێت. ئەمە هەم دەبێتە کارو چالاکیەکی شارەوانی ئازاد و دیموکراسیخواز، هەمۣبەبێ چاوەڕوانیکردنی دەوڵەت لە میانەی بەکارهێنانی توانست و تواناکاریە خۆجێیەکان بەباشترین شێوە کۆمەڵگا گرفتە تەندروستیەکانی خۆی چارەسەر دەکات. لەو شوێنانەی شارەوانیەکان توانست و تواناکاریان لەبەر دەستدا نەبووە زیاتر لە رێگای ئەو سەندیکایانەی لایەنگری تەندروستی کۆمەڵگان گروپێکی گەڕۆک لە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی ئاوادەکرێت. گرفتە تەندروستیەکانی گەڕەک چارەسەر دەکرێت. بەهەمان شێوە لە میانەی ئاواکردنی گروپی کاتی تەندروستی لە گەڕەک و گوندەکان چالاکی لەم جۆرە ئەنجام دەدرێ. شانبەشانی ئەمانە لە ناوەندە گرنگەکانیش مسۆگەر پێَویستە نەخۆشخانەو سەنتەر بکرێتەوە. ئاواکردنی ئەم جۆرە دەزگاو دامەزراوانە لە رێگای پزیشک،پەرستیار و کارمەندە ئازادیخوازەکان هەندە سەخت نییە.

لەلایەکی دیکەوە پێَویستە ئاواکردنی ئۆجاخەکانی تەندروستی بەتوانست و تواناکانی دانیشتوانی گەڕەک بکرێتە ئامانج. هەرچەندە کاتێک رەوشی نەداری میللەت و بەهابوونی کارو پێداویستیەکانی تەندروستی رەچاو بکرێ دابینکردنی ئاستەم دەبینرێت، بەڵام لە میانەی بە بنەماگرتنی خۆبەختی و هاوکاری نێوان خەڵک، دەتوانرێت توانای ئاواکردنی هەندێک ئۆجاخی تەندروستی بە دەست بهێنرێت. بەئامانجی هاندانی کارسازە دیموکرات و ئازادیخوازەکان بۆ ئاواکردنی ئۆجاخ و نەخۆشخانەی گەڕۆک لە گوندو گەڕەکە دەستنیشانکراوەکاندا دەشێ کەمپین رێکبخرێن. دیسان بەئامانجی دابینکردنی پێویستیەکانی کۆمەڵگا دەشێ کامپین دەربارەی تەندروستی و دەرمان رێکبخرێت.

بۆ ئەوەی ئەم کارانە بە دەزگا و بەردەوام بێت پێویستە بواری تەندروستیش رێکخستە بکرێت. هەربۆیە یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەو کۆمیتەیە لە ماوەیەکی درێژخایەندا رێکخستنی یەکێتی پزیشکان و گەیاندنیانە بە ئاستی دەزگابوون. دەبێ ئەم دەزگابوونە لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمیناڵی دیموکراتیانە بەپێکهاتەیەک بگات.

بەئەندازەی بوارەکانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لایەنێکی دیکەی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتیانە تێکۆشانی مافپەروەری (حقوق)یە. زۆرینەی کێشە سەرەکیەکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگاکەمان بە دەستیەوە دەناڵێنێ سەرچاوەی خۆی لە کێشەکانی مافپەروەریەوە وەردەگرێت. هەرچەندە گوزارشتی دەوڵەتی ـ ماف بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەکاربهێنرێت، بەڵام لە گەوهەردا لە مافناسی بێ بەرین. لە ئاستی هەرە بەرزدا کۆمەڵگا بە دەست زیانەکانیەوە دەناڵێنێ. ئەمڕۆ دەوڵەت دەزگای یاسادانانی پشت بەستوو بە دەوڵەت ، کۆردیناسیۆنی کارو رۆڵ، مافپەروەری دیموکراسیانەی گەل، نۆرمەکانی مافناسی پارێزەری بەرژەوەندیەکانی گەل وەکو پێوانە بەبنەما ناگرێت. تەنانەت لە باشترین حاڵدا کە لە رۆژئاوا لە ئارادایە.

لەجیاتی بە هێزکردنی گەل، لە چوارچێوەی تەوەرەی درێژەدان بەسیستەمی دەوڵەتگەرایی جیاواز  هێزەکان بە ناوەندێکی دەسەڵات پراکتیزەکردووە. هەربۆیە هیچ بوارێک بەشێوەیەکی راست کارناکات، چاودێری گەل ناکات. ئەم رەوشە گەورەترین (پارادۆکسی) دەوڵەتەکان و بناخەی لەدەستدانی رەوابوونیانە. رژێم خاوەن پێکهاتەیەکی بیرۆکراتی ناوەندیە کە سەرباز و بیرۆکراتەکان لە ئەنجوومەن بە کاریگەرترن.

گۆشەگیری، ئەشکەنجەی سیستەماتیک و کردەوەی ئارەزوومەندانە لە زیندانەکان پەیڕەو دەکرێ. بەکورتی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا لە شێوەکانی دەسەڵاتی ـ (بیو) جەستەییەوە بگرە تاوەکو دەگاتە رەفتار و فشارە ئاشکراکان. کردەوەیەکی رژێمی ملیتاریستی جێگای باسە. لە کۆمەڵگایەکی بەمجۆرەدا ناشێت باس لە هاوڵاتی ئازاد بکرێت. چونکە مافەکانی هاوڵاتی لە دەستی وەگیراوە و زەوتکراوە، تەنیا ئەرکی خزمەتکردنی دەوڵەت و ئەو سیستەمەی پێسپێردراوە کە دەوڵەت

خولْقاندوويەتی. لەلایەکی دیکەوە لایەنە کۆنەپەرستەکانی داب و نەریت لە میانەی ئەو فشارو ناهەقیانەی لە ناو کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیدا دێنێ لە هی دەوڵەت باشتر نییە.

هەربۆیە لەناو سیستەمی کۆمیناڵی دیموکراتیدا کاتێک بە شێوەیەکی راست دەرک بە فەلسەفەو چەمکی مافپەروەری ناکرێت بە ئەندازەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەی جددی، ناتوانرێت رێگا لە کردەوە دەوڵەتگەراییەکانیش بگیردرێت. سیستەمی دەوڵەتگەرا لە رێگای پێکهێنانی یاساکەی دژ بەگەلان پێکهاتەی رەگەزپەرستی و باڵادەست بەدەزگا دەکات و دەیپارێزێت. یاسای دەوڵەت واتای نیشاندانی هێزی دەوڵەت و رۆڵی بەدەزگابوونی فشارو توندوتیژی سەر گەلان دەبینێت. تەنانەت جیاکردنەوەی هێزەکان لە دەرەوە دەنگێکی خۆشەو بەدرێژایی مێژوو رۆڵێکی ئەرێنی لە ناو سیستەمی دەوڵەتگەرادا بینیوە. فەلسەفەیەکی مافناسیە کە سەرچاوەی خۆی لەسیستەمی دەسەڵاتپەرست-- دەوڵەتپەرستەوە وەردەگرێت. لایەنە ئەرێنیەکەش لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدایە. لە سیستەمێکی بەمجۆرەدا ناتوانرێت باس لە دادوەری و یەکسانیەکی راستەقینە بکرێت، ئاشکرایە کە مافی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا رەچاو ناکرێت و لە چارەسەرکردنی گرفتەکان ئیرادەی گەلان ناخرێتە گەڕ. بەئەندازەی ئاواکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگای دوور لە دەوڵەت بە گوێرەی سیستەمی بەهاکانی دیموکراتی ـ ئیکۆلۆژی ئەوا بە دەزگاکردنیشی لەمیانەی ئاواکردنی سیستەمی دادوەری و مافپەروەری خۆی ناچارییە. پێویستە تێکۆشانی مافپەروەری لە زەمینەی یاسایی ـ مافناسیدا بەڕێوە ببردرێت و ئاستێکی بەبڕیاربوونی وەها نیشانبدرێت کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کێشەکانی خۆی لەناو پێکهاتەی کۆمیناڵ لەرێگای پێوانە ئاکاریەکان تاوتوێ بکات.

بەهۆی تەواوی ئەم لایەنانەی ئاماژەی پێکرا لە پێناو رێکخستنی ئەم گۆڕەپانە رێبەری کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی دەڵێ:" لە پێناو رێکخستنی گەوهەری کۆمەڵگای مەدەنی لە بواری مافپەروەری و زیادبوونی بێ دادی و لاوازی هووشیاری دادوەری و مافپەروەری یەکێک لە دەزگا ژیانیەکانە". وەرچەرخانی سەرجەم یەکینەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و

گروپەکانی گەل بۆ کۆمەڵەی مافناسی پێویستیەکی ژیانیە. کۆمەڵەکانی مافناسی هەم هووشیاری دادوەری و مافناسی بەرز دەکاتەوە و سیاسەت رادەکێشێتە سەر هێڵی دیموکراسی راست، هەم وەک بژاردەی سەرەکی تێکۆشان لەبەرامبەر بێدادی و نەبوونی مافپەروەری لە جێگیرکردنی سیستەمی مافپەروەری یەکێک لە گەوهەریترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە و دەستبەرداری لێ ناکرێت. بەشێوەیەکی بەرفراوانتر تاوتوێکردنی کۆمەڵە و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە هەر گوند و گەڕەکێک، ئەرکدارکردنی نوێنەرێکی ئەم کۆمەڵانە و گەیاندنی مافناسی و مافناسان بۆ هەر قوژبنێک گرنگی و بایەخێکی تایبەتی لە سەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنیدا هەیە. هەربۆیە بە ئەندازەی پێشخستنی هووشیاری دادوەری لەناو کۆمەڵگادا، لەهەمانکاتدا لەمیانەی رێکخستنی بواری مافناسی و گەیاندنی بەدەزگابوونی سەرەکی گرنگیەکی بەرچاو و کاریگەری هەیە. کۆمەڵگایەک سیستەمی دادوەری خۆی ئاوا کردبێت، کۆمەڵگایەکە کە بەتەواوی لە دەوڵەت دابڕاوە، لەهەمانکاتدا ئەمە بەو واتایە دێت کە تەواوی بەهاکانی کۆمەڵگا بەرهەم دێنێت و بەشێوەیەکی تەندروستانە دیسان بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە.

## کاراکتەری مافپەروەری کۆمیناڵی دیموکراتیانە:

لەجیاتی چەمکێکی مافپەروەری کە دژی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا پێشخراوە، پێناسەی مافناسیەکی یەکسان و دادوەرانەیە کەپشت ئەستووربێ بەبەها دیموکراتیەکان، ئەمەش لەلایەن خودی کۆمەڵگاوە ئاواو چاودێری بکرێت. لەگەوهەردا بەواتای ئەوە دێت: کە لەرێگای تێپەڕکردنی مافناسی دەوڵەت دادوەری ببێت بە ئەخلاقێک و بۆ ژیانێکی سروشتی وەرچەرخێ ، جێگیرکردنی سیستەمێکی مافپەروەری گرنگە، کە بەها، ئەخلاق، نەریتی گەل و پێوانەکانی سەردەم لەخۆوە بگرێت. رێبەرایەتیمان بەم شێوەیە سیستەمی خۆی پێناسە دەکات: "سیستەمێکی ئەخلاقی ئازادیخوازی رەگەزی کە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی بەردەوامی

لەگەڵ سروشتدا هەیە، لە ناوخۆیدا پشت بەهەژمۆونگەرایی نابەستێت، لە رێگای دیموکراسی راستەوخۆوە بەرژەوەندی هاوبەش دەستنیشان دەکات".

مافناسی-حقوقی هاوچەرخی رۆژگاری ئەمڕۆشمان سەرچاوەی خۆی لە مافپەروەری سروشتی وەرگرتووە. دادپەروەری کۆمیناڵ لە رێگای گونجاندنی دادوەری دایک بە گوێرەی سەردەم، بەژیانکردنی ئەو پرەنسیپانەی کۆمەڵگای سروشتیە کە پشت بە ژیانی ئیکۆلۆژی و ئازادی رەگەزی و کولتووری دیموکراتیک دەبەستێت. لە هەمانکاتیشدا پێچکەیەکی گرنگی تێکۆشانی دیموکراتیانەیە، چونکە هەروەکو چۆن شەڕی دیموکراسی پێویستی بە رێساو پرەنسیپ هەیە، بۆ ئاواکردن و پاراستنی ژیانی کۆمیناڵی دیموکراتیانەش تێکۆشانی دادوەری رۆڵێکی گرنگ دەبینێ. بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە لەسیستەمە دیموکراتیەکەماندا ئەوەی رۆڵی سەرەکی دەبینێت ئەخلاقە کە رۆڵی دادوەریش دەگێڕێت.

لەکاتێکدا هێشتا لە قۆناخی ئاواکردنی سیستەمی کۆنفیدراڵ داین لە بواری دادوەریشدا هەنگاونان بۆ دەزگابوون و ئاواکردنی سیستەمەکەی کارێکی بایەخدارە. بۆیە پەرەسەندنی ئەم سیستەمەو هووشیاری دادوەری پێویستی بە ئاواکردنی کۆمیتەی مافناسی(حقوق) هەیە. ئەم کۆمیتەیە تێکۆشانی مافپەروەری پارادیگمای کۆمەڵگای دیموکرات، ژینگەپارێز و ئازادیخوازی رەگەزی بەڕێوەدەبات. بۆ پاراستنی ژیانی پشتبەستوو بە بەها کۆمینالڕ و ئازادیخوازەکان بەرامبەر بە زهنیەتە رەگەزپەرست، پلەداری و دژە دیموکراسی و دامودەزگاکانیان لە گۆڕەپانی خۆیان کارو خەبات بەڕێوەدەبات. لەم گۆڕەپانەدا کاردەکات لە پێناو پەرەسەندنی هووشیاری و مافناسی و بونیادەکەی لە تەواوی ئەو پارچە و گۆڕەپانانەی سیستەمی کۆنفیدڕاڵی دیموکراتیانەی تێدا پێشدەخرێ بەرپرسیارە بەرامبەر ئاواکردنی دادوەری و میکانیزمی کاری نێوان پێکهاتەو تێکۆشانەکانی (KCK) و گونجاوبوونیان لەگەڵ پەیماننامەو پەیڕەونامەکان.

دیسان له چوارچێوەی جێگیرکردنی سیستەمی دادوەری کۆمەڵگەرایی دیموکراتیک، دەشێ له ژێر بونیادی کۆمین و ئەنجوومەنەکان و میکانیزمەکانی دادوەری ناوخۆ و دیوانەکانی دادوەری ئاوا بکرێت. ئیتر هەنگاو بە هەنگاو دیوانەکانی دادوەری ژێر بونیادی ئەنجوومەنەکان بۆ ئاواکردنی سیستەمێکی سەربەخۆی دادوەری کاردەکات کە گرفتی خەڵکە جێنشینەکان تاوتوێ بکات. لەهەمانکاتدا ئاواکردن و کارابوونی دەستەی دیسپلینی رێکخستنەکانی ژێر بونیادی سیستەمی کۆنفیدراڵی بایەخدارە. بەم جۆرە گرفتەکان کەڵەکەی سەر یەکتر نابن و لە جێگای خۆیدا چارەسەر دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت تێکۆشان لەبەرامبەر سیستەمی دژە دیموکراسی و نەریتە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵگا بکرێت پێویستە هووشیاری دادوەری ـ مافپەروەری دیموکراتی پەرەی پێ بدرێت. هەر لەم پێناوەدا پێویستە کۆمەڵەکانی مافناسی، کۆمەڵەکانی دیموکراسی ئاوابکرێت.

بەتایبەتی بەئامانجی رۆڵ بینین لە پێشخستنی رێگا چارەی ئاشتی و دیموکراتیانەی کێشەی کورد، ئاشکراکردنی کردەوەکانی دژە دیموکراتیک، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و تاوانبارانی شەڕ پێویستە کە لەرابردوو روویانداوە، بەم ئامانجە دەستپێشخەری و هەنگاونان بەرەو دەزگابوون پێویستە،هەروەکو رێبەری کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک ئاماژەی پێکردووە بۆ ئاواکردنی کۆمیسیۆنی دادوەری و لێکۆڵینەوەی راستیەکان پێویستە گروپێکی دەسپێشخەری لە کەسایەتیە سەربەخۆکان ئاوابکرێت. بۆ پێشخستنی نۆرمەکانی مافناسی گەردوونی و پێوانەکانی مافی مرۆڤ بە ئەندازەی بەڕێوەبردنی تێکۆشان لە هەر گۆڕەپانێکدا پێویستە لەگەڵ دەزگا مافناسی ـ دادپەروەریە نەتەوەیی ـ نێو دەوڵەتیەکان لەنێو هاوکاریدابن.

یەکێک لە کێشە گرنگەکانی دیکە رێکخستنی گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنیە.لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵگای مەدەنی وەک گۆڕەپانی سێیەم گوزارشت دەکرێت  کە دەکەوێتە نێوان کۆمەڵگابوونی دەوڵەتگەراو کۆمەڵگای نەریتی باو. مۆدێلێکی رێکخستنە دوای ئیفلاسکردنی

سیستەمی پەرلەمانتاری هاتەئاراوە کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی سەریهەڵدا. ئەم مۆدێلە ئامانجی کاریگەری بەردەوامە نەک چوار ساڵ جارێک. هەروەها ئەو خراپەکاریانە بەلاوە دەنێت کە سیستەمی پەرلەمانتاری لەسەر گەل دروستی دەکات. پێشتریش سەندیکاکان لە سەرووی هەموویانەوە چەندین رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی هەبوون. بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە سەرووی هەموویانەوە رێکخراوی ئاشتی چەندین رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، ژینگەیی، ژن و لاوان ئاواکران. ئەم هەنگاوە هەندێک ئەنجامی ئەرێنی بۆ سیستەمی رۆژئاوا هەبوو. بەگوێرەی فەلسەفەی سیاسەت و مافناسی ئەورووپا راگەیاندنیشیان خستۆتە سەر هەر سێ دەسەڵاتەکەوە، لە دیموکراسیەتی رۆژئاوادا کە دەوڵەتگەرایان تێپەڕنەکردووە لە رۆژگاری ئەمڕۆمان وەک دامودەزگای گرنگ دەبینرێت، تەنانەت گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی وەکو هێزی پێنجەم دەبینێ. لەم لایەنەوە تاوەکو ئێستا رۆڵی داپۆشینی لاری و کەموکوڕیەکانی دیموکراسی رۆژئاوا دەبینێت، یان میکانیزمەکانی دیموکراسی کردووە بەحاڵەتێکی ناو خودی سیستەم. دەشێ وەک ئەو رێکخراوانە هەڵسەنگێنرێت کە هەوڵدەدەن بۆ ماوەیەکی دیکەش سیستەمی پەرلەمانتاری لەلایەن گەلەوە پەسەندبکرێت.

کۆمین و ئەنجوومەنەکان بناخە و پێکهاتەی رێکخستنی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی پێکدەهێنن، لە سیستەمی ئێمەدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە دەزگابوونی دیموکراتی بوونمان بەهێز دەکات. بۆشاییەکی گرنگی پێویستیەکانی کۆمەڵگا پڕدەکاتەوە، دەوڵەمەندی وقووڵبوون بۆ دیموکراسیەکەمان دێنێت. هەربۆیە لەمیانەی بە بنەماگرتنی بەهاکانی کۆمەڵگای بنەڕەتی دەبێتە پارچەیەکی گرنگی بە کۆمەڵگابوونی دیموکراتی ـ ئیکۆلۆژی. لە کاتێکدا لە رۆژئاوا لاوازیەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی پەرلەمانی پەردەپۆش دەکات، لە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکدا کاریگەری بەهێزکردنی دیموکراسی راستەوخۆی دەبێت. لەم لایەنەوە بە گوێرەی چەمک و مۆدێلی دیموکراسیەوە رۆڵەکەی جیاوازە. هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی کە بە شێوەی پاشماوەی دەوڵەت پێشدەکەون، تەنانەت ئەگەر

بەنیاز باشیش بێت کە بە تەنیا وەک دورگەی سەربەخۆ دەمێنن لەگەڵ هەردوو کۆمەڵگای دەوڵەتگەرا و نەریتی باودا سازشدەکات. ناتوانن کۆمەڵگابوونی دیموکراتی -- ژینگەپارێزی پەرەپێبدەن.

ڕێبەرایەتی باسی توێژی گۆڕەپانی سێیەمی کرد، بەڵام لە دیالەکتیکی هزریدا ئەمەی وەکو قۆناخێک دەستنیشان کرد. تاوەکو چ ئاستێک گۆڕەپانی سێیەم پێشبخرێت، دیسان لە ڕێگای کۆمەڵگابوونی مەدەنی دەوڵەت تێپەڕناکرێت. سیستەم بە هێزو ئەزموونەکەیەوە قووتی دەدات. لە رەوشێکدا لەگۆڕەپانی بەرگری رەوا، ڕێکخستنی ژنان و لاوان و هێزی ئابووری بێبەشبێت، بەرخۆدان بەرامبەر بە سیستەم، ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی ئەلتەرناتیف ناشێ و مەحاڵە. بێگومان شانبەشانی لایەنگریکردنی کاری کۆمەڵگای مەدەنی پێشخستنی گۆڕەپانی سێهەم پێویستە. بەڵام دەبێت وەک ئامانجێکی ستراتیژی دەستنیشان نەکرێت. لەجیاتی کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێت کۆمەڵگای دیموکراتی ـ ئیکۆلۆژی وەک ستراتیژ ببینرێت کە پشت بەکۆمەڵگای بنەڕەتی دەبەستێت. ئەم کۆمەڵگایە بەبێ پێویست بینینی دەوڵەت چالاکی کاروبارە ژیانیەکانی خۆی بەڕێوەدەبات.

ئەگەر لە پێشکەوتنی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیانە یارمەتیدەری بچووککردنەوەی دەوڵەت و گەورەکردنی کۆمەڵگا بێت پێویستە لایەنگیری کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت. بەڵام لە چوارچێوە و سنووری دەوڵەتی سۆسیالدا بمێنێتەوە ئەوا ناشێ گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی وەکو خەباتێکی ستراتیژی تاوتوێ بکرێت. ئامانجی کۆتایی ئێمە کۆمەڵگایەکی کۆمیناڵ ـ مەدەنی دیموکراتیکە. تاکێکی ئازاد و دیموکراتە کە لەناو کۆمەڵکاری بۆتە خاوەن ئیرادە. ئەو کۆمەڵگایەی بەبێ چاوەڕوانیکردن لە دەوڵەت خۆی ڕێکخستە دەکات ئەوا بەڕێوەبەرایەتی بۆ ناو کۆمەڵگا شۆڕبۆتەوە و خاوەن ئابووریەکە قازانج بەرهەم ناهێنێت. ئەگەر بەم واتایە بەکار بهێنرێت ئەم کۆمەڵگایە دەبێتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی راستەقینە کە تەواو لە دەوڵەت پاککراوەتەوە. ئەمەش بە کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک یان وەکو ڕێبەرایەتی گوتوویەتی کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵگای مەدەنی ناوی دەبەین.

هەر بۆیە لە گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، سیاسەت، ئابووری، ئیکۆلۆژی، مافناسی و وەرزشی .. هتد، دەبێت لۆژیک خزمەتکردنی دەوڵەت نەبێت، بەڵکو دیموکراسی راستەوخۆ بەهێز بکات و ئاواکردنی کۆمەڵگا بە ئامانج ببینێت. لە کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک ئەم گۆڕەپانە بە گوێرەی پێویستی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەکانی کۆمەڵگا رێکدەخرێت. بەگوێرەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا بێت هەموو جۆرە کۆمەڵە و رێکخستنێک ئاوادەکرێت. ئەگەرنا بۆ زیاترکردنی هێزی دەوڵەتگەرایی بە شێوەی دەوڵەت لەم رێگایە دزەی ناو کۆمەڵگا ناکات یاخود بۆ ئەوە ئاواناکرێ کە هێزی کۆمەڵگا کەم بکاتەوە و بیخاتە رەوشێک کەسازش لەگەڵ دەوڵەتدا بکات.

کۆمەڵگای مەدەنی لە دەرەوەری کۆمەڵگای باو و دەوڵەت دەمێنێتەوە، مەودایەک دووری هەردووکیان دەوەستێت، ئیرادەی کۆمەڵگا لە بارەی ئەو بابەتە نیشاندەدات کە بە هۆی پێویستیەکەوە لە پێناویدا کۆبوونەوەتەوە. هەرچەندە رۆڵێکی لە جۆری چاودێریکردنی کردەوەکانی دەوڵەتی هەبێ کە لەسەر کۆمەڵگا بەڕێوەی دەبات، بەشێوەیەکی سەرەکی لە پەرەسەندنی بەکۆمەڵگابوونی سروشتپارێزی و دیموکراتیدا ڕۆڵ دەبینێت و لەئاواکردنی ژیانی کۆمەڵکاری دیموکراتیانەدا ڕۆڵی تەواوکار دەبینێ. پرۆژەگەلێک سەبارەت بەکێشەکان پێشکەش دەکات کە دەرفەتی جێبەجێکردنی هەبێت. ئاواکردنی گۆڕەپانی کۆمەڵگای مەدەنی راستەوخۆ لەمیانەی چەمکی چالاکیەوە و لەڕێگای ئەنجامدانی چالاکی دەوڵەمەندەوە بەدیدێت.

لەهەرشوێن و گۆڕەپانێکی ئەم کێشانە و بێچارەیی لەڕۆژەڤدابێت دەتوانرێت ئەم جۆرە ڕیکخستنانە ئاوابکرێت. لەم بارەیەوە رێبەرایەتی دەڵێت "هەرجڤاکێک لەمیانەی هێزی خۆی لەگۆڕەپانی کۆمەڵایەتی لەسەرووی هەمووشیانەوە لەبواری پەروەردەو تەندروستی ...هتد خۆی ڕێکخستە بکات، لەهێزە دیاریکەرەکانی شوێنی ئاماژە پێکراو دەبێت. هەروەها کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە دەزگا کولتووریەکان و چالاکیە شانۆیی، سینەمایی، ئەدەبیات، مۆسیقا، وێنە، فلم و دۆکۆمێنتی

ڕێکخستبێت تادوا ڕادە بە کاریگەر و سەرنج ڕاکێشە. لە گۆڕەپانی وەرزشدا بەتایبەتی گۆڕەپانەکانی ڕاکردن گۆڕەپانی تایبەت و هەلومەرجی خۆخلیسکاندن لەسەر بەفر و شاخەکان بۆ لاوان و ژنان لەبواری تەندروستی و زیندووبوونی هزری گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە. بەتایبەتیش لەو شارانەی تازە گەشە دەکەن کردنەوەی ڕێگا لەبەردەم وەرزشی جەماوەری پێبەپێ دەبێتە پێویستیەک. لەجیاتی وەرزشی فەرمی ببینن کە رولّی سڕکردن دەبینێ وەرزشێک کە پشت بەبەشداربوونی چالاکانەی ئەم جۆرە کۆمەڵگا مەدەنیانە دەبەستێت پاڵێوڕاوە کە ببێتە هاوچەرخترین دامەزراوەی مەدەنی". کاتێک لەم چوارچێوەدا تاوتوێ بکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەتەنیشت دیموکراسی ڕاستەوخۆوە لەسەر بنەمای زۆربەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا خۆی ڕێکخستە دەکات و ئەم پێویستیانە دابین دەکات، بەم جۆرە دامەزراوێکن کەهێز بەژیانی ئازادو دیموکراتیانە دەبەخشن.

یەکێک لەو گۆڕەپانانەی کە هەرە زێدە دەوڵەت ریشەی تێدا داکوتاوە و گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت ئاسایشی گشتیە. کۆمەڵگا دەتوانێت ئەمەش بگرێتە ئەستۆ، باس لەدابڕاندنی دەوڵەت لەژیانی کۆمەڵگا دەکەین ئەو کاتە چی لەجێگای دادەنێن؟ لەجیاتی دەوڵەت کامە دەزگا دەتوانێت بەرەنگاری کوشتن و دزی ببێتەوە؟ ئایا سیستەمێک هەیە کە بوویەرەکانی هەڕەشەی دەرەکی بەرپەرچ بداتەوە، لەجیاتی دەوڵەت ئاسایشی گشتی بپارێزێت؟ لەگەڕەکەکان چۆن ڕێگری لەو خراپەکاریانە دەکرێت کە ئەخلاقی کۆمەڵگا تێکدەدات؟

پێویستە سیستەمێکی ئاسایشی لەژێر چاودێری ئەنجوومەنەکان ئاوابکرێت، دەشێ ئەمە بەبەرگری ڕەوا یان بەبەرگری گەوهەری ناوببرێت. بەم واتایە گەریلا ئەو هێزەیە کەژیانی یەکسان و دیموکراتیانەی گەل فەراهەم دەکات و دەیپارێزێت. هێزەکانی دەسەڵات نییە کە لەپێناو ئاواکردنی دەوڵەت شەڕبکات. لەچوارچێوەی یاسای گەردوونی هێزی بەرگری ڕەوایە کەبەرامبەر سیستەمی ستەمکاری نکۆڵیکاری سەر گەلی کورد، کاردەکات بۆ کۆتاییهێنان بەم زهنیەتە و کردەوەکانی و گەیشتنی گەلی کورد بەژیانێکی ئازاد و دیموکراتیانە.

لەلایەکی دیکەوە لەپێناوی فەراهەمکردنی ئاسایشی ناوخۆیی کۆمەڵگا کاردەکات، بەرامبەر کردەوەو رەفتارە دژە دیموکراسیەکانی سەرباز و جاشەکان تێدەکوشێت. بەشێوەیەکی گشتی گرێدراوی چاودێری گشتی ئەنجوومەنەکانە، پێکهاتەیەک پێشدەخات کە ئاسایشی گشتی فەراهەم دەکات. هەرچەندە ئەمڕۆ هێزەکانی پاراستنی گەل خاوەن پێکهاتەیەکی ئوتۆنۆم بێت، بەڵام رێنمایی و پێشنیازی بڕیارە سەربازیە گرنگەکان لەلایەن ئەنجوومەنی دیموکراتی گەلەوە پێشدەخرێت.

هێزەکانی بەرگری گەوهەری پاراستنی خودی گەرەکەکان مەیسەر دەکات بەرامبەر بەو هێزانەی پەسندیان ناکات یان بە زیان بەخشیان دەبینێت، پێویستە بەرگری لە خۆی بکات. کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی دەوڵەت لە بارەی راپەڕاندنی ئەرکەکانیەوە ئاگادار دەکاتەوە. پێشخستنی رێکخستنی گەوهەری و چارەسەرکردنی گرفتەکان لەلایەن خۆیەوە بە بناخە دادەنرێت. لەم بوارەدا یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی بەرقەرارکردنی ئاسایشە لەلایەن رێکخستنی گەوهەری گەلەوە، ئەوکاتە دەشێ بەبێ دەوڵەت بێت.

تاوەکو دەرک بە شێوازی چالاکیەکانی دیموکراتی نەکرێت، ئاستەمە بتوانرێت میکانیزمەکەی بخرێتە گەر. دیموکراسی بێ چالاکی وەکو مرۆڤی بێ دەنگ وایە. چالاکی زمانی دیموکراسیە. هەر جموجۆڵێکی گەل، هەر کارێکی رێکخستنەکان چالاکیەکە، لە سادەترین شێوە تاوەکو ئاڵۆزترینیان خۆپیشاندان، کۆبوونەوە، رێپێوان، هەڵبژاردن، پرۆتستۆ، مانگرتن، تەنانەت هەلومەرجەکانی لە باربێت بەرخۆدانی یاسایی و راپەڕینەکان بەشێوەی زنجیرە لە کات و شوێنی خۆیدا ئەنجامنەدرێت دیموکراتی بەڕێوە نابردرێت. بەتایبەتی کاتێک زۆربەی دەزگا، رێسا و ئامانجەکانی دیموکراسی بنپێکران، چالاکی ئامرازی ناچاری چارەسەریە. هەر رێکخستن و گەلێک توانای ئەنجامدانی چالاکی نەبێت دیموکراتیزە نابێت. لەراستیدا ئەو رێکخستن و گەلەی توانای رێکخستنی چالاکی نەبێت مردووە. چالاکی بە شێوەیەکی رێکخستەیی دەبێت، ئاشکرایە کە چالاکیەکی بێ رێکخستنی مایەپووچ و بێ ئەنجام دەبێت. گەلان تاوەکو چ رادەیەک رێکخراوبن تا ئەو ئاستەش خاوەن چالاکی

دەبن. پێویستە بەردەوام چالاکیەکان وەکو پرۆتستۆ و بەرخۆدان نەبینرێت، زۆربەی چالاکیەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بونیادنەرە، چەمکی چالاکی ئەرێنی مەرجە.

بۆیە پێویستە ئازادی و مافە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بپارێزێ و پێشبخرێت. بەرامبەر هەر هێرشێکی لەدژی ئەنجام بدرێت لەناو لۆژیکی بەرگری رەوا لە میانەی رێکخستەبوونی گەوهەری وەڵامی دەدرێتەوە. رێبەری کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک دەڵێ "پەیوەندی زهنیەت لەگەڵ ئیرادەی سیاسی پەیوەست بە چالاکیەوەیە، تێگەیشتنی ئەخلاقیە، بەڵام کاتێک لەگەڵ چالاکی ئاوێتەبوو بەهادار دەبێت، دەبێتە هێزی چارەسەری". ئەمڕۆ لەلایەن کۆمەڵگای کۆنفیدڕاڵیشەوە بەرامبەر ئەو کردەوانەی بەسەریدا دەسەپێنرێت چالاکی بۆتە راوەستەیەکی ژیان. لە تێکۆشانی سی ساڵەماندا لە قۆناخی رابوون تاوەکو دەگاتە زیندووبوونەوە و قۆناخی خۆخوڵقاندنی گەلەکەمان بەردەوام بەرخۆدانی بەبنەما گرتووەو تێکۆشانی دیموکراسی بەڕێوەبردووە. ئەمەش راستیەکە پێشکەوتنی رێگاچارەی دیموکراتیانەش دیسان بەبەردەوامبوونی تێکۆشان بەدیدێت. هەڵبەتە لە خۆیەوە بەدینایەت. لەم چوارچێوەیەشدا هەر چالاکیەک، سەرهەڵدانێک لەکۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیکدا ئەنجام بدرێت خزمەت بە ئاواکردنی کۆمەڵگا دەکات، هەر دەنگ و بەرپەرچدانەوەیەک نیشان بدرێت کارێکی بونیادنانی کۆمەڵگاو کۆمەڵگابوونە.

چەمکی سەرهەڵدانی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتی لەسەر بنەمای ئاواکردنی بە کۆمەڵگابوون لە پێناو ئازادی و رێگاچارەی دیموکراسیانەی کێشەی کوردە. بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردان خۆی تەنیا بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد سنووردار ناکات. بەرپرسیاری سەرووی نەتەوەیی و هەرێمیشی هەیە، بەڵام ئەمڕۆ وەکو ئەرکێکی بەرجەستە، خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەرکدار دەبینێت. سیاسەتێکی تەندروستی ئەلتەرناتیڤ، سیاسەتێکی پەروەردە کە دەسەڵات نەکات بە ئامانج، بە ئەندازەی ئەوەی بەرامبەر هێزە دەسەڵاتپەرستە هەژموونگەراکان چالاکیە لە هەمانکاتدا سەرهەڵدانێکە.

هەرکارو خەباتێکی ئەنجامی دەدەین خزمەت بە رێکخستنی دەرەوەی دەوڵەت دەکات. هەر رێکخستنێکی دەرەوەی دەوڵەت خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە، هەربۆیە هەرچالاکی و سەرهەڵدانێکی ئەنجام دەدرێت رێکخستنی نوێی کۆمەڵگا نەخوڵقێنێ کەواتە ئەو کارو خەباتەی سەرهەڵدان ناتەواوە و بەگرفتە.

هەروەها پێشخستنی بەرگری گەوهەری ـ رەوای کۆمەڵگا بەرامبەر سیاسەتەکانی توندوتیژی دەوڵەت مەرجە کە بە یەکجاری لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم داواکاریە دیموکراتەکان و هەموو جۆرە خەباتێکی سەرهەڵدان و خەباتی دیموکراسیانە ستراتیژیە. سەرهەڵدان زمان و چالاکی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکە، گەورەترین هێزیەتی، کۆمەڵگایەک سووربێت بۆ بەدەستهێنانی ئازادی پێویستە سەرهەڵدان بەرپابکات. تاکێک خوازیاری ئازادی بێت پێویستە بەشداری لە سەرهەڵدان بکات. بەم واتایە مرۆڤی دیموکرات و ئازاد ئەو مرۆڤەیە کە چالاکی ئازاد دەئافرێنێت. چونکە مرۆڤی ئازاد ئەو مرۆڤەیە کە دەتوانێت بڕیار بدات، ببێتە خاوەن ئیرادە، لەبەرامبەر ئەو ناهەقی و ستەمکاریە دەوەستێت کە لە دژی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکرێت. بەرامبەر هەر ناهەقی و ستەمێکی کۆمەڵگا دووچاری دێت پێویستە سەرهەڵدان بکەینە راوەستەیەکی هەمیشەیی دیموکراسیانەی کۆمەڵگا.

پێویستە هێزەکانی کۆمەڵگا بەرگری رەوای خۆیان رادەستی هێزەکانی سەرووی کۆمەڵگا نەکەن. ئامانجی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک لە پێشخستنی سەرهەڵدان ئاواکردنی دەوڵەت نییە. ئامانجی تێکۆشانی گەریلا و هێزەکانی پاراستنی گەلیش ئاواکردنی سوپایەک نییە لەسەر بنەمای باڵاکردنی دەوڵەت. هەربۆیە پێویستە چەمکی بەرگریکردن تەواو پشت بە کۆمەڵگا ببەستێت و ئاسایشی کۆمەڵگا بە بنەما بگرێت. بەبێ هێشتنەوەی بەرگری رەوای گەل یان کۆمەڵگا بۆ هێزەکانی سەرووی کۆمەڵگا، دەبێ لەناو چەمکی بەرگریکردنی گەوهەری هێزەکانی پاراستنی گەل سەرهەڵدانی دیموکراتیانەو رێکخستنی چالاکی ئاوابکات و لە ئاستێکی بە هێزی وەهادا بێت بتوانێت هێرشەکان تێک بشکێنێت.

ئەگەر لە کوردستاندا هێزێک باڵادەستی خۆی جێگیربکات و هەژموونگەرایی لەسەر کۆمەڵگا بەڕێوەببات، ئەوا گەلی کورد خاوەن نیشاندانی هەرجۆرە بەرخۆدانێکە، ئەمە مافێکی رەوایە. ئەمڕۆ لە کوردستان گەریلا بەرخۆدانی چەکداری بەرز کردۆتەوە. هەروەها گەلێک هەیە کە سەرهەڵدانی دیموکراتیانەی پێشخستووە. ئەمانە دیاردەی لەیەکتر جیاوازنین، یەکێکیان لەمیانەی سەرهەڵدانی دیموکراتی و چالاکیەکانیەوە بونیادی کۆمەڵگا ئاوادەکات، ئەوەی تریشیان رۆڵی پاراستنی بونیادی کۆمەڵگایە بەرامبەر ئەو هێرشە چەکداریانەی کە دەکرێتە سەر کۆمەڵگاو مافی ژیان. هەردوو رێکخستن لەپێگەی هێرشکردندا نیین، لەچوارچێوەی بەرگری رەوا خزمەت بەئاواکردنی دیموکراتیانەی کۆمەڵگا دەکەن.

دەبێ باش بزانرێت کە سیستەمی کۆمینالّی دیموکرات کە بەم شێوازە پێکهاتووە، رێککەوتنێکی دەزگاکان یاخود پراکتیزەکردنی بەرنامەی بەرەیەک نییە. سیستەمی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیانە تەنیا لە میانەی رێکخستنی خۆجێیەتی و پارچەکان پێکنایەت. ئەو پارچانەش پێویستە لەناو تۆڕێکی پەیوەندی دابن و کارابێت، ئەوکاتە سیستەم پێکدێت. پێویستە تەواوی دەزگا سۆسیالیستە- دیموکراتەکان یەکتری تەواوبکەن و هێز لەیەکتری وەربگرن.

راست نییە کە دەڵێن داخوازی کوردان روون نییە، ئەو سیستەمەی پەسەندی دەکەن توانای پراکتیزەکردنی نییە. بەپێچەوانەوە کوردان بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا دەڵێن دەوڵەتمان ناوێ، هەروەها هەندێک کەس بانگەشە دەکەن گوایە دەوڵەت و کۆمەڵگا یەکپارچە نین بەو ئەندازەیەی کۆمەڵگا بخوات دەوڵەت بەهێزدەبێت، تاوەکو دەوڵەتیش هەبێت کۆمەڵگا نابێتە هێز. بەپێچەوانەوە بەئەندازەی لاوازکردنی دەوڵەت کۆمەڵگا بەهێزدەبێت. هەڵبەتە دیموکراتی بەواتای بوون بەهێزی گەل و بەڕێوەبردنی خۆی دێت. هەروەکو چۆن ئەمڕۆ لەلایەن چەندین ناوەند و دەوروبەرەوە لەجیهان هەوڵی ئاواکردنی سیستەمێکی جیاوازی دەرەوەی دەوڵەت دەدەن، ئێمەش بۆ ئاواکردنی هەوڵدەدەین. تەنانەت لەمبارەیەوە بەراستینەی رێبازێکی ئایدیۆلۆژی گەردوونی و پێکهاتەیەکی پێشەنگیش

گەیشتووین. لەم پێناوەشدا لەتەنیشت دەوڵەت، لەپێناو ئاواکردنی سیستەمێک لەدەرەوەی دەوڵەت تێکۆشان دەکەین. هەندێ کەس دەڵێن: دەوڵەتی نەتەوەیی و کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتگەرا روونە، بەڵام سیستەمی کۆمەڵان روون نییە، نەک لە پێناو سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکو تێکۆشان لە پێناو کۆمیناڵ بوون، پەیوەندیەکی راستی نێوان مرۆڤەکان، لە پێناو یەکسانی و ئازادی و پەیوەندیەکی دیالەکتیکی گونجاو لەگەڵ سروشت، لە پێناو سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز لەسەر بنەمایەکی ئازادانە واتادارە و بەمانای چارەسەری راستەقینەی کێشەکانی مرۆڤایەتی دێت، ئەمانە داتاشراو و ئاڵۆزنین، بەڵکو تاوەکو دوا رادە داواکاری روون و بەهادارن. تەنانەت شێوەیەکی ژیانە بۆ بەرجەستەبوون و بەدیهاتنی گەلان تامەزرۆن.

## بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیک: کۆردینەکانی کارو رۆڵ

لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا رێکخستنەکانی بەڕێوەبەرایەتی لەناو کۆمەڵگا هێندە مەزن دەکرێت لەناوەوە هەرتاکێکی فەتح کردووە. هەر کەسێک کراوە بە بەڕێوەبەرێتی، یاخود لە بواری بەڕێوەبەرو بەڕێوەبراوەکاندا بووە بە فاکتەرێک. دەڵێن دەسەڵات بە ناواخنی تاکدا تێپەڕدەبێت. لە حاڵێکی وەهادا تاکی زیندوو بکەری دەسەڵات نییە بەڵکو ناچارە تەواوکەر بێت. دوای بەدیهاتنی ئەم رەوشە، دیاردەی بەڕێوەبەرایەتی بەرژەوەندیپەرست دەبێتە بارێکی سروشتی. باوەڕی بەوە دێنن: هەر کۆمەڵگایەک رێکخستنی (ئۆرگانیزاسیۆن) بەڕێوەبەرایەتی نەبێت لەناو ئاڵۆزیدا دەژی و ناتوانێ ژیانی خۆی رێکبخات.

دەشێ رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی لە ئارادا نەهێڵدرێ و ئەم رێکخستنە بۆ ناو کۆمەڵگا بگوازرێتەوە؟ رێکخستنێکی بەڕێوەبەرایەتی پێویستیە؟ بەکۆمەڵگابوون ئۆرگانیزەبوونێک لە خۆوە دەگرێ؟

لە کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیدا پەسەند دەکرێت کە بەکۆمەڵگابوون ئۆرگانیزاسیۆنێکی بەڕێوەبەرایەتی لە خۆوە دەگرێ، بەڵام بەکارهێنانی

ئامرازەکانی دەوڵەت و دەسەڵات لە بەڕێوەبردندا پەسەند ناکرێت، ڕەد دەکرێتەوە. بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا لەبەرامبەر دەسەڵات جێگیر دەکرێت. تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای بنەڕەتی ـ ریشەیی زاڵ دەکرێت، ئەگەر لە چوارچێوەی پێویستیەکانی دەزگابوون پێشبخرێت، ئەوا سەرلەنوێ شۆڕبوونەوە بۆ ناو کۆمەڵگابوون بەدیدێت. ئەوکاتە دەبینرێت کە بەکۆمەڵگابوون لەسەر ئەم بنەمایە بایەخدارە، ئۆرگانیزاسیۆنی بەڕێوەبەرایەتیش وەک دابەشکردنی کار تاوتوێ دەکرێ و لە دەسەڵاتپەرستی، جیاوازی چینایەتی، دەوڵەت، ناوەندیبوون، ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگا و زانیاریە فەلسەفی و زهنیەکان دوورخراوەتەوە، لەم چوارچێوەیەدا لەدەرەوەی ڕاستینەی کۆمەڵگای کۆیلە کە زادەی دەوڵەت و دەسەڵاتە بە پێناسەیەک دەگات. بەمجۆرە ئۆرگانیزاسیۆنی بەڕێوەبەرایەتی بە پێناسەیەکی دیموکرات و کۆمەڵگاخوازانە دەگات.

بە بێ پێویستی بینین بە دەوڵەت کۆمەڵگا دەتوانێ خۆی بەڕێوەببات. کاتێک ئەمە دەبێ بە دیاردەیەک لەم چوارچێوەیەدا پێویستی بوون بەکۆمەڵگایەکی تەندروستانە هەم لە بواری مێژوویی، هەم ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بووە بە ڕەوشێکی ناچاری. بەتایبەتیش دەوڵەت و تەواوی دامودەزگاکانی لە قەیراندان، جگە لە دەرکەوتنە پێشەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی خۆی، ڕێگاچارەیەکی دیکە نەماوە. بەپێی بەسەرچوونی کات ئەم پێکهاتانە پەرەدەسێنێت.

ستراتیژی بەڕێوەبەرایەتی کۆمیناڵیزمی دیموکراتیک بەگوێرەی چین و دەسەڵات پێناسە ناکرێت. دەشێ بەڕێوەبەرایەتی هێزەکەی بۆ ئەو کارەی دەیکات و ئەو ئەرکە بگەڕێتەوە کە بەسەر دەوروبەری بەشدەکاتەوە، بەڵام نابێت لەنەتەوە و چینەوە سەرچاوە بگرێت. بەرهەمی ئابووری بەتایبەتیش بڕیاردان و دابەشکردن پێویستە بەدەست کۆمەڵگاوە بێت. دابەشکردنی ئیش و ڕۆڵ نابێت لەسەر بنەمای دابەشکردنی کۆمەڵگای ڕەگەزی بێت. قۆناخەکانی بڕیاردانی کۆمەڵگا پێویستە بە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەلدا تێپەڕبێت. بەمجۆرە نەبێت بەشێوەیەکی سروشتی دەسەڵاتێکی سەرووی کۆمەڵگا ئاوادەبێت.

هەربۆیە چەمکی بەڕێوەبەرایەتی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک بەشێوەیەکی ریشەیی لە تیۆری و پراکتیکی سۆسیالیزمی بونیادنراو جیاکراوەتەوە. سۆسیالیستە کلاسیکەکان لەو بڕوایەدابوون کە دەسەڵاتیان داوەتە دەست باشترین چین (پڕۆلیتاریا)ی کۆمەڵگا. ئاشکرایە ئەمە لادانێکە رەوابوون بە جیاوازی چینایەتی مێژوویی دەدات و ناهێڵێت کۆمەڵگابوونی پێشبینی کراو بەدیبێت. لایەنێکی دیکەی جیاوازیشی وەکو لێکدەدرێتەوە سنووردارکردنی دەسەڵات بە پەیڕەوی ناوەندی ئەنجامگیر نابێت. دەبێت لە میانەی بە دەزگابوونی دیموکراتیانەی کۆمەڵگا دەوڵەت سنووردار بکرێت. تاوەکو کۆمەڵگا سەرجەم چالاکیەکانی دەسەڵات بێواتا نەکات و تەواوی ئەرکەکانی دەوڵەت نەگرێتە ئەستۆ، بەشێوەیەکی تەندروستانە ناتوانێت بەردەوامی بەهەبوونی خۆی بدات.

پێویستە کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک وەکو (رێکخستن) ئۆرگانیزاسیۆنێکی سەرتاسەری ژیانی کۆمەڵگا تاوتوێ بکرێت، نابێت تەنیا وەکو سیستەمێکی ئیداری ببینرێت، پێویستە وەکو شێوەی ژیانی کۆمەڵگا ببینرێت کە سیستەمی ئیداریش لە خۆوە دەگرێت. بۆ نموونە رێبەرایەتی دەنکەکانی تەسبیح و ئیمام دەخاتە گفتوگۆوە، بەڵام ئەگەر دەنکەکانی تەسبیح نەبێت، ئیمامیش نابێت. سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە رێبەرایەتی چەندین کۆمیتەی پێشنیاز کرد، ئەنجوومەنەکانی پێشخست. شێوازی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕی. وەکو پێشەنگ پارتی هێنا لەناو سیستەم لە شوێنێکدا جێگیری کرد. چەندین رێکخستنی لە دەوروبەریەوە پێشخست. ئەمەشی وەک ئۆرگانیزاسیۆنی کۆمەڵگا پێناسە کرد. بە مەبەستی رێکخستنی ژیان کۆمیتەکانی تەندروستی و پەروەردە و زمانی پێشنیاز کرد. کۆنفیدراسیۆنەکانی ژنان، لاوان و رەنجی پێشخست، تەواوی کەم و کوڕی چالاکی و کارەکانی دەوڵەتی دەستنیشان کرد، جێگایانی پڕکردەوە. لە هەندێ شوێن کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک وەکو سیستەمێکی ئیداری پێناسە دەکرێت. تەنانەت کەسانێک گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە کێ گرێدراوی ئەوی ترە و سنووری دادوەریان تاوەکو کوێیە؟ ئەمە لادانێکە رەنگدانەوە و نیشانەکانی زهنیەتی دەسەڵاتپەرستیە.

بەبێ ئەوەی قوڵبوونەوەیەکی پێویست سەبارەت بە دابینکردنی پێویستی کۆمەڵگا، گەیشتن بە بڕیار لە ڕێگای کۆمەڵگاوە، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگا ئەنجام بدرێ، هەڵوێستێک دەردەکەوێ کە بەناوی دیموکراسی ڕێکخستنی خۆی بە بنەما دەگرێت. ئەوانەی هەرە زێدە ئەم هەڵوێستانە نیشاندەدەن ئەو بەڕێوەبەرانەی گەلن کە لەگەڵ کۆمەڵگادا ئاوێتە نەبوون. کاتێک لە میانەی ئەم هەڵوێستەوە جموجۆڵ بکرێت بە دەزگابوونی خۆی تێر دەبینێ، لە ڕێگای ئەم جۆرە بە دەزگابوونەشەوە پراکتیکی دەسەڵاتپەرستی پێشدەکەوێت. لە ئەنجامی ئەم پراکتیکەشدا ناتوانێت پەیوەندیەکی کۆمینالی دیموکراتیانە لەگەڵ دەزگاکانی دیکە ئاوابکات. هەندێ بابەت دەکرێنە ڕۆژەڤ کە لەگەڵ ڕۆحی کۆمینالیزمی دیموکراتیکدا یەکانگیر نابێ و گونجاو نییە.

پێویستە دەرک بەو ڕاستینە بکرێ کە: لەڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژیان چالاکی و خەباتی گشتگیرەو سەرجەم تۆڕەکانی پەیوەندی ژیانی کۆمەڵگا لە خۆوە دەگرێ، بێگومان کۆنفیدراسیۆنیش سیستەمی ئیداری دەبێت. بەڕێوەبردنی گفتوگۆکانی لەمەڕ گۆڕەپان یان سنووری دەستڕۆیی من و هی تۆ تاوەکو کوێیە، کۆنفیدرالیزم نییە و بەواتای چەواشەکاری سیستەمی ئیداری دێت.

لەکۆنفیدڕالیزمیشدا شتێکی لەم جۆرە جێگای باس نییە کە هەر کەسێک لە هەر شوێنێک چی بخوازێت ئەنجامی بدات. هەڵوێست و گووتەی (کاری خۆم بەڕێوەدەبەم، هەڵبەتە من لەناو سیستەمی کۆنفیدڕالیزمدام، جگە لە گۆڕەپانی خۆم بکەومە ناو گۆڕەپانێکی دیکە دژی کۆنفیدڕالیزم دەبمەوە. بەم جۆرە دەکەومە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی کلاسیکی) بەگوێرەی لۆژیکی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیک نییە، لایەنێکی دیکەی سەرەکی کۆنفیدڕالیزم ئەوەیە: گشت ڕێکخستنەکان یەکتری تەواو و بەهێز دەکەن و سیستەم ئاوا دەکەن. مەیلی بەشداری نەکردن لە کۆردیناسیۆنی گشتی هەیە. لە ڕەوشێکی وەهادا لەبەرامبەر سیستەم چۆن خۆت ڕادەگری. ئەو تێگەیشتنەی دەڵێ سیستەمی ئیداری مافی دوو لایەنە لە تۆڕی پەیوەندی سیستەمی کۆنفیدڕالیزمدا نییە، تێڕوانینێکی تەسکەو ئانارشیزمی تێدایە. ئەمەش نەک تەنیا ڕاوەستەیەک نییە لە دژی سیستەم، بەڵکو کۆمەڵگاو

گەلەکەمان لە بەرامبەر سیستەم لاواز دەکات و رەوشێک دەردەکەوێت کە خەبات و بەناوەندبوونی خۆی بە بنەما دەگرێ و لەگەڵ پێکهاتەو بوارەکانی دیکەی خەباتدا هەڵناکات. لە تەنیشت ئەمەدا لەناو خۆیدا نابێتە خاوەن سیستەمێک و ئاڵۆزیەکی فیکری دێتەئاراوە. لەلایەن هەرکەسێکەوە دەزانرێت کە سەرمایەداری رەتدەکەینەوە و بەرەو سۆسیالیزمی بونیادنراویش نارۆین، ئەو دەوڵەتەش پەسەند ناکەین کە لە ئارادایە، ئەمەش لە میانەی ئەو هێزەوە بەدیدێت کە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەیخاتە روو. تاوەکو لەناو دیالەکتیکی سەرخستنی تێکۆشانی ئازادی گەلی کوردو دابینکردنی پێویستیەکانی کۆمەڵگا تێکۆشان بەرێوەنەبردرێت ناتوانرێ باس لە هەنگاونان بۆ ناو سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بکرێت. پێویستە پەروەردەی گەل رێکبخرێت، کۆردیناسیۆن ئاوا بکرێت، بنکەی جەماوەری پارتە سیاسیەکان بەرفراوان بکرێ و چارەسەرکردنی گرفتە ئابووریەکان لە میانەی رێنمایی کۆمەڵگاوە بێت، دەبێت کۆمەڵگا بەرەو ئاواکردنی سیستەمی خۆی و کاری رێکخستە هەنگاو بهاوێژێت.

## سیاسەت و پارتە سیاسیەکان:

پارت یان وابەستەی دەوڵەتە یان کۆمەڵگا، ئەگەر لەتەوەرەی کۆمەڵگادا بێت نەک دەوڵەت ئەوکاتە پارتێکی سیستەمی کۆنفیدرالیزمە. لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکدا جێگای پارتی سیاسی هەیە. پارتەکان ناکرێنە ناوەندی کۆمەڵگا، بەڵام بچووکیش ناکرێنەوە. لەناو کۆمەڵگادا گروپی جیاوازی بەرژەوەندیخواز هەن. لە پێناو روونەدانی ململانێی مان و نەمانی نێوان ئەم گروپانە جێبەجێکردنی پێداویستیە بنەرەتیەکانی ژیانی کۆمەڵگایە، هاوسەنگکردنی پەیوەندیەکانیان بەگوێرەی پرەنسیپەکانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێویستی بە پارتە سیاسیەکان هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی تاوەکو مەودایەکی درێژخایەن پەیوەندی (دەوڵەت + دیموکراسی) بەردەوام دەبێت، راستینەیەکی کۆمەڵگا جێگای باس دەبێ کە پێویستی بەپارتی سیاسی جیاواز هەیە. پێویستە لایەنگری کۆمەڵگا بکەن، لە هەستیارکردنی دەوڵەت بەرامبەر بە دیموکراسی رۆڵ ببینن.

هەربۆیە بە لۆژیکی پارتی سیاسی و پارتە سیاسیەکان جێگای خۆیان لەناو کۆنفیدرڕاڵیزمی دیموکراتیکدا دەگرن.
لە رێگای دوو کارەکتەرەوە پارتە دیموکراتەکان لەگەڵ پارتەکانی دەوڵەت جیادەکرێنەوە: یەکەمیان ناچارە لە چوارچێوەی تەوەرەی کۆمەڵگادا بێت نەک دەوڵەت. بەواتایەکی دیکە ئامانجی ئەوە نییە رۆژێکیان دەوڵەت بەڕێوەببات. پێویستە بونیادنانی دیموکراتیانەی گەل ئامانجی سەرەکی بێت. دەبێ ئامانجی دیکەی فەراهەم کردنی پەیوەندی بەرژەوەندی گروپە بەرژەوەندیخوازەکانی کۆمەڵگا بێ لەگەڵ رێکخستنی بنکە جەماوەریەکانی ، لەمیانەی ئەو هێزەی لێیانەوە وەردەگرێ لە گۆڕەپانی سیاسی نیشانی بدات. رۆڵی کۆردینەکردنی ئەو گرۆوپ و رێکخستنانە دەبینێ کە داخوازی و داواکاری جیاوازیان هەیە. پارتی بەم جۆرە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی خاوەن بەرنامەیەکن کە دەوڵەت دەگۆڕن و بێواتای دەکات. ئەگەر بکەوێتە نێو پەیوەندیەک لەگەڵ دەسەڵات و دەوڵەتی کاتی بە ئەندازەی بچووککردنەوەی دەوڵەت پێویستە ئەم پەیوەندیەی لەسەر بنەمای گۆڕینی پێگەی دەسەڵات بێ بۆ کۆردینەی کار و رۆڵ. ئاواکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بەکاربهێنێت کە لەبەرامبەر دیموکراسی هەستیار بێت. بەڵام دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە: ئەم پارتانە لە شێوازی رێکخستنیانەوە تاوەکو دەگاتە پڕۆگرام بە هیچ شێوەیەک لەناو زهنیەتی دەوڵەتگەراییدا نین، هێزی خۆی بە گوێرەی دەستبەسەردا گرتنی دەوڵەت تەیار ناکات. دەرک بەو راستینە بکات کە لەمیانەی هێزی دەوڵەتەوە بە هیچ شوێنێک ناگات. ئەگەر بەم جۆرە نەبێت دووچاری هەمان هەڵەی پارتی لینینی سۆڤیەت دەبێ و پێچەوانەی ئامانجەکانی دەبێتەوە.
دووەمین گۆڕانکاری گەوهەری: بۆ تەواوکردنی ئامانجی بونیادنانی دیموکراتیانەی پارت، لەبواری گەوهەری پێویستی بە رێکخستەبوونی دیموکراتیانەی ناوخۆی هەیە. پارتێکی دیموکراتیانە وەک دەوڵەت خۆی رێکناخات. رێکخستەبوون و میکانیزمی کاروباری ناوخۆی دیموکراتیکە، گەل تەقلی سەرجەم بڕیارەکان دەکرێت. بەو ئەندازەیەی پێکهاتە ناوەندیەکان هێنراوەتە نزمترین ئاست دەسپێشخەری خراوەتە

دەست پێکهاتە خۆجێیەکان. لە پرۆسەی بڕیارداندا گەڕەک و شارەدێکان بە بناخە دادەنرێن. پارت بۆ ڕێکخستنی توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەناوخۆیدا کراوەیە. کاتێک لەم ڕوانگەوە سەیر بکرێت دەبینرێ کە ئەزموونەکانی کۆمسیۆن و ئاواکردنی لقەکان ناتەواوە. لەجیاتی ئەمە پێویستە بە چەمکی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بگات کە کۆمۆن و ئەنجوومەنەکان بۆخۆی بە بناخە دابنێت. بەئەندازەی ڕێکخستنە ئۆتۆنۆم و سەربەخۆکان (بۆ لاوان و ژنان) دەبێت هانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو یەکینەو ڕێکخراوە پیشەییەکان بدرێت. بەگشتی پێکهاتە ناوەندیەکان بە دەستپێشخەری ئەنجوومەنەکان دەست بەکاردەبن و چالاکبوونیان ڕەچاو دەکرێ. لەجیاتی پێکهاتە ناوەندیە بیرۆکرات و (خاوەکان) تەمبەڵەکان هەنگاو بۆ بەڕێوەبەرایەتیەک دەهاوێژرێ کە کاری کۆردینە دەکات و بەشێوەیەکی چڕ و هەماهەنگ کار لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێیەکاندا دەکات.

ئەگەر پارت کۆمەڵگابوون بکات بە تەوەرەی خۆی، ڕێکخستنەکەشی بەگوێرەی کۆمەڵگا ڕێکدەخات نەک وەکو دەوڵەت. کەواتە چ جیاوازیەک لە نێوانیاندا هەیە؟ کۆمەڵگا دیموکراتیکە، دەوڵەت ناوەندیە و لە بنکە دابڕاوە، کۆمەڵگا هەمەڕەنگیەکی بەرفراوان (چینەکان، ڕەگەز، جیاوازییەکانی تەمەن)و بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بە بنەما دەگرێ و پشتی پێ دەبەستێت، بەمەرجێ پشت بە چینێکی مشەخۆر نەبەستێ، بەگوێرەی هەمەڕەنگی خۆی ڕێکدەخات، لەسەر بنەمای زاڵکردنی بەرژەوەندی چینێک بەسەر ئەوانی تردا خۆی ڕێکناخات. دەرخستنی دیموکراسی لەژێر ڕکێفی دەوڵەت و سپاردنەوەی بە کۆمەڵگاو ئەنجامدانی کۆردینەکردنی ئەم پرۆسەیە، بەمجۆرە وەک دابەشکردنێکی کار کە لەناو خودی کۆمەڵگا سەرهەڵدەدات پارتی سیاسی پێشدەکەوێت. ڕێکخستنی ئێمەش دوو مەرجی هەیە: یەکەمین ڕادەستکردنی سیاسەت بە کۆمەڵگا، پێشخستنی سیاسەت بە پشتبەستن بە ڕێکخستی دیموکراتیانەی کۆمەڵگا.

کاتێک بەناوی کۆمەڵگا سیاسەت بەڕێوەببرێت ڕەوشێکی سەرووی کۆمەڵگا دێتەئاراوە. هەڵبەتە ئەمەیە کە دەوڵەتی کردووە بە دەوڵەت. هەر شتێک لەدەست کۆمەڵگا دەردەخات کە پێویستە خۆی ئەنجامی بدات،

بەمجۆرە وابەستەو ملکەچی خۆی دەکات. ئەمانەش لە رێگای فشارو پێڕەوی ستەمکاری هەمەجۆرەوە ئەنجام دەدرێت، پێویستە کۆمەڵگا ناچارنەکرێ. کۆیلایەتی و کۆیلەداری دووڕووی هەمان شتن، پێویستە دژی هەردووکیشیان بوەستینەوە. باشترین رێچکە و پەیڕەوی وابەستەکردنی کۆمەڵگا زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی تەواوی ئەمانەیە کە پێویستە کۆمەڵگا ئەنجامی بدات. هەربۆیە ئەو پارتە سیاسیەی لە تەوەرەی کۆمەڵگادایە ناتوانێ هەمان شتی دەوڵەت بکات. پێویستە سیاسەت رادەستی کۆمەڵگا بکرێت. ئەگەر لە هەلومەرجی رۆژگاری ئەمڕۆمان باس لە پێشەنگایەتیەکی سیاسی بکرێ، دەشێ لە میانەی خوڵقاندنی زەمینەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی کۆمەڵگا لەلایەنی خۆیەوە و ئاواکردنی ئۆرگانەکانیەوە ئەنجام بدرێت. ئێمە ئەمە بە ئەنجوومەنەکانی هاوڵاتی ئازاد ناو دەبەین.

## پۆلەتیک(سیاسەت)

پێویستە لێرەدا سیاسەت پێناسە بکرێ کە کراوەتە میکانیزمێکی بەڕێوەبەرایەتی. ئەو پێناسە گشتیەی پێشدەخرێت بەباشترین شێوە بەکارهێنانی تواناکان یان هونەری هەڵبژاردنی یەکێک لەو بژارو توانایانەیە کەهەن. بەڵام لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو باڵادەست و هەژموونگەراکان سیاسەتیان بەکارهێناوە، بەجۆرێک ناسراوە کە لەرێگای شاردنەوەی راستیەکان و بە نەبوو نیشاندانیان و لە خۆوە شت دروستکردن کۆمەڵگا بەلای خۆتدا راکێش بکەیت و رکابەرەکانت گۆشەگیر بکەی و بەرژەوەندیەکانت بەدەست بهێنیت. پێناسەیەکی دیکەی گشتی: کاری دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتە. پێناسەیەکی دیکەش دەڵێ: ریشەیەکی بۆ ووشەی (سیس)ی عەرەبی دەگەڕێتەوەو بەواتای پەروەردەکردنی کۆمەڵگا دێت. بنەماکەی بۆ ئەم چەمک و تێڕوانینە دەگەڕێتەوە کە دەڵێت: کۆمەڵگا راستیەکان نازانێت بۆیە دەبێ رێکبخرێ و ئاراستە بکرێ، کاتێ هەڵەش بکات سزا بدرێ، پێناسەیەکیش سەرچاوەکەی بۆ یۆنانیەکان دەگەڕێتەوە. هەروەکو دەزانرێ ئەرستۆ لەبارەی مرۆڤەوە گوتویەتی " زۆن پۆلیتیکۆن " هەرچەندە بگوترێ کە

خەریک بوونە بە کاروباری کۆمەڵگا بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەواتای بەڕێوەبردنی شار پێناسە دەکرێ. لێرەشدا واتای بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگایە، واتا بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتشار سیاسەت بەکاردەهێنن. وەکو دەبینرێت تەواوی ئەم زاراوانەی سەبارەت بە سیاسەت باسمان کرد سەرچاوەکەی بۆ پێناسە دەوڵەتگەراکان دەگەڕێتەوە. ناتوانین ئەمە پەسەند بکەین و دان بەراستیاندا بنێین.

تەواوی کارو چالاکیەکانی ژیان هەر هەمووی بە سیاسەت ناو دەبرێ، مرۆڤ پێکهاتەیەکی هزری، سۆزداری و جەستەییە. لەو ساتەی دەجولێتەوە هەموو شتێکی سیاسەتە. کۆمەڵگا بۆ دەزگای هزری فسیۆلۆژی و رێکخستنی دابەشدەبێت. سەرجەم چالاکی و کردارەکانی ژیان بەیەکەوە وەک سیاسەت بەناو دەکرێت. گرنگترین قۆناخیشی میکانیزمی بڕیار وەرگرتنە. هەندێک جار بەشێوەیەکی تەسک و سنووردار سیاسەت تاوتوێ دەکرێ، تەنیا وەکو قۆناخی بڕیاردان دەبینرێت. ئەمەش پێناسەیەکی ناتەواوە. هەربۆیە سیاسەت وەک زیندوویی ژیانیش پێناسە دەکرێت. هەندێک لە زاناکان تەواوی ئەو کارانەی مرۆڤ بۆخۆی ئەنجامی دەدات وەکو بیو - پۆلۆتیکا ناو دەبەن. هەروەها (بۆکین)یش سیاسەت وەکو گۆڕەپانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا پێناسە دەکات. ئەمەش وەکو گۆڕەپانی سێیەم بەناو دەکات. قۆناخی ناوینی رێکخستنەکانی ئەنجوومەن وەکو سیاسەت پێناسە دەکات، واتا شێوەی مەبیوی کۆمەڵگا وەک سیاسەت نابینێ، بەگوێرەی بۆکین کردارو کردەوەکانی دەوڵەتیش وەکو سیاسەت نابینرێ. بەگوێرەی رێبەرایەتی سیاسەت هی کۆمەڵگایە، دەبێ بۆی بگەڕێتەوە، هوشیاریەکەی تێگەیشتنی هاوڵاتی ئازادە، رێکخستنەکەشی بە ئەنجوومەنی هاوڵاتی ئازاد ناو دەکرێت.

سیاسەت کە گوزارشت لە بژاری بەرژەوەندی و رێکخستنی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکات لە بواری دامەزراوەدا لەنێو قەیرانێکی قووڵ دایە. لەناو سەرجەم کۆمەڵگاکاندا متمانەکردن بە سیاسەت لاوازبووە. لەو بڕوایەدان کە لە رێگای دەزگاو پەیوەندیەکانی سیاسەت کێشەکان چارەسەر نابێت. ئەم باوەڕی و تێگەیشتنانەش گوزارشت لە

راستی دەکەن، چونکە سیاسەت لەنێو بنبەستبووندایە، بێچارەیە. هەر بۆیە لە سەرتاسەری جیهان گفتوگۆ لەبارەی سیاسەت دەکرێ و هەوڵی پێشخستنی پێناسەی نوێ دەدرێت.

لە راستیدا ئەوەی سیاسەتی دووچاری بێ َ چارەیی کردووە و ئەو ناوەڕۆکەی پێ بەخشیوە سەرچاوەکەی بۆ بێچارەیی پێکهاتەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو لایەنانەی چینایەتی، پیاوسالاری و ئاین کە بۆ مرۆڤایەتی نابن بە چارەسەری لەلایەن سیاسەت و سیاسەتمەدارانەوە دەخرێنە گفتوگۆوە. رەوشی قەیران و بێچارەیی ئەم پێکهاتانەیە کە سیاسەتیان بە دەزگا کردووە، رەنگدانەوەی خۆی بۆ سەر ژیانی سیاسیش دەبێت. بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانی سەبارەت بە سیستەمی ئابووری رۆژگاری ئەمڕۆمان شانبەشانی گفتوگۆکانی دەرهەق بە دەزگاکانی سیاسەت بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە.

دەشێ ریشەی سیاسەتی دیموکراتیانە بۆ کۆمەڵگا بوون بگەڕێندرێتەوە. سەرباری ئەوەی بە کۆمەڵگابوون گەیشتنی مرۆڤە بەرێکخستن (ئۆرگانیزاسیۆن) لە دەوروبەری بەرهەم و یەکێتیەکی کولتووری و خاوەن گەوهەرێکی کۆمەڵایەتیە، لە هەمانکاتدا گەردەکانی ژیانی سیاسیش لە خۆوە دەگرێت. لەم چوارچێوەیەدا کارو چالاکیەکانی کۆمەڵگا رێکدەخرێت، بە باشترین شێوە تواناکان بۆ کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنرێ و درێژە بە ژیان دەدرێت، پاراستن و نیشتەجێبوون فەراهەم دەکرێ، پەیوەندیەکان لەگەڵ سروشت و ژینگە رێکدەخرێ، جگە لە پێویستیە گشتیەکانی کۆمەڵگا گروپەکانی بەرژەوەندی بوونیان نییە. هێشتا جیاوازی چینایەتی سەریهەڵنەداوە هەر (قڵان) تیرەیەکی سەرەتایی ئەو بوونە دەپەرستێت کە بەباش و سوودمەندی دەبینێ، هیچ کەسێک بەرژەوەندی لە راستینەی جیاوازی باوەڕیەکاندا نییە. دابڕان لە نێوان باوەڕی و راستینەی کۆمەڵگادا بوونی نییە. ژنی داناو بلیمەت کە لەگەڵ ژیاندا ئاوێتە بووە وەک رۆحی هاوبەشی کۆمەڵگا دەبینرێت. لە ئاکامی ئەم تایبەتمەندیانەی کۆمەڵگای سروشتی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد لە گەوهەری لۆژیکی دابەشکردنی کاردا دەتوانرێ لەتەوەرەی تەواوکاری، خۆبەختانەو سوودبەخشی باس لە سیاسەتێکی

بەکۆمەڵگابوون بکرێ. دەتوانرێ بگوترێ ئەم سیاسەتە دەوڵەمەندی کۆمەڵگا لە خۆوە دەگرێ، سادەیەو کۆمەڵکاریە. ئەو پارتیبوونەی پشت بە تەوتەم و سوودمەندی و ئایندەی کۆمەڵگا دەبەستێ دەشێ بگوترێ کە کۆمیناڵ و کۆمەڵگەرایە. بەڵام هەڵسەنگاندنی پارتیبوون و رێکخستنی سیاسی ئەم قۆناخە لەلایەن رێبەرانی سۆسیالیزمەوە تەنیا لایەنی سادەیی و کۆمەڵکاریەکەی لە خۆوەگرت. بەڵام لەراستیدا ئەوەی لە ژێرەوە بەڕێوەدەچێت هەبوونی هەمەڕەنگیە لە باوەڕیەوە تاوەکو دەگاتە پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز، ژیانی کۆمەڵگا و پەیوەندی لەگەڵ ژینگە و سروشت، لەنێو دەوڵەمەندێتی هەمەڕەنگیدا سەرتاپاگیریەکی یەکتری تەواوکەر دەبینرێت. بەواتای رێکخستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا سیاسەتێک بەڕێوەدەبردرێت. بێگومان بەرژەوەندی لە نێو یەک پارچەیی ئەم جیاوازیانەدا جێگای نییە. هەر بۆیە پیاو بەسەر ژن، مرۆڤ بەسەر سروشتدا زاڵ نییە، باوەڕیەکی زاڵ بەسەر باوەڕی هەمەڕەنگی ژن ـ سروشتدا بوونی نییە. رێکخستن و بەردەوامی کۆمەڵگای سروشتی هەروەکو رێبەرانی سۆسیالیستی دەستنیشانیان کردبوو نەڕەهاو سادەیە و نەپشت بەهەژموونی چینێک یان هێزێکی کۆمەڵگا بەسەر هێزو چینەکانی دیکەدا دەبەستێت کە لە راستینەی جیاوازی چینایەتی گوزارشتی لێ دەکرێت. بەو واتایە سیاسەت رێکخستەکردنی ژانیی مرۆڤە. واتا بە دەزگابوونی سیاسەت و ژیان هێشتا لە یەکتری جیانەبۆتەوە. رێکخستنی کۆمەڵگابوون وەڵامی پێداویستیەکانی یەکە بە یەکەی ئەندامانی دەداتەوە. هەر هەبوونێک رێکدەخرێ، هیچ یەکێکیان لە راستینەی خۆی جیاوازتر نیشان نادرێت. کاتێک بەرژەوەندی جیاواز لەبەرامبەر یەکتریدا بوونی نەبێت سیاسەت و دابەشکردنی کار چەمکی یەکسانی و نەبوونی هەژموونگەرایی بەسەر یەکتردا بەخۆوە دەگرێت پێویستی بە رەنگدانەوەی سیاسیانەی باوەڕیەکان نابینرێت. خودی باوەڕی رێکخستنێکی سروشتی دێتەئاراوە. سروشت، مرۆڤ و کۆمەڵگا وەک هەبوونێکن کە یەکتری تەواو دەکەن.

یەکەمین کاری سیاسەتی چینایەتی (سەردەمی جیابوونەوەی چینایەتی) دەرخستنی ژنە لەناو ژیانی کۆمەڵگابووندا، لە کاتێکدا ژن خودی ژیانە،

تەنانەت سەرکێشی ژیانە، دووری دەخاتەوەو دەیخاتە ژێرەوە، ئەم تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەیە کە یەکەمین دروست کراو و بەرژەوەندی پەرستە. لێرەدا سیاسەت لایەنگری پیاوە، کاتێک چاو ببڕنە بەهاکانی ژیانی هاوبەش و یەکسانی ئەوا سنووردارکردنی هێزە ئافرێنەرەکانی ئەم بەهایانە هەنگاوێکە دەهاوێژرێن. بەمجۆرە ژن دەخرێتە پلەی دوواوە و دەکرێت بە کاڵایەک کە خزمەتی سیستەمەکەی بکات و بچەوسێنرێتەوەو وەکو دەخوازێ بەکاری بهێنێت. ئەم کارەش وەکو ئەوە وایە لە خودی ژیان یان سەرچاوەکەیەوە دەست پێ بکەی. خستنە ژێر گوشار، چەوسانەوەو بەکارهێنان تەنیا بە ژنەوە سنووردار نابێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی خۆی دەکاتە سەر گروپە جیاوازەکانی مرۆڤ و تەنانەت سروشتیش. دوای خولْقاندنی دژبەرەکان ئیتر سیاسەت و ڕێکخستنی (پارتە سیاسیەکان) ڕکەبەرەکان بە هەموو هێزی خۆیەوە سەرهەڵدەدات و دەکەوێتە گەڕ.

کەواتە ریشەی لەدایکبوونی سیاسەتی دەوڵەت بۆ نەبوونی ئازادی و یەکسانی و دژە دیموکراسی دەگەڕێتەوە. ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز، نێوان مرۆڤ و سروشت قووڵ دەکاتەوە. هەروەکو چۆن لەگەڵ سەرجەم تایبەتمەندیەکانی ژیان گونجاو نابێت مەیلی جیاواز نیشاندانی لە خۆوە دەگرێت. یەکەمین کاری ئەنجامی بدات ئەوەیە کە بەرژەوەندیە چینایەتیەکان وەکو بەرژەوەندی هەموو کەس و تەواوی کۆمەڵگا نیشان بدات. بەڵام ئەوە سەختە، پێویستی بە هێزێکی گەورە هەیە. چونکە زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگا ئەمە پەسەند ناکەن. ئەو کاتە هێرشی سەر تاپاگێری بۆ سەر تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای سروشتی دەست پێدەکات کە ریشەکەی بۆ بەکۆمەڵگابوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە و هەوڵی سڕینەوەی دەدات لە بیری مرۆڤایەتیدا. بەگوێرەی ئەوان مرۆڤایەتی بەجیابوونەوەی چینایەتی دەست پێدەکات، هەربۆیە چینە چەوسێنەرەکان دەسەڵات و دەوڵەت بە خولْقێنەری هەموو شتێک دادەنێن. ڕێبەرە سۆسیالیستەکانیش بەتێڕوانینی:" ژیانی کۆمیناڵ لە قۆناخێکدا هەبووە و تێپەڕبووە" مێژوو وەک تێکۆشانی چینایەتی تاوتوێ دەکەن. دەکەونە ڕەوشێک کە هەڵوێستی سیستەمە دەسەڵاتدارەکان تێپەڕناکات. سیستەمە هەژموونگەراکان

بەرژەوەندی چینیان خستۆتە پێش هەموو شتێکەوە. دەڵێن کاتێ چینێک بەسەر ئەوەی دیکەدا زاڵ دەبێت بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگا دەپارێزێت، هەربۆیە مافی زاڵبوونی بەسەر چینەکانی دیکەدا هەیە. لە راستیدا بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش دەوڵەت وەکو ئۆرگانیزاسیۆنێکی نموونەیی دەبینرێت. دەوڵەت بەگوێرەی بەرژەوەندیە چینایەتیەکان رێکخراوی خۆی رێکخستە کردووە، هەرکاتێک پێویست ببینێت خەڵکانێک لاتەریک دەکات و رێککەوتنیش لەگەڵ ئەوە پێشدەخات کە خۆی مەبەستێتی. هەروەکو چۆن دەشێ کۆمەڵگا لە بەهەشت واتا لەدەوڵەت بەدەربنرێت، رێککەوتن لەگەڵ داورودەستەی سەربازیش لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ. بۆ ئەوەی دەسپێکردنی تەواوی جیهان بۆ جیابوونەوەی چینایەتی بگەڕێنێتەوە ئاین و هەلومەرجی کولتووری باوکسالاری لێهاتوانە بەکاردەهێنرێت. چونکە ئاین پیاو بە باڵا و ژنیش بە هەبوونێکی نزمی ژیان نیشاندەدات و چەوسانەوەی رەوا دەبینێت. بەمجۆرە چەوسانەوەی ژنان کە سیاسەت پەیڕەوی دەکات لەلایەن ئایینیشەوە ئەرێ دەکرێت. تەنانەت گشت بەهاکانی ژنان دەکرێنە موڵکی پیاو، بەشێوەیەکی هێندە دوور لە لێپرسینەوە لە بیری مرۆڤایەتی جێگیر دەکرێت، هەروەکو بڵێی دەوڵەت بۆ ساڵانێکی درێژ چەوسانەوەی ئەم بەشەی کۆمەڵگای گەرەنتی کردووە. پیاوسالارێتی هەوڵدەدات لە ژیانی کولتووریدا ئەم راستینە تاوەکو خانەکانی کۆمەڵگا جێگیر بکات و بیکاتە رەوشێکی سروشتی.

لە ئەنجامدا زۆر راشکاوانە دەتوانین بڵێین سیاسەتی چینایەتی سیاسەتی ئاینی باوکسالاریە. سەرجەم هەوڵ و کۆششەکانی ئەم سیاسەتە لەو پێناوەدایە بەرژەوەندیەکانی ئەم رێککەوتنە( پیاو ـ دەوڵەت) بکاتە ئەبەدی و جاویدانی و لای هەموو کەسێک رەوابوونی پێ بدات.

دابڕانی سیاسەت لە ژیان و پیسبوونی بە هەژموونگەرایی و باڵادەستی سەرچاوەکەی بۆ ئەم راستینە دەگەڕێتەوە. لەسەردەمی سەرهەڵدانی شارستانیەکانی پیاوسالاری تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان سەرجەم دەوڵەت، ئاین و پارتە سیاسیەکان خاوەن کارەکتەری پیاون. هەرچی سیاسەتی دیموکراتیانەی کۆمەڵگەرایە خوازیارە بەشێوەی

جیاوازتر درێژه به بەرژەوەندی کۆمەڵکاری بدات که ریشەی خۆی بۆ ئەوێ دەگێڕێتەوه. ئەو بەرخۆدانەی خوداوەندی دایک لەکاتی تێپەڕبوون بۆ جیابوونەوی چینایەتی نیشانی دەدات زۆر دڵنیایانه دەتوانرێ وەک سیاسەتێک ببینرێت. بەرخۆدانی ئەتنیکەکان لەبەرامبەر سیستەمی دەوڵەتگەرایی که لەسەردەمی قارەمانێتی دەستپێکردووه و فۆرمی بەهاکانی دیموکراتی کۆمەڵکاریه رێکخستنی بەرگری رەوای کۆمەڵگای سروشتیه.

سەرباری ئەوەی لەکۆمەڵگای پیاوسالاری ئایینه تاکخوداییەکان لەسەر بنەمای پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگا سەریانهەڵدا، بەڵام کاتێک کەوتنه خزمەت دەوڵەتەکانی زهنیەتی پیاوسالاری، بەشێوەی قارچک ئاسا مەزهەبی لێکەوتووەتەوه و بەرامبەر چینه ستەمکارەکان گروپی چینه چەوساوەکان سەریهەڵداوه، تەواوی ئەم دیاردانەی دەتوانین چەندی دیکەش بژمێرین بەواتای چاودێریکردنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەت دێ، کاتێک دەرفەتیش ببینێ وەکو پارت خۆی رێکدەخات. چاخەکانی یەکەمین و ناوین هەمووی بەمشێوەیه بووه. هەرچی لەسەردەمی کۆمەڵگای هاوچەرخه، سیاسەت و پارتیبوونی چین ـ نەتەوه بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەرفراوان پەیڕەو دەکرێ. لایەنێکی دیکەی گرنگیش ئەوەیه که لەبواری ئەزموونی پارتیبوونی و سیاسەتی چینه چەوساوەکان و ئەو هێزه کۆمەڵایەتیانەوه سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکرێ که دەخوازرێ لەدەرەوەی بازنەی سیاسەت بهێڵرێنەوه.

ئەگەر بەگوێرەی ئەم راستینه تەماشای کێشەکانی سیاسەتی دیموکراسیانه بکەین، بۆمان روونەبێتەوه که پێویسته یەکێک لەبابەته گرنگەکانی بەرنامەی سیاسەتی دیموکراتیانه (ریفۆرمیزەکردنی) دەوڵەت بێ. سیاسەتی دیموکراتیانەی خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی رەنگدانەوەی داواکار و رێکخستەبوونی جڤاتەکانی دەرەوەی دەوڵەته. بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان رێکخستەبوونی گەورەو بچووک داواکاریەکان بەشێوەیەکی یەکسان و ئازادانه نیشاندەدرێن. رێزگرتن بەرامبەر هەبوون و پێکهاتەی گرووپه هەمەرەنگەکانی ناو کۆمەڵگا بەبنەما دەگیردرێن. لەسەر بنەمای تەبایی و ئارامی و رێگه نەدان بەهەژموونگەرایی

تەواوی داواکاریەکان وەکو دەوڵەمەندی بەیەکەوە دەژین، دەتوانن هێز بەیەکتری ببەخشن. ئەگەر دەسەڵاتی گشتی پەیوەندیەکانی ئەم گروپانەی بەرژەوەندی ڕێکبخات، کۆردینەبکات، لەچوارچێوەی بنەمای دیموکراتیانە لەناو سیاسەتدا ڕەنگبداتەوە، ئەوا پێشکەوتووانە دەبێت، هەڵبەتە پێکهاتە کلاسیکیەکانی دەوڵەت وەکو دەسەڵاتی گشتی بەشێوەیەکی جیاواز هەڵوێست بەرامبەر توێژە کۆمەڵایەتیەکان نیشاندەدات و هەوڵدەدەن هەژموونگەرایی چینێک بەدیبێت، هەوڵدەدرێ بەرژەوەندی ئامانج و ڕێکخستن بەگوێرەی یەک ڕەنگی گروپە (باڵادەستەکان) هەژموونگەراکان ڕێکخرێ، جیاوازەکان بەلاوە دەنرێ یاخود هەوڵدەدرێ بهێنرێتە کەمترین ئاستەوە. هەربۆیە ئەگەر سیاسەتی دیموکراسیانە خوازیاری پێشکەوتن بێ، پێویستە دەوڵەت ڕاکێشی چۆنیەتیەکی پەسندکراو بکات و گۆڕەپان لەبەردەم خۆی بکاتەوە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ و لە پێشینەی پرۆگرام-- بەرنامە پێویستە هەڵوێستی ریشەیی دەرهەق بەئایین و پێشخستنی پێکهاتەکانی هەبێ. پێویستە ئەو لایەنە دۆگماتیک و موحافەزەکاریانەی ئایین لەرۆژگاری ئەمرۆمان پشتگوێ نەکەین کە لەخزمەتی چینە ستەمکارەکاندایە، دەوڵەت بەخێودەکات، ڕەوابوون بەهەژموونگەرایی چینایەتی تێکەڵ بەدەوڵەت دەدات. ئەمە بە ئەندازەی هەوڵ و کۆششی ڕۆشنبیری، هەڵوێستی ڕاست سەبارەت بەئایین، پێویستی بەوەرچەرخاندن و پێکهاتەی نوێش هەیە. لەمبارەیەوە هەڵوێستی سیاسەتی دیموکراتیانە نابێت نکۆڵی لەئایین بکات یاخود ئەوەی کە هەیە پەسەندی بکات. دیاردەی ئایین بەو ئەندازەیەی لەسیاسەت و دەوڵەت دووربخرێتەوە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام بەو ئەندازەیەی ژیانی گروپەکانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا ڕێکبخرێت دەشێ بەشێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی مۆدێرن نوێنەرایەتی بکرێ .هەروەکو چۆن شتێکی لەمجۆرە لەئارادا نابێت کە ئایین هەندێک بەرژەوەندی ڕەوا بکات، هەندێکی دیکەشیان سەرکوت و پەردەپۆش بکات. بایەخ بە نیشاندانی بەرژەوەندی توێژەکانی باوەڕمەندی ئایین دەدات. کاتێ هەڵوێستێکی بەم جۆرە بەرامبەر تەریقەتەکان و مەزهەبەکانی

کەلەئارادان نیشان بدرێت، دەشێ بۆ دیموکراسی راکێش بکرێت. چونکە لەسایەی سیاسەتی دیموکراتیانە بەپێویستی نابینن خۆیان لەژێر فۆڕمی جیاوازەوە نیشان بدەن، بەداواکاریە روون و ئاشکراکانیانەوە دەتوانن خۆیان رێکبخەن.

کۆڵەکەیەکی دیکەی گرنگ لەسیاسەتی دیموکراتیانە تەقلیبوون--بەشداریکردنی ژنانە. ئەگەر سیاسەتی دیموکراتیانە سیاسەتێکی ئازاد و یەکسانیخوازبێت، ئەوا لەسەرووی هەموویانەوە تەقلیبوونی ژنان رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ. ئاشکرایە سیاسەتێک کە بەرژەوەندی ژنانی تێدا رەچاو نەکرێ و رێکنەخرێ، ناتەواوە و هەژموونگەرایی تێپەڕنەکردووە.

هەروەها ئەو قۆناخەی بەیەکسانی رەگەزی دەست پێدەکات لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی دیموکراتی لەگەڵ خۆیدا دێنێت، خزمەت بە بەدەستهێنانی یەکسانی مرۆڤ ـ سروشت، یەکسانی نێوان مەزهەب، زمان و ئەتنیکە هەمەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات. لەراستیدا ئەگەر تەواوی ئەم جیاوازی و بێدادیانە لەئەنجامی رەنگدانەوەی چەوسانەوەی چینایەتی پشتبەستوو بەدەوڵەت گەورەبووبێ و لەخوارەوە خۆی نیشاندابێ، ئەوا لەمیانەی تێپەڕکردنی سیاسەتی کلاسیکی چینایەتی و پێشکەوتنی سیاسەتی دیموکراتیانە هەروەکو چۆن دەرفەت بە گوزارشتی ئازادیانەی ئەم جیاوازیانە دەدات، یەکسانی نێوانیشیان فەراهەم دەکات. بەرادەی بەدیهاتنی ئەم یەکسانیەش هێز بەسیاسەتی دیموکراتیانە دەبەخشێت.

یەکێک لەئەنجامە گرنگەکانی سەقامگیری سیاسەتی دیموکراتیانە، لەبەر ئەوەی پێویستی بەخوڵقاندنی مەشروعیەتی ساختە، درۆ، هەڵخەڵەتاندن و تەڵەکەبازی نابینرێ، وەکو پرەنسیپێک سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی ئەخلاق و ئاکار بەدیدێت. لەگەڵ دەستپێکردنی جیاوازی چینایەتی ئەخلاقی کۆمەڵگا تێکچووە. جیاوازی چینایەتی کە ژیانی لەڕێرەوی خۆی دەرخستووە، لەسەر بنەمای هەژموونگەرایی ئاراستەی پێداوە، هەندێک کەس دەردەخاتە پێش، ئەوانەی دیکەش سەرکوت دەکات، ناچاری درۆ و تەڵەکەبازیە. ئەخلاقی تێکچووی کۆمەڵگا هۆکاری سەرەکی تێکوونی سەرجەم ئاکارەکانی دیکەیە. درۆی ئایین،

درۆی دایک بەرامبەر منداڵەکانی، درۆی پیاو لەگەڵ ژن، درۆی دەوڵەت بەرامبەر بەتەواوی کۆمەڵگا، درۆکردن لەگەڵ کۆمەڵی بەڕێوەبراوان..هتد، هەمووی لێرەوە سەرچاوەی خۆی وەردەگرێت. ئەگەر ئەم راستیە ببینرێت کە چۆن هەر درۆ و تەڵەکەبازیەک ئەخلاقی کۆمەڵگای لاڕێ کردووە، ئەوا باشتر دەرک بەدەرئەنجامەکەی رۆژگاری ئەمڕۆمان دەکریَ. رێکخراوترین درۆو لەرێگای سیاسەتی دەوڵەتگەراوە ئەنجامدراوە. سیاسەتی دیموکراتیانە لەرێگەی بەهاکانی یەکسانی، ئازادی، دادوەری، ئاشتی و برایەتیەوە ئەم درۆ و تەڵەکەبازیانە سەراوبن دەکاتەوە، پەیوەندی راست و راستەوخۆ لەگەڵ ژیان ئاوادەکات.

سیاسەتی دیموکراتیانە سیاسەتی گەلە، بەدرێژایی تەمەنی شارستانی چینایەتی کەسانی دیکە بەناوی گەلان و زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگا سیاسەتیان کردووە. سیاسەتی نوێنەرایەتی سەریهەڵداوە. هەرچەندە بانگەشەکانی نوێنەرایەتی کردنیان لەیەکتری جیاوازبێت، بەڵام لەراستیدا پەیڕەویان نەکردووە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینرێ کە رژێمەکان و شێوەکانی دەوڵەت بەردەوام بەگوێرەی ناوەڕۆکی باڵادەستەکانەوە ناونراون. ئاشکرابووە کە هەر سیاسەتێکی پادشایەتی، مۆنارشی، لیبڕالیزم...هتد، کە بەدەستی دەوڵەت ئەنجامدراوە، یاخود ئاکامەکەی دەوڵەتبوون بووە، هیچ یەکێکیان نوێنەرایەتی گەلیان نەکردووە. هەربۆیە کاتێ لەسیاسەتی رۆژگاری ئەمڕۆمان ئەمانە مایەپووچ بوون و ئیفلاسیان کردووە، سیاسەتی پشت بەستوو بەدیموکراتی راسەوخۆ کەوتۆتە رۆژەڤەوە. زۆرجار باس لەگونجاندنی رژێمی کۆماری لەگەڵ دیموکراسی دەکرێ کە وەکو سیستەمی گەل و بەڕێوەبەرەرایەتیەکەی دەبینرێ، ئەنجامگیربوونی سیاسەتی دیموکراتیانە، بەرژێمێک کە لەگەڵ خۆیدا بگونجێت، هەم پێویستیەکی پێکهاتەکەیەتی، هەم لەلایەنی ئەو رژێمەوە پشتگیری لێدەکرێت، دیموکراسی راستەوخۆ دەرفەت بەگروپە کۆمەڵایەتیەکان دەدات بەناوی خۆیانەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ سیاسەت پەیڕەو بکەن، ئەوەی لەم پێناوەدا پێویستە کردنەوەی دەرفەت و ئامرازەکانی دیموکراتی راستەوخۆیە بۆ هەرکەس. چەپی زۆرینە، رێککەوتنی پەمەیی، پڕۆژەی چڵە زەیتون و سیستەمەکانی کۆنگرە، وەک

بەرنامەو پرۆگرامی دیموکراسی کۆمەڵگای دەرەوەی دەوڵەت گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت. لەقۆناخێکدا دەژین تەنها رێگرتن و بۆ دواوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتگەراو پشتبەستوو بەدەوڵەت تێرناکات، بەڵکو پێویستی بەخۆناسین و سەلماندنی دیموکراسی راستەقینەی گەل و هەموو جۆرەکانی بەشداریکردنی هەیە.

# پێشەنگایەتی لەکۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیدا:

کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک، ڕێکخستنی جەماوەری ـ دیموکراتیانەی تیۆری و ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی دیموکراتیە. هەربۆیە سەبارەت بەدەزگابوونی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتی لەسەر ئەم ڕێبازە تیۆری و ئایدیۆلۆژیە، پێویستی بەپێشەنگایەتیەک هەیە. ئەم پێشەنگایەتیە نەکرێت کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک پێشناخرێت، بێگومان کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک سیستەمێکە، بەگوێرەی پێشبینی تیۆری و ئایدیۆلۆژی ڕێبەرایەتیە، ڕێبەرایەتی ئەمەی وەکو(PKK) پێناسە کرد، (PAJK)یشی وەکو پێشەنگی بزاڤی ئازادی ژن هەڵسەنگاند کە لەسەر بنەمای بەلاوەنانی ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگاو ڕێبازی ئازادی ژن لەناو سیستەمدا بەدەزگا دەبێت، هەربۆیە (PKK و PAJK) ڕۆڵیان پێشەنگایەتیکردنی بەدەزگابوونی کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیە لەسەر ڕێبازی سۆسیالیستی. لەجیاتی بینینیان وەکو دوو پارتی پێشەنگی لەیەکدی جیاواز پێویستە وەکو پێشەنگایەتیەک ببینرێن کە ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی پراکتیزە دەکەن و تەواوکەری یەکترن.

لەمیانەی گوزارەی پێشەنگایەتی بونیادنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دیموکراتیک دووبارە ڕێبەرایەتی پێشەنگایەتی پێناسەکرد. کاتێک پێناسەیەکی بەمجۆرەی پێشخست ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێشەنگایەتیەک خۆی لەسەرووی کۆمەڵگای کلاسیک ببینێت، یاخود کۆمەڵگایەکی هاکەزایی بێ پێشەنگ، هەردووکیشیان پەسەند ناکات. پوختەی بیروبۆچوونی ڕێبەرایەتیمان لەم بڕگانەی خوارەوە ڕووندەبێتەوە کە لەشاکاری بەناوی "بەرگریکردن لەگەلێک" وەرگیراوە" لەکاتێکدا بەناوی پەکەکە بەرەو سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەنگاو دەهاوێژین، پێویستە زۆر باش بزانرێ و ڕەچاو بکرێ کە بۆچی پێکهاتەی کۆن بێ ڕۆڵ بووە. لەسێ خاڵی سەرەکیدا سێ ڕەخنەی ڕیشەییمان دەرهەق بەپێکهاتەی کۆن پێشخست. یەکەمیان چەمکی پارت، دەبوایە وەکو بەردەوامی چەمک و تێگەیشتنی دەوڵەت ئامرازی گەیشتن بەدەوڵەت تاوتوێ نەکات و بەبنەما نەگرێت. بوون بەپارتێک کە لەتەوەرەی دەوڵەتدا بخولێتەوە،

واتای بوونی ناکۆکیەکی دیالەکتیکیە. سەبارەت بەپێشکەوتنی گەوهەری و شێوەی دیموکراتیزەبوون، ئازادی و یەکسانی (PKK)ش بەتەواوەتی خۆی لەم چەمکە رزگار نەکردبوو. دووەمین رەخنە سەبارەت بەتێڕوانین لەبارەی دەسەڵات بوو. پارتێک کە بەگوێرەی دەسەڵاتبوون شێوەی گرتووە، بەردەوام دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگا بۆ دواوە دەبات و پەیڕەوی ناکات. بەگوێرەی ئەمەش کادیرە پێشکەوتووەکان لەجیاتی پشتبەستن بەگەل یان خوازیارن ببن بەدەستڕۆ یاخود پشت بەدەستڕۆکان دەبەستن. بەردەوام ژیانی پشتبەستوو بەبەرژەوەندیەکانی دەسەڵات لەلایان سەرنجراکێشە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم جۆرە چەمک و هەڵوێستە سێ رەوتی شۆڕشگێڕی گرنگی بۆ مەزهەبی سەرمایەدار گۆڕی. کاتێ رەوتەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو، سۆسیال دیموکرات و رزگاری نیشتمانی لەجیاتی دیموکراسی دەسەڵاتی پێشوەختیان بەبنەما گرت، ئەمە سەرەتا رێگای لەپێش گەندەڵبوونیان کردەوە، دواتریش بوونە یەدەکی سیستەمی سەرمایەداری.

سێیەمین رەخنەدان دەرهەق بەبابەتی شەڕ پێشخرابوو. بەبێ ناسینی سروشتی شەڕ، جا ئەمە چ جۆرێک دەبێ بابێ، وەکو ئامرازێکی پیرۆز بینرابوو. لەراستیدا جگە لەشەڕی بەرگری و ژیانی و ناچاری هەر شەڕێک تاوانێکە. بەدرێژایی مێژوو شەڕ بناخەی تەواوی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی پێکهێناوە. رێسای کۆمەڵگا و بەدەزگابوون بەگوێرەی تەوەرەی راستینەی شەڕبوو، سەرکەوتن لەشەڕدا بەبناخەی تەواوی مافەکان دادەنرا. ئاشکرایە کە ئەم چەمکەش سۆسیالیستی و دیموکراتی نییە. پارتیەکی سۆسیالیستی واتا: لەبازنەی دەوڵەتدا نابێت، ئامانجی دەسەڵات نییە، لەتەوەرەی شەڕیشدا نابێت کە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیانە و لەبناخەی هەموویاندا شاراوەیە. بەبایەخەوە ئاماژەمان بەو خاڵە کردبوو: کاتێکPKK سەرلەنوێ خۆی بونیاد دەنێتەوە، تاوەکو خۆی پێناسە نەکاتەوە، دووبارە دەکەوێتە نێو چەوتی و خەتای گرنگەوە.

لەرەوشێکی وەهادا پێناسەکردنی پارت پێویستە پێچەوانەی ئەم رەخنەدانانەمان بەبنەما بگرێت. پێویستی بەپێناسەیەک هەیە کە لەتەوەرەی دەوڵەتدا نەبێت. دەسەڵات و شەڕ لەسەنتەری وەرچەرخانی

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دا نەنێت. بەگوێرەی ئەم راستینەی کە دەسەڵات و شەڕ لەبناخەی سەرمایەداریشدا هەیە، کە دواترین سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتیە، پارتێک کە ئامانجی تێپەڕکردنی سەرمایەداریە، پێویستە شەڕ و دەسەڵات لەبناخەی کۆمەڵگا بەدەر بنێ. ئەمەش تەنیا بەوەرچەرخاندنی هەبوونی کۆمەڵکاری کۆمەڵگا و راوەستە دیموکراتیەکەی بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و ئازاد و یەکسان بەدیدێت. کاتێ ئەم فاکتەرانە رەچاو بکرێ پێناسەمان بۆ پارت بەمجۆرە دەبێت: رێکخستنی ئاواکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵگابوونی کۆمەڵگایە، بەرنامەیەک بەبنەما دەگرێت کە وەرچەرخان بەرەو کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و ئازاد و یەکسان دەکاتە ئامانج. لەرێگەی ئەم پرۆگرامەوە تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگا بەستراتیژیەکی هاوبەشەوە دەبەستێتەوە. لەسەرووی هەموویانەوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پشت بەرێکخستنێکی بەرفراوانی سروشتپارێزی، فێمێنیستی، کولتووری و شێوەکانی چالاکی دەبەستێت، تەکتیکێک بەبنەما دەگرێت کە بەرگری رەوا پشتگوێ ناخات.

ئەو ناوەی دەتوانرێ لەو تێڕوانینە سەرەکیە بنرێ کە ناوەڕۆکی پێناسەی پارت ئاراستەی دەکات دەشێ سۆسیالیزمی زانستی بێ، بەمەرجێک پەیوەستی ناوەڕۆکی ئاماژەپێکراوبێ، یاخود وەکو سۆسیالیزمی دیموکراتیانە بەناو بکرێ کە گوزارشتی سیاسیانەی فەلسەفەی بەرفراوانترین گشتگیری کۆمەڵناسی و سیاسەتە کە ئیرادەی وەرچەرخانە و ئەخلاق کە هووشیاری ئازادی کۆمەڵگایە. گرنگ ناو نییە، بەڵکو پێناسەکردنی ناوەڕۆکە. پارت بەبێ تیۆری نابێت. هەروەکو چۆن ناشێ جەستە بەبێ هزر (زهنیەت) بێ، پارتێک بەبێ تیۆری نابێت، تیۆری بەو ئەندازەیەی بەرزترین ئاستی گشتگیری پێشکەوتنی زانستی لەخۆوە دەگرێت، پێویستە ئەخلاق و سیاسەتیش وەکو هونەرێک لەخۆوە بگرێت کە ئیرادەی وەرچەرخانی کۆمەڵگایە. دەبێ زهنیەتی پارت بەردەوام بەیەکەوە کۆمەڵناسی، ئەخلاق و سیاسەت بەکاربهێنێت. تاوەکو وەرچەرخانی کۆمەڵگا دەبێتە دیاردەیەک کە سروشتی و ئاساییانە بەڕێوەدەچێ، تەنانەت تاوەکو لەژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا بژین ئەمە پێویستیەکە. پێویستە ئەخلاق پارچەیەکی جیانەکراوە و

دەستلێبەرنەدراوی زهنیەتی پارت بێت. لەراستیدا ئاکار شێوەی باوی ئازادی کۆمەڵگایە. لەشیکردنەوەی دواییشدا زانستە. ئەو کۆمەڵگایەی ئەخلاقی نەماوە، واتە ئازادیشی نەماوە. کۆمەڵگای بێ ئەخلاق کۆمەڵگایەکی لەناوچووە. لەرەوشێکی بەم جۆرەدا، لەوەرچەرخان و گۆڕانی کۆمەڵگادا، بەبناخەگرتنی ئەخلاق و بوون بەخاوەن رەوشت پرەنسیپێکی ژیانیە. ئەو رەوتە کۆمەڵایەتیانەی جێگا بەئەخلاق نادەن، چاوەڕوانی هەمیشەیی بوونیان لێ ناکرێ. ئەوانەی سوورن و بەبڕیارن لەگۆڕین و وەرچەرخانی کۆمەڵگادا پێویستە هەرگیز پەیوەندی خۆیان بەئەخلاقەوە نەبڕن.

پەیوەندی زهنیەت لەگەڵ سیاسەتدا پەیوەستی چالاکیەکانە. تێگەیشتن و رەوشت بەرزی تەنیا کاتێک لەگەڵ چالاکی ببێتە یەک بەهادار دەبێ، بەهێزی چارەسەرکردن دەگات. رەوشت بەرزی و زانستیبوونی بێ سیاسەت پڕە لەفریودان. مسۆگەر تەسلیمبوون بەناوی هێزە باڵادەستە هەژموونگەراکان خۆفرۆشیە. بوونە بەبەشێک و پارچەیەک لەئەخلاقی فەرمی و تێگەیشتنی دەسەڵات. بێ کاریگەری و تەنانەت پێچەوانە بوونەوەی هەڵوێستی زاناکان و رۆڵ بینینیان دژ بەکۆمەڵگا بۆ پشتگوێخستنی ئەم پەیوەندیە دەگەڕێتەوە. ئەوەی لەم سەردەمەدا باو بووە تەنیا پەیوەستداربوون بەئەخلاق، زانست یاخود سیاسەت، هەڵوێستێکە دەرگای لەبەردەم هەموو جۆرە مەترسیەک کردووەتەوە. لەرۆژگاری ئەمڕۆمان ئەوەی هەرە زێدە پێویستە جێگیرکردنی هەڵوێستەیەکە ئەم پارچەبوونە نەهێڵێت، ئاشکراترین گوزارشتی ئەم ڕاستینەش گەیشتنە بەزهنیەتێکی تۆکمەی پارت.

کاتێ تۆکمەبوونی تیۆری لەبەرنامە رەنگیدایەوە واتادار دەبێ. بۆ پارتیەک بەرنامە گوزارشت لەنۆرم و پێوانە سەرەکیەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵگا دەکات. هەر جڤاتێکی بەرنامەی نەبێت، یاخود بەرنامەکەی پەسەند و هەرس نەکات ئاستەمە بەپارت ناوبنرێ. پارت وەکو مانای وشە بەواتای بەش یان پارچە دێت. رابردوویەکی مێژوویی درێژخایەنی هەیە. یەکەمین گرووپی رێنیشاندەر و خاوەن ئەزموونی کۆمەڵگا دەشێ وەک پارت بەناوبکرێ. یەکەمین گرووپی باڵادەستی پلەداریش پارتیە. کاتێ

هەنگاو بۆ ئاواکردنی دەوڵەت نرا بژاردەی بەڕێوەبەرایەتی لەهەمانکاتدا وەکو گروپێکی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخەری کرداری پارتیەکی هەژموونگەرا پێکدێنن. کۆمەڵگای خوارەوە هەم لەلایەنی هزری، هەم لەلایەنی بەرهەم بەخۆیانەوە دەبەستنەوە، بێ پارتیان دەهێڵنەوە. باوەڕی تەوتەمی هۆز و تیرە سەرەتاییەکان لەراستیدا بەواتای پارت دێت. داب و نەریتی جڤاتەکان بەواتایەکی سەرەتایی پارتیە. هەروەکو لەمێژوو باسکراوە و دەزانرێ هۆزی حەزرەتی ئیبراهیم هەم بەرامبەر نەمرودەکانی بابل و ئاشوور هەم بەرامبەر فیرعەونەکانی میسر نوێنەرایەتی یەکەمین پارتی ئازادیخوازی تیرەو هۆزە هەژارەکان دەکات. ئەم پارتە هەم یاخی و هەم گەلەرییە، دەتوانرێ بەپارتی گەلەری یاخیبووش بەناو بکرێ. حەزرەتی عیساش بۆ یەکەمین جار تیرەی یەهودی پارچە دەکات. بزووتنەوەی پارتی لەتوێژی هەژاران دەسپێدەکات یاخود پارتەکەی هەژارانی پێشووتر (ئەسەنی)یەکان هەنگاوێک بەرەو پێشتر دەبات. بەدرێژایی سێ سەد ساڵ کریستیانی وەکو پارتی هەژاران بەرامبەر ئیمپراتۆریەتی رۆما جەنگا. هەرچی حەزرەتی محەمەدە بەگروپێکی بچووکی هەژاران بەرامبەر ئەشرافەکانی مەککە یاخیبوونی دەستپێکرد. لەناو ئیسلامەتیشدا دەشێ خەواریج، قرمەتی و عەلەوییەکان وەکو بزووتنەوەی پارتی توێژی هەژارەکان و نوێنەرایەتی کارەکتەرە پرۆلیتارەکان هەڵسەنگێندرێ.

مەزهەبەکانی چاخی ناوین، هەریەکە و پارتێکە، گرێدراو بەڕەوشی هزری و چینایەتیان نوێنەرایەتی توێژێکی کۆمەڵایەتی دەکەن. سیستەمی پارتەکانی رژێمی سەرمایەداری دەزانرێ. رێکخستن و باوەڕیەکانی ئەم بزووتنەوە باو وکلاسیکیانە، بەهای بەرنامە و رێکخراوێکیان هەیە. پرۆگرام ئەو باوەڕیە کۆمەڵایەتیەیە کە بەروونی لەسەری رێککەوتوون، پێیەوە گرێدراون و بەهای جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنی هەیە. واتا ئەو بەهایانەی باوەڕی و فکرە کە بوونەتە پرەنسیپ. ئەوانەی هەرە زۆر پەیوەستی پرەنسیپەکانێتی ئەو کەسانەن کە لەتەواوی ژیانیان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرجەستەی دەکەن. بێ پرەنسیپی و بێ بەرنامەیی: لەهەمانکاتدا بەواتای بێ ئامانجی، بەڕێوەچوون لەگەڵ بای رۆژگار و

ملدان بۆ لاوازی و ئارەزووەکانی کەسایەتی خود دێ. لەحاڵەتێکی وەهادا ئەوانەی خۆیان بەزهنیەتێکی سیاسی، ئەخلاق و تیۆریەک دەسپێرن کە لەمیانەی هەوڵ و کۆششێکی مەزن بەدیهاتەوە، واتا ئەوانەی وابەستەی پرۆگرامێکن کە پرەنسیپی بەرجەستەیی وەرچەرخانی کۆمەڵگایە، لەپارتیبووندا گرنگترین هەنگاویان هاوێشتووە. ئەوانەی ئەم دوو هەنگاوەیان نەهاوێشتووە، پارتیبوونەکەی نا تەواوە یاخود لەهەوادارێک زیاتر تێپەڕناکات. پارتیبوون کارێکی بەهەند و جدیە، لەوانەیە پێویستی بەقاڵبوونەوەیەکی دەیان ساڵە، پەروەردەکردنی نەفس و بەدەستهێنانی بەهرەو کارامەیی هەبێت. بۆ نموونە لەمێژووی ئایین و مەزهەبەکاندا ئەو رەبەن و راهیبە (عەزیز و عەزیزە)نە دەبینرێن کە چل ساڵ لەئەشکەوتێکدا خۆیان پەروەردە دەکەن، لەهەر سێ ئایینی مەزن و بودیزمدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم نموونە مێژووییانە دەبینرێن، پێویستە بەم تێڕوانینە مێژووییە سەیری پرۆگرام و هزری پارت بکرێ و هەڵوێستی لەبەرامبەر نیشان بدرێ.

لەمێژووی (PKK)شدا کۆتەڵی پەیوەستبوون بەپرەنسیپ و هزری مەزن هەن، بەهەزاران ناوی وەکو حەقی قەرار، مەزلوم دۆغان، کەمال پیر و محەمەد خەیری، مەعسوم قۆرقماز، تایلان ئۆزگور، زیلان، بێریتان، ڤیان و بەرماڵ هەن. کە لەپارتیبووندا نموونەی گەورەیین. تەواوی ئەمانە هێندەی پەرتوکێک واتادارن کەپێویستی بەخوێندنەوەی هەیە. بەرامبەر بەمەش دەشێ چەندین نموونەی خیانەتکار، هەڵگەڕاوە، گەندە ڵ، لاواز و بێ ئاسۆ ببینرێن. هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو جۆرە کەسانەش هەن کە وەکو حەماڵ کاردەکەن و لەبەهای بەرنامەو زهنیەتێکی مەزن بێ بەشن.

پرۆگرام ئەو بۆچوون و پرەنسیپانە نییە کە نەگۆڕدرێت، یان نوێ نەکرێتەوە. لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری بەردەوامە، بۆیە لەقۆناخە گرنگەکاندا ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەبەرنامەدا هەڵوێستێکی راستە. ئەوەی پێویستە نەگۆڕدرێت بەزیندوویی هێشتنەوەی هێزی پارتی بوونە، کە بەردەوام وەکو هەوڵ و کۆششی دۆزینەوەی چارەسەری پێداویستیە سەرەکیەکان لەلایەن کۆمەڵگاوە پەیوەندیەکی چڕی بەرامبەر نیشان

دەدرێت. تاوەکو دوا هەناسە دەرککردنی ژیانە لەمیانەی ئەم باوەڕی و کۆششانە تاگەیشتن بەسەرکەوتن".      لەم چوارچێوەیەدا پێناسەی ( PKKو PAJK) زۆر روون و ئاشکرایە. پێشەنگایەتیەکە لەدەرەوەی دەسەڵات ـ دەستڕۆیی. ئەو پێشەنگایەتیە کۆمەڵایەتیەی شانبەشانی ئامانجی ئاواکردنی کۆمەڵگا پلانێکی مێژوویی لەپشتەوەیە، هاوشانی کۆمەڵگا بەیەکەوە سەر لەنوێ کۆمەڵکا دەکەن بەهێز. رێگا لەو پەرتەوازبوونە دەگرن کە کۆمەڵگا بەدەستی دەوڵەت دووچاری هاتووە، دەشێ لەنوێوە کۆمەڵگایەکی کۆمەڵکار و دیموکراتیانەی راستەقینە دامەزرێندرێت.

بۆچی پێویستی بەبونیادنانەوەی کۆمەڵگا بینرا، بۆ ئەمەش چۆن پێشەنگایەتیەک پێویستە؟،      بۆچی پێشەنگایەتیە کلاسیکیەکان کاریگەریەکانی دەوڵەتگەراییان تێنەپەڕاند؟ پێویستی بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەیە.

ناکۆکی سەرەکی مێژوویی کۆمەڵگا ناکۆکی چین نییە، ناکۆکی دەسەڵات ـ کۆمەڵگایە کەتەواوی ناکۆکیەکان لەخۆوە دەگرێت، ئەمەیە ناکۆکی سەرەکی مێژووی کۆمەڵگا. دوای ئاواکردنی هێزی کۆمەڵگا لەچوارچێوەی تەوەرەی ژن و بینینی ئەنجامەکانی (نزیکەی قۆناخێکی پازدە تا بیست هەزار ساڵیە) لەمیانەی پشتبەستن بەچینێک قۆناخی مێژوویی لەرێگای سیستەمی دەوڵەتگەرایی بەشێوەی لادان لەسەر بنەمای دەستبەسەرداگرتنی ئەم بەرهەمەی کۆمەڵگا درێژەی پێدرا. ئەمەش بەپێکهاتەی دەوڵەتگەرایی ـ چینایەتی ناوبراوە. پێکهاتەی دەوڵەتگەرایی ـ چینایەتی لەکاتێکدا لەگەڵ تێزەکەی خۆی واتا لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگای ریشەیی (بنەڕەتی) لەنێو ململانێدا بوون، گرنگترین بەهای کە دەستی بەسەردا دەگرت کۆمەڵگابوون بوو. سیستەمی ئاواکراو وەک بەهایەک بەکۆمەڵگابوونی زەوت دەکرد. لەسەر ئەم بنەمایەش پێکهاتەی خۆی بونیادنا.

لەدوای ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەمین لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری لەدەوڵەتی دەرەبەگایەتی زیاتر هێزی چەندین دەوڵەتی ناوەندی سەریانهەڵداوە. دەوڵەتی دەرەبەگایەتی وەکو پێویستیەکی

پێکهاتەی دەسەڵات و چەوسانەوە هێندە پێویستی بەناوەندییوون نابینێ. هەرچی سەرمایەداریە، لەپێناو پێشخستن و قوڵکردنەوەی چەوسانەوە و ستەمکاریەکەی تاوەکو دوا ئاست مەیلی باڵادەستی و زاڵبوون نیشاندەدات. هەربۆیە ئەم ناوەندییوونە پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئابووری هەیە. لەسەدەی بیستەمدا قۆناخێکی زۆر دژواری دەسەڵاتی ـ جەستەیی (بیۆ ـــ دەسەڵات) دەستی پێکرد، لەکۆتاییەکانی سەدە، گوڕو تینی پێدرا، تەواوی کۆمەڵگا و تاکەکانی گرتەوە و درێژەی پێدرا. واتا ئێستاکە وەها دیارە کە هیچ شێوەیەکی دەسەڵات نەماوە تاقینەکرابێتەوە. هیچ ئۆرگانێکی کۆمەڵگا نەماوە کە ملکەچی دەسەڵات نەبێ. تەنانەت کۆمەڵگاو تاکێک نەماوە کە سۆز و هزری بەژێر رکێفی دەسەڵاتدا تێپەڕنەبووبێ. ئەو قۆناخ و ئاستەی پێیگەیشتووە، هەبوونی کۆمەڵگایان خستوەتە ژێر مەترسیەوە. کاتێ هەوڵەکانی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگا لەمیانەی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەرایی ئەنجامگیرنەبوو، هەروەها کاتێ مرۆڤایەتی بینی کە کۆمەڵگابوونێکی پەرتەوازەبوو، کۆتایی بەخۆی دێنێ. ئەوا بەشێوەیەکی ژیانی هەستی بەخێرایی و بەپەلەبوونی تێکۆشانی ئاواکردنی کۆمەڵگای دیموکراتی کرد. تەنانەت هیچ شتێک نەمابوو لەدەرەوەی رکێفی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرمایەدار مابێتەوە. ئەمڕۆکە لەرێگەی دەسەڵاتی ـ جەستەیی (بیۆ ـ دەسەڵات)ەوە هەوڵدەدرێ هزر و سۆز و هەستەکانی مرۆڤ تاوەکو دەگاتە بچووکترین وردەکاریەکانەوە، بەگوێرەی سیستەمی بەرهەمێنان بگونجێندرێت و بەم ئاستە گەیشتووە کە هەبوونی کۆمەڵگابوون هێماکانی لەناوچون نیشاندەدات.

لەم قۆناخە بەدواوە ئەگەر مرۆڤایەتی لە سەرلەنوێ ئاواکردنی کۆمەڵگادا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ لەوانەیە رووبەڕووی لەدەستدانی یەکجارەکی کۆمەڵگا ببێتەوە. هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا کە نەتوانێ خۆی بپارێزی سیستەمێکی بەهای کۆمەڵگای لەدەستدرا و جێگەی باسە. ئێستاکە کۆمەڵگا بەبێ دەوڵەت و بێ چین وچینایەتی بیرناکاتەوە. چەندەی دەکرێ رەگەزەکان و زایەند لەگۆڕەپانی دەسەڵات رزگار ناکرێت. سروشتیش بۆتە قوربانی دەسەڵات.

دوای تەواوی ئەم رەوشانەی باسمان کرد دیسان گریمان و هەوڵەکانی بونیادنانەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگا کەوتۆتە رۆژەڤەوە. ئەو کۆمەڵگایەی تاوەکو خانەکانی هەموو شتێکی کەوتۆتە ژێر رکێفی دەوڵەتەوە، سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ ژێردەستی کۆمەڵگا سەرەکیترین کێشەی ئازادی و دیموکراتی مرۆڤایەتیە. کێشەکە تەنیا رزگارکردنی سروشت، رەگەزێک یان چینێک نییە، رزگارکردن و ئاواکردنی کۆمەڵگایە، کە تەواوی ئەمانەش لەخۆوە دەگرێت. هەربۆیە پێویستی بەپێشەنگایەتی هەیە. بەڵام پێویستی بەپێشەنگایەتیەک هەیە کە تایبەت جێگای خۆی لەناو بونیادنانەوەی کۆمەڵگابووندا بگرێت، لەگەڵ تێکۆشانی ئازادی و دیموکراتی کۆمەڵگا بەناویەکدا چووبێ و بەمجۆرە لەکۆمەڵگا دابڕاو نەبێت. لەناو کۆمەڵگا دەشێ داواکاری کەمکردنەوەی (کزکردنی) دەوڵەت هەبێ، بەڵام ئەگەر وەکو کۆمەڵگا نەکەونە نێو جموجۆڵەوە ئەوا ئەم تێکۆشانەی کزکردنەوەی دەوڵەت سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. بەگووتەی" بەئامانجی راکێشانی کۆمەڵگا بەفلان ئاراستەدا خوازیارم سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی بەمجۆرە بێت"، بەهەر شێوەیەک بێت کاتێ بەئۆرگانیزاسیۆن ـ رێکخستنێک بگەیت کە لەکۆمەڵگا باڵاتربێت ئەوا لەکۆمەڵگا دادەبڕێت. ئەمەش بەو واتایە دێت کە شتێکت بۆ کۆمەڵگا نەکردووە. هەرچەندە شۆڕشگێڕیش بێت، بەڵام داواکاری کۆمەڵگا لەدەرەوەی کۆمەڵگا دەستنیشان ناکرێ.

کۆمەڵگا لایەنی دیموکراتیانەی سروشتی لەخۆوە دەگرێت. تەواوی کۆمەڵگاکان لەناوەڕۆکدا خوازیارن ببن بەسۆسیالیست، دەخوازن بەیەکسانی و ئازادانە بژین، بەگوێرەی ئەمەش خۆیان رێکبخەن. ئەگەر بەگوێرەی ئەم تامەزرۆیانەی کۆمەڵگا پێشەنگایەتی بکرێت کۆمەڵگا هێز بەدەست دێنێت، ئەگەر دەوڵەت کەم (بچووک) بکرێتەوە و کۆمەڵگا گەورە بکرێ واتا بەشێوەیەکی راست پێشەنگایەتی دەکرێ، رووبەڕووی فشارێکی بەمجۆرەین ئایا خوازیارین کۆمەڵگا ئاوابکەین یان بەڕێوەی ببەین؟ تەواوی پێکهاتەکان کارەکتەرێکی دوو لایەنەی بەم جۆرە لەخۆوە دەگرن. کاتێک کۆمەڵگا ئاوا دەکەین بێگومان بەڕێوەبەرانیش هەن، بەڵام جێگاکەی سەرووی کۆمەڵگا نییە. لەم بوارەوە کۆمەڵگا پێویستی بەوە نییە

لەدەرەوەی کۆمەڵگا بەڕێوەببردرێت. ئاواکردنی کۆمەڵگا واتا جێگرتن لەگۆڕەپانی (بەرەی) کۆمەڵگا. هەرچی بەڕێوەبردنێتی گوزارشتی جێگرتن لەگۆڕەپانی دەوڵەت دەکا. لەکاتی ئاواکردنی کۆمەڵگا بەرەو لایەنی دەسەڵات هەنگاو بنرێ ناکۆکی بنچینەیی لەوێدا دەستپێدەکات. بەبیانووی ئەوەی لە رابردوو رەوشێکی نەرێنی (نێگەتیڤی) بەمجۆرە هاتەئاراوە، کەوتە نێو گفتوگۆی لە جۆری پێداویستی بەگرفتی پێشەنگایەتی هەیە یاخود نا، هەڵەیە. کاتێ لەراستینەی پێشەنگایەتی گۆڕانکاری (پارادیگما) جیهانبینی PKKدا لەژێر کاریگەری جیهانی بینی رابردوودا گفتوگۆ بکرێ، لەراستیدا بەواتای کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو هێرش و گفتوگۆ نێگەتیڤانە دێ کە سەرمایەداری بەئامانجی هێشتنەوەی کۆمەڵگا بەبێ پێشەنگ ئەنجامی دەدات.

ئەمرۆ لەسەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم زیاتر پێویستی بەرزگاری کۆمەڵگا و پێشەنگایەتی ئاواکردنی کۆمەڵگا هەیە. چونکە دەسەڵاتی ـ جەستەیی زۆر بەدژواری پراکتیزەکراوە و تەنانەت رەوشێک دروست بووە، ناتوانرێ باس لەهیچ شتێکی کۆمەڵگا و بەکۆمەڵگابوون بکرێ. نەک تەنیا گۆڕەپان و بوارێک نەماوە دەوڵەت و دەسەڵات بەسەریدا زاڵ نەبن، تەنانەت دڵ و مێشک و یەکە یەکەی خانەکانی تاکی مرۆڤیشی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە. پێشەنگایەتی کردن بەناوەندیبوون نییە، نەک تەنیا بە ناوەندیبوون نییە، بەڵکو یەکبوون و بەناو یەکداچوونە لەگەڵ بنکەی جەماوەری و کۆمەڵگا. هەربۆیە پێویستە دەستبەرداری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بێ و شانبەشانی تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی ئاواکردنی کۆمەڵگا بکرێتە ئامانج. لەم لایەنەوە پێویستە باش دەرک بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بکرێ.

سەردەمی دەستپێکردنی جیاوازی و جیابوونەوەی چینایەتی وەکو قۆناخی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی تاوتوێ کراوە. لێرەدا ئیتر بەڕێوەبردنی سروشت کراوە بە رەوشێکی نۆرماڵ و ئاسایی. لە جیاتی ئەو مرۆڤ ـ کۆمەڵگا و سروشتەی بەڕێوە نابردرێت ، کۆمەڵگاو سروشتێک سەریهەڵداوە کە بەڕێوەدەبردرێن. لە جیاتی بەڕێوەبەرایەتی سروشتی کە لە کۆمەڵگا دانابڕێ و وەکو پێویستیەکی بە کۆمەڵگابوون دەرکەوتووە

بەڕێوەبەرایەتیەکی سیاسی دەسەڵاتگەرا جێگیرکراوە. بەکۆمەڵگابوونێک سەرکوتکراوە، کۆمەڵگابوونێکی چەواشەکراو لە جێگای دانراوە. هەڵبەتە دەوڵەت بەتەنیا هیچ هێزێکی نییە. بەئامانجی پەردەپۆشکردنی دەستبەسەرداگرتنی بە کۆمەڵگابوون، فەلسەفە، ئاین، چەمکی زاڵبوون بەسەر سروشت، مێژووی کلاسیکی پێشکەوتن، زانستەکان و تەواوی ئەو پێکهاتانەی بەکارهێناوە کە بەگوێرەی وردەکاریەکان خۆیان رێکخستووە. جیهانبینی شارستانی بەو شێوەیەی جێگیر بووە پەسەند دەکرێ، لێپرسینەوەی ئەوتۆی دەرهەق ناکرێ، تەنانەت کۆمەڵگای سروشتی کە خانەی سەرەکی و شێوەی پەیدابوونی هەبوونی مرۆڤە بە کۆمەڵگای سەرەتایی ناوزەد دەکرێ، ئەمەش ئاشکرای دەکات کە تا چ رادەیەک لە کۆمەڵگابوون نامۆ کراوە.

سەرباری سەرجەم ئەمانە کۆمەڵگا بەتەواوی نەتواوەتەوە. ئەگەر بەمجۆرە بوایە ئەوا نەدەشیا باس لە سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگا بکرێ. سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگا بەو شێوەیە دەبێت کە سەرجەم ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەت دەستی بەسەرداگرتووە سەرلەنوێ بدرێتەوە دەست کۆمەڵگاو دەوڵەت بێواتا بکرێ.

ئایدیۆلۆژیا و پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی لە کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی چییە؟ رێبەرایەتی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی ئایدیۆلۆژیا وەکو فکرێکی بە ئیرادەبوو دەستنیشان دەکات. سیستەمی فکرێکی ئیرادی کە بووە بە ئیرادە، دەشێ بکرێ بە بەرنامە، ستراتیژ و تەکتیکی لەناو دەربخرێ. ئەمە لە هەمانکاتدا سۆسیالیزمی دیموکراتیکە. کاتێ جیاوازی خۆی لەگەڵ رەوت و ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە نیشان بدات پێناسەی ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی دەکات کە لەیەکبوونی دیموکراسیی و سۆسیالیزم ـ دیموکراسی و کۆمەڵگەرایی پێکهاتووە. لەم بوارەدا ئایدیۆلۆژیایەکی مەییو و چەقبەستوو نییە، بەڵکو زیندووە. لەمیانەی گۆڕانکاری کۆمەڵگاو پێشکەوتنی زانستی خۆی نوێ دەکاتەوە و دەوڵەمەند دەکات. ئایدیۆلۆژیای رێبەرایەتی سەرچاوەی خۆی لە ژیانی رۆژانە وەردەگرێت. پراگماتیک و رۆژانەیی نییە، بەڵام ئایدیۆلۆژیا سیستەمێکی بەهای دابڕاو لە ژیانی رۆژانەش نییە. هەربۆیە بەرامبەر ئەم جۆرە هەڵوێستانە تێدەکۆشێ کە

ئایدیۆلۆژیا دەخاتە ناو قاڵبوو ستاتۆکارە. بەرامبەر ئەو هەڵوێستانەش دەوەستێ کە ئایدیۆلۆژیا وەکو ئیرادەیەک نابینێ، بەخاوی تاوتوێ دەکات و وەکو پێویستیەکی نابینێ. ئەگەر پێویستی بەسیستەمێکی فکری رێک و گونجاو لەگەڵ ئیرادەی کۆمەڵگا ببینرێ ئەوکاتە بە ئەندازەی تێکۆشان لەگەڵ ئەو لایەنانەی دەیخاتە ناو قاڵبگەراییەوە تێکۆشان لەبەرامبەر ئەو لایەنانەش دەکات کە لە ژیاندا بە شێوەیەکی جیاواز دەیسوێ. تەنیا گرنگی و بایەخ بە تاک یان بە کۆمەڵگا نادات، لە هەمانکاتدا بەرامبەر ئەو لایەنانەش تێدەکۆشێ کە قورسایی دەداتە کۆمەڵگای دەسەڵاتگەرا. لە میانەی رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا لە ژیانداو تاقیکردنەوەی لە رێگای دینامیکیەتی خۆیەوە پێشکەوتنی دینامیکی بەدەست دێنێت. ئەو لایەنانەی لەنێو تەوەرەی ژیانێکی کۆمیناڵیزمی دیموکراتیانەیدا دەهێڵێتەوە دەخرێتە ناو ئایدیۆلۆژیاوە. هەر سیستەمێکی فکری ئیرادی کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەم جۆرە ژیانە ئاواکردووە وەکو ئایدیۆلۆژیایەکی راست پێناسە دەکرێ، ئەگەر بیخاتە نێو ستاتۆگەرایی و دەسەڵاتگەرایی ئەوا ئایدیۆلۆژیایەکی راست و دروست نییە. پێوانە ئەوەیە: دیموکراسی پێشدەخات یان نا، ئازادی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەروەها دەبێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵکاری دیموکراتیک نەپچڕێنێ.

هەروەها ئەو راستیەش روون و ئاشکرایە کە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمی دیموکراتیک یەکبوونی هەمەڕەنگیەکانیش فەراهەم دەکات. چونکە ئیتر بەرهەمی کۆمەڵگابوون پەسەند دەکرێ. هەر شتێک لەناو کۆمەڵگادا زیان بە ئازادی، دادوەری، دیموکراسی، یەکسانی، ئەخلاقی کۆمەڵگا، هووشیاری سروشتپارێزی و ئازادی رەگەزی بگەیەنێ و کۆسپی بخاتە پێش گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێ و چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە. سۆسیالیزمی دیموکراتیانەی کۆمەڵگەرایی لەم پێویستیەوە سەرهەڵدەدات. ئەمە ئایدیۆلۆژیای چینایەتی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایی کۆمەڵگابوون و کۆمەڵگەراییە. هەربۆیە کۆمەڵگا هەمەڕەنگی بەرهەم دێنێ، بەڵام ئەمە دەکات بە موڵکی هاوبەش. رێبەرایەتی سۆسیالیزمی دیموکراتیش دەڵێ دەشێ ئەمەش لە دەورەی دیموکراسیدا ببێ.

( PKK و PAJK) که لەناو کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیک ڕێکخستنی پێشەنگن، پێشەنگایەتیەک نییە کە پشت بە چینی کلاسیک ببەستێت. پشت بە کۆمەڵگا دەبەستێ. لەبەر ئەوەی دەسەڵات، دەستڕۆیی و زەمینەکەیان واتە توندوتیژی بەلاوەنراون پێشەنگایەتی کردن لە میانەی قاڵبەکانی هەڵسوکەوتی سۆسیالیستی، دیموکراتی، ژینگە(سروشت)پارێزی و ئازادی ڕەگەزی کۆمەڵگا دەرکەوتۆتە پێش. پوختەکەی ئەمەیە: تاوەکو کۆمەڵگا پێک بهێنرێ هەتا ئەوکاتەی پێشەنگایەتی بوونی هەیە. ئەگەر کۆمەڵگا پێک بهێنێت بەگوێرەی ئەو ڕاستینەیەی کە ئاواکردنی سەرتاپاگیری کۆمەڵگا بە جارێک نابێ، نوخبەی پێشەنگ کە نەبووە بە دەسەڵاتگەرا ڕۆڵێکی ژیانی لەناو کۆمەڵگادا دەبینێ.

لە دەسپێکی بەکۆمەڵگابوونیشدا توێژە پێشەنگەکان دەبینین، لە کۆمەڵگای سروشتیدا ژنان پێشەنگن. ئەمڕۆش لەو بڕوایەداین کە بەهەمان شێوە دەشێ پێشەنگایەتی بە کۆمەڵگابوون دروست بکرێ. بیست و پێنج ساڵە PKK پێشەنگایەتی تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی گەلی کورد دەکات. لە ڕێگای ئەم پێشەنگایەتیەوە گەلی کوردستان دەسکەوتی زۆر بایەخداری بەدەست هێناوە، هەرچەندە تەواویش نەبووبێت شۆڕشی دیموکراتی ئەنجامداوە. هەربۆیە ڕێبەرایەتی گووتی:" ئامەد ناوەندی دیموکراسی کوردانە". هەر وەکو ڕێبەرایەتیمان ئاماژەی پێکردووە گەلی سەرکەوتن خوڵقاوە. هەرچی پێشەنگایەتی پەکەکە پارادیگمای نوێیە لە ڕێگای گەلی سەرکەوتنەوە ئازادی گەلی کورد و دەزگابوونی دیموکراتیانەی بەدەست دێنێ. لە ڕێگای دامەزراندنی (کۆنگرەی گەل)ەوە ئامانجی ڕێبەرایەتیمان پێشخستنی دەزگابوونی دیموکراتیانەی گەلی کوردبوو لەسەر بنەمای پارادیگمای نوێ. هەرچی پێشەنگایەتی ڕێکخستنی و ئایدیۆلۆژیای ئەم دەزگابوونەیە لەناو کۆمیتەی زانست ـ هونەر خۆی ڕێکخستە دەکات، لەسەر بنەمای ئەم ڕێکخستنە پێشەنگایەتی بە کادیرانی PKK سپارد کە لەهەر گۆڕەپانێکدا نوێنەرایەتی بکەن. هەربۆیە کۆمیتەی زانست ـ هونەر لەناو دووکەوانەدا پێناسەی پەکەکەی بۆ کرا. بەڵام کاتێ بینی تێکدەران ئامانجیان لەناوبردن و تەسفیەکردنی بزاڤی ئازادی و پێشەنگایەتیەکەیەتی گووتی کەوانەکە هەڵدەگرم. ئەمەش

هەم تەگبیرێک بوو، هەم بە (300) کەس سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی یەکەکەی دەستپێکرد. هەربۆیە کۆمیتەیەکی ئامادەکاری (12) کەسی پێشنیاز کرد.

هۆکاری سنووردارکردنی ژمارە: لەبەر ئەوەی پێشتر هەرکەس دەیگووت من یەکەکەییم پێوانەکانی یەکەکەیی بوون ئاڵۆزو لێڵ دەبوو. بۆ دواوە رادەکێشرا، ئەمەش وای کرد تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی پێشەنگایەتیەکی راستی بۆ نەکرێ و ناتەواو بێ، ئەمەش بزووتنەوەی رووبەڕووی خراپەکاری کردەوە. هەربۆیە بۆ روونی پێوانەکان سنووری بۆ ژمارەکان دانا. بەم جۆرەش ئەو یەکەکە راستەقینەیە ئاشکرا دەبوو و دەبینرا کە هەموو کەسێک وەکو پێودانگێک بە بنەمای دەگرت. رێگا لەوە دەگیرا کە بەناوی یەکەکەیی بوونەوە بکەوێتە نێو کەم و کوڕیەوە یاخود دەهێنرایە نزمترین ئاستەوە. چونکە رێبەرایەتیمان لەو بڕوایەدا بوو راستینەی PKK لە میانەی تێکۆشانێکی سی ساڵە پێگەیشتووە و لەگەڵ پارادیگمای نوێ قوڵبۆتەوە و دەوڵەمەندبووە. هاکەزایی وەکو بوون بە ئەندامی پارتێکی بورژوا کادیران ناتوانن لە خۆیاندا بەرجەستەی بکەن. هەربۆیە پەیڕەوکردنی پێشەنگایەتیەکی تەندروستانە و خاوەندارێتیکردنی لە هەلومەرجی زەحمەتدا پێویستی بە کەمکردنەوە و سنووردارکردنی ژمارە بینی. هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەستپێکردنی ئاواکردنی ئەو یەکەکەیەی لە لایەن هەر کەسێکەوە بە نموونە دادەنرێ، بەلای راست و چەپدا رانەکێشرێ و دەرکی پێ بکرێ. بەڵام ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئەو کادیرانەی لە دەرەوەی ئەم ژمارەیە دەمێنن ئەم پێودانگ و پێوانانە رەچاو ناکەن. بە پێچەوانەوە لە زەمینەو کەشی روون بوونەوەی پێوانەکان ئەرک دەخاتە سەرشانی سەرجەم کادیران بۆ گەیشتن بەم پێوانانە هەوڵبدەن و بەرپرسیارێتی پراکتیزەکردنیشیان دەکەوێتە ئەستۆ، نەک تەنیا کادیران، بەڵکو رێبەرایەتی تێکۆشانی بەرزراگرتنی پێوانەکانی گەلیشی بەڕێوە دەبرد.

کۆنگرەی گەل یاخود سیستەمی کۆما جڤاکێن کوردستان بەدەزگابوونی دیموکراتیانەی کۆمەڵگای کوردە. هەرچی یەکەکەیە رێکخستنی پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی ئەم سیستەم و دەزگابوونەیە. هەربۆیە یەکێک لە

پێکهاتەکانی (یەکینەکانی) سیستەمی (KCK)ە نییە. دیاریکەری ڕۆحەکەیەتی. بەبێ پەکەکەو پاژک ئاواکردنی سیستەمی (KCK) یان (KJB) مەحاڵە. هەر کەسێ بخوازێ لە سایەی یەکسانی، دیموکراسی و ئازادی ڕەگەزی زیاتر بژی لە کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیکدا کۆدەبێتەوە. ئەو جڤات و کۆمەڵانەی بخوازن بەمجۆرە بژین بەجڤات و کۆمەڵەی دیموکراسیخوازو ئازادیخواز ناویان دەبەین، بەڵام ئەو کۆمەڵگابوونەی بە شێوەو بچمێکی تایبەت پارادیگمای جێگیر کردووە، ئایدیۆلۆژیای کردووە بە سیستەم و پێشەنگایەتی بۆ دەکات بەپەکەکەو پاژک ناوی دەبەین.

لە هەر شوێنێک پەکەکەی تێدا جێگیربێت ئەوا کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK)تێدا جێگیر دەبێ. کارو چالاکیەکی چڕو بەرفراوانی کۆما جڤاکێن کوردستان ئەنجامدەدرێ. بەڵام ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە تاوەکو PKKیی بوون بەتەواوی جێگیر نەبێ بەلاوازی دەمێنێ. هەربۆیە سیستەم بەباشی پێک نایەت، پێناسەی ئاکاری و میکانیزمی کاروبار ناتەواو دەمێنێ. دیار نییە کامەو کێ حساب بە کێ دەکات. کەڵەکەبوونێکی ڕەنج بەدینایەت کە بەئاراستەیەکی هاوبەشدا بڕۆن. کەسێک، لایەنێک نابێت دیاری بکات ئەو هەڵوێستانەی نیشان دەدرێ دەوڵەتگەرا یان کۆمەڵگاگەرایە. لەهەندێ کارو خەباتدا کاتێ دەڵێی پێویستە پەکەکە پێشبخرێ دەڵێن:" ئەگەر PKK بسەپێنن هیچ کەسێک لە کارو خەباتی ئێمەدا نامێنێت، چونکە کە دەڵێی PKK واتە قاڵب و پێوانەی تەسک. هەروەکو چۆن ئەمە تێنەگەیشتنی کە ئەمە هاوشێوەی سیستەمی چەوسێنەرو نکۆڵیکار سەبارەت بە پەکەکە پێشداوەر(پێشینە بڕیار)ی نێگەتیڤانە لە خۆوە دەگرێ. PKK بەواتای ڕێزگرتن، خۆشەویستی، میکانیزمی ڕێکخستنی، ئاراستەگرتنی کارەکان بەرەو شوێنێکی هاوبەش، بە بێ بوون بەدەوڵەت جێگیرکردنی شێوازی کاروباری خود، ڕوونی و دیاری کاری هەر کەسێک و ڕێگا گرتنە لە تێکدەران. ئەگەر بەجێگیرکردنی پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی لە تێکۆشاندا هێندە ژیانی بێت، ئەوا پێویستە هەر کارو خەباتێک خۆیان بەپێشەنگایەتی ژیانی ئایدیۆلۆژی بگەیەنن. لەم پێناوەشدا چاوەڕوانی کردن لە دام و دەزگاکانی

دەرەوە هەڵەیە. کادیرێکی پەکەکەیی یاخود کادیرێکی پێوانەکانی پەکەکەیی پەسەند کردووەو لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات لە رێکخستنەکاندا دەتوانێ پێشەنگایەتی بکات. لەسەر رێبازی پەکەکە ژیانی کۆمەڵکاری (کۆمیناڵیزمی) دیموکراتیک جێگیر بکات و تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی بەرەو پێشەوە ببات.

## سەرلەنوێ ئاواکردنی کۆمەڵگای کۆمیناڵی ـ دیموکراتیک:

لەرێگای پەرەپێدانی تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی کوردان وەک هێزێک کە ئازادی و دیموکراسی خۆیان بە دەستهێناوە و بە نەتەوەبوونی دیموکراتیانەی خۆی تەواو نەکردووە، تاوەکو ئێستاش لە نێو ئاستەنگی و زۆر و زەحمەتیدا دەژین. لە هەر بوارو گۆڕەپانێکی ژیاندا رێکخستەبوونی خۆیان پێش نەخستووە یاخود رێگایان پێ نادەن. چاوەڕوانی کردن لە دەوڵەت کاتێ بە دەستیان نەکەوتووە یاخیبوون بۆتە فۆرمێکی زهنیەتی ئەم دوو سەد ساڵەی دوایی. تەنانەت سەرباری پێناسەی گەورەترین کۆمەڵگای بێ دەوڵەت لە جیهان (کۆمەڵگای کوردەواری) زهنیەتی دەوڵەتگەرایی بەتەواوەتی تێپەڕ نەکردووە.

هەرچەندە وەکو کۆمەڵگا ئاستی رێکخستەبوونی بە قۆناخێکی گرنگ گەیشتووە، بەڵام لەلایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی تێری پێشوازی کردن و وەڵامدانەوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک ناکات. ئەو رێکخستەبوونانەی هەیە زۆربەیان ئاستێکی پەرشوبڵاویان هەیە. جوڵانەوە لە میانەی فێربوون و خوڕەوشتەکانی رابردوو و بێ بەش بوون لە رێنمایی و خۆ پێناسە نەکردن، کەم و کوڕی و ناتەواوی لە گەشەکردنی رێکخستنەکان لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بە دەزگابوون و ئاستی خەباتی کادیران تەنگەتاوبوون لە نێوان فێربوونە کۆنەکان و رێنماییە نوێیەکان تێپەڕ نەکردووە. بە ئەندازەی پەرش و بڵاوی کارەکان کێشەکانی نەبوونی کۆردیناسیۆن ـ

خشتەکاری لە ئارادایە. لە کارو خەباتی ڕێکخستندا لەلایەک بەهۆی ڕێنماییەکانی ڕابردووی دەسەڵات دابڕانی لە گەل و جێگیرنەبوونی تەنانەت کاتی جێگیر بوونیشی یەکتری تەواو ناکەن و سیاسەت ناخوڵقێنن.

جێگای داخە تاوەکو ئێستاش ناتوانین باس لە بەرهەمێکی ئابووری بکەین کە پشت بە گەل ببەستێ. کۆمەڵگای هاوکاری و بەهای بەکارهێنان بەبنەما بگرێ. ئەمە کێشەیەکی جددی و ڕشتە هیچ سیستەمێک لە بواری ئابووری بنکەی جەماوەری پشتگیری لێ نەکات لەسەر پێ نامێنێ. چەندەی بخوازن دەتوانن سیستەمێک ڕەخنە بکەن، بەڵام تاوەکو لە بەرهەمهێنانی ئابووریدا بەرهەمی ئەلتەرناتیڤ پێشنەخەن ناتوانن ئەم سیستەمە تێپەڕ بکەن. ئەم گۆڕەپانە کە یەکێکە لە لاوازیە گەورەکانی کوردەکان پێویستی بەبەرهەمێکی ئابوری هەیە کە دیموکراسی، ئەنجوومەن و کۆمۆنەکان بەخێوبکات.

کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیک کە بە ئەندازەی دەوڵەت بە واتای موخاتەبەکردنی دابونەریتە باوەکانی تاک و کۆمەڵگایە بە روونی دیار نییەو گوزارشت لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتر دەکات. کێشەی دیار بوون و پراکتیزەکردنی دەردەکەوێ. بۆ ئەوەی تەقلیبوونی نیوە چڵ و ئاڵۆز بۆ کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتی بەلاوە بنرێ پێویستە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی تەندروستانەو بەرهەمدار گفتوگۆ بکرێ و لە بواری کرداریش پراکتیزە بکرێ. بەئەندازەی جێبەجێکردنی بەشێکیان لە قۆناخی ئێستامان هەندێکیش لەناو ڕۆژگارو هەنگاو بە هەنگاو پەیڕەو دەکرێ. گرنگ دەستنیشانکردنی پێویستیە مێژووییە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆژانە هەوڵدانە بۆ جێبەجێکردنی، درەنگ خستن و هەڵپەساردن، هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێک بە جارێک، هەردووکیان ڕاست نیین، چونکە بەواتای سەلماندنی مەحاڵبوونی پراکتیزەکردنی بۆ خود دێت.

نەتەوەبوونی دیموکراتیانەی کورد لە کۆنفیدڕاڵیزمی دیموکراتیدا وەکو کۆڵەکەکانی یەکێتی ناوچەکە بەردەوام جێگای بایەخ دەبێت. فەراهەمکردنی یەکێتی نێوان کوردان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە

تەواوی پارچەکان ئەو کێشە سەرەکیانەن کە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی کوردان لە ئەستۆی گرتووە. بە ئەندازەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی نێوان پارچەکان، ئاواکردنی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی هاوبەشی گەلانی ناوچەکە لە هەر وڵاتێکدا لە ئەرکە سەرەکیەکانمانە.

لەراستیدا میللیگەرایی یەکێتی نێوان کوردان و ژیانێکی ئاشتیانە لەگەڵ دراوسێکانی بەدی ناهێنێت. لە ئەزموونەکانی دیکەی دەوڵەتی ـ نەتەوەیی ئەم راستینە بە پێی پێویست ئاشکرا بووە. ئێستاکە هیچ نەتەوەیەک نییە کە دەوڵەت وەکو قورسایی نەبینێ و لەگەڵ دەوڵەتەکەی لەناو قەیراندا نەبێ. هەروەها ئەمەش ئاشکرا بووە کە سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەی دەوڵەت کێشەی نەتەوەیی چارەسەر ناکات، کۆمەک بە دیموکراتیزەبوونیشی ناکات. سەرباری ئەزموونی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی کۆمارگەرا نەتەوەبوونی تورکیا هێشتا کێشەی جددی دیموکراتیزەبوون بە خۆیەوە دەبینێ. بە شێوەیەکی گشتیش باس لە بنبەستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرێ و گفتوگۆی لە بارەوە پێشدەخرێ. لە کاتێکدا جیهان لە قۆناخێکی بەسەرچوونی سیستەمی سیاسی ئابووری خۆیدا دەژی هەروەکو بڵێی ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوانە لە ئارادا نەبوون، کۆمەڵگاکانی دیکە بۆ نموونە کوردان تازە بە تازە هەنگاونانیان بۆ ئەم بنبەستبوونە کێشەیەکی مێژوویی دەخولقێنێ.

میللیگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی بە هەموو ئەزموون و شێوە تاقیکراوەکانیەوە لە کۆتاییەکەی بەواتا هەرە فراوانەکەی چین، سنووردارەکەشی لە دەوروبەری ئۆلیگارشی ناوەندیبوونی دەسەڵات دەسەپێنێ. ئەوەش جگە لە رەنگدانەوەی رووخسارێکی ساختە و دروستکراو، ئەو راستیە نیشاندەدات کە نەتەوە هیچ کاتێک بە ئایدیۆلۆژیایی میللیگەرایی بەرەو یەکێتی ناچێت. کوردان کە لەرێگای ناکۆکی خێڵایەتی، دەرەبەگایەتی، مەزهەبگەرایی، چینایەتی هەوڵی پارچە کردنیان دەدرێ، هەروەکو شیمانە دەکرێ ناتوانرێ لە میانەی چەتری دەوڵەتی نوێی میللیگەرایی کۆبکرێتەوە. جگە لە ئارامی کاتی ئاواکردنی یەکێتی لە چوارچێوەی تەوەرەی چینایەتی و

بەرژەوەندیخوازی پارچەبوونێک لەگەڵ خۆی دێنێ کە دەگاتە ئاستی توندوتیژی. مێژووی ئەوروپاو تورکیا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم راستیەن.

پەسەندکردنی هەبوونی کوردان لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ و ئەوروپاوە لە میانەی قۆناخێکەوە بەدیهات کە تەواوی مێژووی کۆماری گرتەوە و بەتایبەتیش ئەم سی ساڵەی دوایی بووە هۆی ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ هەردوو لایەن. ئەگەر سوود و زیانەکانی دەوڵەتی کوردی بخەینە لایەکەوە، هەروەکو چۆن یەکێتی ئازادو دیموکراتیانە پێشنەخرێ پەسەند ناکرێ و ئاستەمە، لەوانەیە مەحاڵیش بێ. ئەوەتا پێویستی بەقۆناخێکی درێژخایەنی خوێناوی دەبێت. ئەمڕۆکە شوێنگەی ئەمریکا لەنێو سیستەمی جیهان و هەبوونی لە ناوچەدا ئارامیەک دەخولقێنێ، بەڵام بەردەوامبوونی جێگای گومانە.

ئەو هۆکارو بیانوانەی دەتوانرێ زیاتری ریز بکرێ بەهای چارەسەری کۆنفیدرالیزم زیاتر دەکات. کوردانیش لە پێناو بوون بە دەوڵەت (ئاواکردنی دەوڵەت) جەنگان، دەتوانرێ بەردەوامیش بێ، دەشێ هەندێ ئەنجامیش بەدەست بهێنێ، بە پێکهاتەی سیستەمی دیاریکراو و توانایەکی ئابووریش بگات. دەشێ لە پێکهاتەی چینایەتی زاڵدا هەندێ پەرەسەندن بە دەست بهێنێ. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە تێکچوونی لە دەسکەوتەکانی زیاترە، ئیتر پێویستە کوردان بڕیار بدەن کە وزەو توانستەکانی خۆیان دەخەنە خزمەتی ئاواکردنی دیموکراتیزەبوونی تەواوی نەتەوە نەک دەوڵەت کە هەرە دوایی هەژموونی باڵادەستی گروپێکی بەڕێوەبەرایەتی فەراهەم دەکات. دیموکراسی ناوەندیبوونێکی یەکڕەنگی لەناو نەتەوەدا ناسەپێنێ. بەڵام لە میانەی رێکخستەبوونی تەواوی کۆمەڵگاو پەیوەندیبەستنیان نەتەوەیەکی بە هێز دەخولقێنێ. لە جیاتی بەیەکەوە ژیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە لەسەر راستە رێی بەرژەوەندی ناوەندیەکانی دەوڵەت، لە چوار دەورەی بەها سەرەکیەکان و نەتەوەکان و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ناو نەتەوەیەک کۆدەکاتەوە.

## کوردان پێویستیان بە چییە؟

پارچەکانی کوردستان کە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیک پێکدەهێنن پێویستە رێکخستنی ئابووری، جڤاکی، کولتووری، تەنانەت سیاسی خۆیان ئاوا بکەن. کوردان لە هەربەشێکی کوردستان تێکۆشانی خۆیان کرد. لە ئاستێکی بەرچاویش پەیوەندی و هاوکاری نێوان پارچەکان پێشکەوت. بەڵام لە تەواوی پارچەکان ناتەواوی و لاوازی پێشخستن و قوولکردنەوەی ئەو رێکخستنانە هەیە کە نەتەوەبوونی دیموکراتیانەی پێ دەڵێن. تاوەکو ئێستا لە پارچەکان راوەستەیەکی دیموکراتیانەی بەهێزو بەئیرادە پێشنەکەوتووە کە ئەوەش بەسەر هێزە ـ ستەمکار و نکۆڵی کارەکاندا بسەپێنێ. لێگەڕینەکانی دەوڵەتگەرایی کوردان، لە پێش ئەمەدا بوونە کۆسپ، لێگەڕینێکی خولقکارانەی وەهایان پێشنەخست کە رەوشی پارچەبوونیان تێپەڕ بکات. ئەمڕۆ زەمینەی ئەوەیان بە دەستهێناوە. ئەو فیدراسیۆنەی لە باشووری کوردستان پێشدەکەوێ دەشێ پێکهاتەیەک بێ کە پەیوەندی لەگەڵ کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیانەی نێوان پارچەکان پێشبخات. گەورەترین و بەرچاوترین لایەنی لاوازی ئەوەیە: بەئەندازەی پشت بەستنی بەدەرەوە، ناوەڕۆکەکەیەتی کە دیموکراسیەکەی کەمە و دەسەڵات بەهێزە. بەڵام بۆ بەلاوەنانی ئەم لاوازیە، پێویستە لە میانەی تێکۆشانی دیموکراتیانە ناوەڕۆکی ئەم فیدراسیۆنە لە چوارچێوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیدا پڕ بکرێتەوە.

هەروەکو دەبینرێ بە هزر ـ زهنیەتی نەتەوەیی دەوڵەتگەرایی کێشەکان چارەسەر نابێ. هەر کەسەو دەستی لە قوڕگی ئەویتر ناوە، چونکە گروپە بەرژەوەندی پەرستەکان هیچ کاتێک بەرژەوەندیەکانیان بەیەکەوە کۆناکەنەوە و هاوبەشێتی تێدا ناکەن. هەرچی کۆمەڵگایە یان ئەوەتا ئەو رێکخستنانەی بۆ ئاوا ناکرێ کە کۆیان دەکاتەوە یاخود ناتوانێ زاڵی بکات. مۆدێلی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیانەی نێوان جڤاتەکان و نێوان گەلان، راسترین و تەندروسترین مۆدێلە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلان، کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە. لە قۆناخی داهاتوودا

له چواردەورەی ئەم مۆدێلەدا گەڕان بە دوای چارەسەرکردنی کێشەکان خێرا دەبێت.
ئێستا کاتی بەرگریکردن لە رێگە چارەکانمان و بڵاوکردنەوەیانە، پێویستە پەرش و بڵاوی فکرو پراکتیزەنەکردن تێپەڕ بکەین.